منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ڕۆژهەڵات

101
پاییزی
2024

بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیریە و هەر ژمارەی تایبەتە بە داهێنەرێک



محەمەد عومەر عوسمان

ژەنەڕاڵی پاییز

ڕۆڤار

ژمارە ١٠١
پاییزی ٢٠٢٤

ڕۆڤار، بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیریە
هەر ژمارەی تایبەتە بەداهێنەرێکی کورد
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
سێ مانگ جارێك دەردەکات

سەرنووسەر
ڕەووف بێگەرد

بەڕێوەبەری نووسین
بەختیار حەمەسوور

گرافیك دیزاین
ئارام عەلی

تیراژ: ١٠٠٠

نرخ: ٢٥٠٠

ناونیشان
سلێمانی- شارێی سالم
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

www.sardem.org

چاپخانەی
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

سەرۆکی فەخری

شێرکۆ بێکەس

سەرۆکی دەزگا

ئازاد بەرزنجی

پێرست

حەمە عومەر عوسمان؛ تەزووبەکی بە نازار و چێژێکی ناسوودە ..... ڕەووف بێگەرد.....۵

تابلۆدروستکردن بە قەڵەمی شریخە.....شێرکۆ بێکەس.....٦

ژیاننامەی محەمەد عومەر عوسمان.....۸

گەشتێ بەناو لە غوربەتا.....نازاد عەبدولواحید.....۱۰

بیاوێک وەک شێعرەکانی ژیا.....مەریوان وریا قانع.....۳۲

محەمەد عومەر عوسمان، پێداگری لەسەر غوربەت.....بەختیار عەلی.....٤۰

تێشکەشێعرێکی کۆچەری.....نازاد بەرزنجی.....٤۳

هەڵی ماڵئاواییکردنم لە ژەنەرالی پایێز نەبوو.....کەژاڵ نەحمەد.....٤۸

لە غوربەتا؛ ورتەورتی پێشوەختە، بۆ فیگۆری داهاتوو.....ڕەزا عەلیپوور.....۵۲

محەمەد عومەر عوسمان؛ شاعیرێکی کەمنووس و پوختنووس.....تەیب جەبار.....۵٦

گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد عومەر عوسمان..... ڕۆژهار.....٦۰

محەمەد عومەر عوسمان و مەنفایوونی ڕۆحی.....هیوا عەلی ڕەشید.....٦٦

نەزموون و ڕەهەندەکانی شیعری محەمەد عومەر.....هەریم عوسمان.....۷۰

حەمە عومەر عوسمان؛ نایکۆنی پایێز و خەمباریی.....هیوا قادر.....۷۵

هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی محەمەد عومەر عوسمان.....۷۸

خۆکوشتن، پرۆژەیەکی دواخراو.....حسێن لەتیف.....۸۲

بیاوێک لە هەور.....داستان بەرزان.....۸۸

محەمەد عومەر عوسمان لە فەرهەنگی جیاوازیدا.....خەسرەو میراودەلی.....۹۳

سەبارەت بە ژەنەرالی پایێز.....بەرزان هەستیار.....۹۷

وێنەیەک بە پێتووس.....لەتیف هەڵمەت.....۱۰۰

جارجار هەورەکان دەبنە پەنجەرە (کورتەچیرۆکێکی.....بەختیار حەمەسوور.....۱۰۲

نانا بیللی شیعری: نیدگار نالان بۆ.....و: محەمەد عومەر عوسمان.....۱۰۵

چەند وشەیەک لە سەفەرەکەی چێواردا (پەخشان).....محەمەد عومەر عوسمان.....۱۰۷

نامەیەک لە «کاروان عوسمان»ی هونەرمەندەوە بۆ «محەمەد عومەر عوسمان»ی شاعیر.....۱۰۹

چەند وێنەیەک.....۱۱۱

ژمارەکانی پێشووی ڕۆژهار.....۱۱۸

محەمەد عومەر عوسمان

ژەنەڕاڵی پایيز

سەروتار

هەمە عومەر عوسمان؛ تەزوویەکی بە ئازار و چێژێکی ئاسوودە

ڕەووف بێگەرد

نووسین لەسەر هەر کەسێک و لە هەر بوارێکدا بێت، چەند بتەوێ دەرگا داخراوەکان لەسەر تەواوی ژیانی ئەو کەسە بکەیتەوە، هێشتا هەر بەربەستێک هەیە لە دڵەڕاوکێت ناخات و هەست بە سەختی و دژواریی ڕێگەکە دەکەیت، چونکە بتەوێت یان نا، تۆ لە بەردەم کەسێکدایت کە بۆخۆی مەسەلەیەکە و ڕێگەکەش تووناوتوونێکە دەیان لاڕێ و تاریکایی و هەوراز و نشێوی تێدەکەوێت. لەمپەرەکانیش هێندە بە گومان و پرسیار هەڵگرن، سامی وەستان و پێچوپەناکردنت بۆ ناهێڵنەوە و هەندێکیان هەر بە لۆکی دەمێننەوە.

هەمە عومەر، کەسایەتییەکە ناتوانیت لەم هاوکێشەیە بەدەر بێت و هەر ئاوا سادە لاترسکەی لێ ببەستیت. ئەم شاعیرە، یان ئەم ژەنەڕاڵی پایبزە، ڕاستگۆ بوو لەگەڵ خۆیدا، بەهرەی خۆشاردنەوەی زۆر لەوە کەمتر بوو تۆ نەتوانیت پەی بە زۆر لایەنی نەبەیت. کەسایەتییەکی بێ پێچوپەنا و بڕوای بە هەرچییەک بووبێت، بەبێ سڵکردنەوە کۆی لە هیچ نەکردووەتەوە و ڕاستوڕەوان گوتوویەتی، یان کردوویەتی. گەلێک جار هەڵوێست و بڕیارەکانی لەگەڵ دابونەریتە باوەکان، یان ژیانی ئاسایی شەقامدا نەگونجاوە، دەشێت نەیارەکانی سەرکۆنەیان کردبێت، یان بەر دنەدانێکی ناتەندروست کەوتبێت، بەڵام ئەو هەر سەرکێش بووە، ڕێزی لە غوربەتە پیرۆزەکەی خۆی گرتووە و تەفرەی نەخواردووە. هەمە، وەک من ناسیومە، ئەو منداڵە سادەیە بوو لە خەوێشدا دەگریا و هاواری دەکرد، بۆیە وەک ئەنجام لە نێوان خەو و بێداریدا وازی لە هەردووکیان هێنا و ڕووی لە کۆچێکی بێکۆتایی کرد، بەوە ڕاستگۆیی ژیانە سەیرەکەی خۆی بۆ هەموان سەلماند. دنیا تاریکەکەشی بە دیوانی "لە غوربەتا" ئاوەدان و ڕووناک کردەوە. ئەمەش هەڵوێستی ڕاستەقینەی ئەو کەسە دەگمەنانەیە دەتوانن تەبایەک لە نێوان ڕۆح و ئەقڵیاندا بگونجێنن و وەک ئەنجام لە غوربەتێکی هەتاهەتاییدا بە نەمریی بمێننەوە. ئەو تاقە دیوانێکی شیعریی هەیە وەک یەک ژیان و مەرگێک، ژیان و مەرگێکی نائاسایی تەواو وەک ئەو تاقە دیوانەی فەرهەنگی وشەی: (غوربەت و پایز و زریان و تەنیایی و گەلای وەریو و تابووت و ژووری سارد و خۆکوشتن و خوێن و مردن و گریان و گۆڕستان و وێرانە) چی تری تیا نابینیت. هەمە عومەر لە ژیان و شیعردا زیاتر لە "ڕامبۆ" و "لۆرکا"وە نزیکە تا ئەو شاعیرانەی بالای کورسییەکانیان لە بالای خۆیان بەرزترە. ئەو هەرگیز نکوڵی لەو قەدەرە ناکات کە بەبێ ئیرادەی خۆی وابەستەی بووە، بەڵام بۆی هەیە وەڵامێکی وا بداتەوە سامەکەی بە ئەندازەی بالا بەرزەکەی خۆی هەڵکشاو بێت، ئەو مەرگ هەڵدەبژێرێت کە سامناکترین بژاردە و دۆستی دەگمەنی هەیە. ئەوەی هەرگیز ڕێی ئەوانەی تێ ناکەوێت کە زوو شەکەت دەبن و زۆر زووش بەلادا دێن. سڵاو لەو مەرگە نموونەییەی کە ژەنەڕاڵەکانی پایز هەڵیدەبژێرن.

تابلۆدروستکردن بە قەڵەمی شریخە



محەمەد عومەر عوسمان

ژەنەرالی پایز

لە غوربەتا

شێرکۆ بێکەس

کێک لەو دیوانە دەمبەگۆل و چاوغەمگین و بالابەرزانەی
. سالانی هەشتاکاندا سەرنجیان بە دڵەوە کەمەندکێش
ردم، "لە غوربەتا"ی محەمەد عومەر عوسمان بوو.
وانیی ئەو دیوانە تایبەت بوو، وەک جوانیی ئەستێرەیەکی
ەش لەناو چەندین ئەستێرەی تردا، جوانییەکی سیحراوی.
ڕمانسییەتێکی نوێ وەک ئەوەی هەوێنی (مەولەوی و
زران و هەردی)ت ئاوێتەی یەک کردبێ و شتێکی تازە
جیاوازت دۆزیبێتەوە. یان وەک ئەوەی لەناو سروشت
ۆیدا هەندێ جار لەپڕ دەکەوی بەسەر دیمەنێکدا کە ئیتر
اتدەگرێ و ناتوانیت بەجێی بێڵیت تا تێرببینیت نەکات.
زەیەکی لەبەرچاوی وێنەگەرایی، پاکژییەکی منداڵانە،
بڵۆدروستکردن بە قەڵەمی شریخە، یان بە خەزانی
ییز، یان بەو ڕەنگانەی کە نەبینراون. دوورکەوتنەوە لە
رمەگرمی زمان، نزیکبوونەوە لە دەنگە نهێنی و چڕپەکانی
و سروشت خۆی.

م دیوانەدا شاعیر وەک خەونەکان لەسەر گەلای وەریو
ووسێتەوە، یان شیعر بکات بە باڕیزەیەک، یان وشە بکات
، پەپوولە، ڕستە بکات بە ئاوی ژێر زەوی، بەو جۆرە
گەل خەیاڵ و زماندا بە هێمنی و بە کاوەخۆ ڕێ دەکات.
وەتا دوای چەندین ساڵ هێشتا دیوانی (لە غوربەتا)ی
م شاعیرە پاییزییە وەک پاییزی باخچەکانی شار، یان
ەردەی خۆرنشینی ئەو کەژانە، یان کۆچی بەرەوژوور و
ڕەوخواری باڵندەکان، یاخود وەک وشەی جوان خۆی،
ژن نابێت و لەبەرچاومان ناکەوێت.

•••

یوانی "لە غوربەتا"ی شاعیر محەمەد عومەر عوسمان
کێکە لە جوانترین پەنجەڕەکامی شیعری تازەی کوردی
هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا. لەم دیوانەدا زمان لە
زمێکی قوڵ و ڕوونی پڕشنگدار دەچێ، خەیاڵ لەوپەڕی
ەفافیەتی خۆیدا بۆ ئاستێکی بڵندی ڕۆمانسیانەی نوێ
ەڵکشاوە. دیوانێکی پاییزەی ئەو غوربەتەیە کە شاعیر
گەل هەموو وشەیەکیدا جارێک دەوەرێ و جارێکی تر
ڕوێتەوە. ئەم غوربەتە نامۆیی دوورەوڵاتی نییە، بەڵکو
مۆبوونە لە وڵات خۆی و لە ناوەوەی شاعیر خۆیدا.
ربەتێک کە سۆز و ڕاستگۆیی و خەمێکی ئێجگار
اویدانی تێدا دەدرەوشێتەوە و وەک ئەوەی شاعیر
قەسیدەکانی بە گڕەی، یان هەناسەی ساردی خۆی
نووسیبێ. لەم دیوانەدا شاعیرێک دەبینین کە لە هاوڕێ
شاعیرەکانی ئەو سەردەمەی خۆی ناچێ، وڵاتێکی تری
شیعری بۆ خۆی دۆزیوەتەوە، دیارە هەر ئەم جیاوازییەش
بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم دیوانە سەرنجمان بەلای خۆیدا
ڕابکێشێ و لە کاتی خۆیدا چەند جارێک ئەم شیعرانەم
بە شەوق و تاسەوە خوێندووەتەوە. شیعری جوان لامان
دەمێنێتەوە، وەک چۆن یادگارە هەرە شیرینەکان و تاڵەکان
لەبیر ناچنەوە. ئەمەش یەکێکە لە نهێنییەکانی شیعر و
ئەو کاریگەرییەی هەست و نەستمان ئاوێتەی دیوانێکی
وا دەکات. شیعرەکانی شیعری پاییزەن و لە ئێوارانی
پڕئەفسوونی سروشت دەچن، وەختێ تەنیایی و غوربەتی
شاعیری تێدا دەفڕن. دەنگی زوولاڵ، دەنگی تۆپ و
ڕاچیمەکانی ئەو سەردەمە نییە، بەڵکو دەنگی درەختێک، یان
نووزەی پەلکەگیایەک، یان شەقەی باڵی مەلێکی پاییزەن. بە
کورتی دیوانی "لە غوربەتا"ی شاعیر محەمەد عومەر
عوسمان لە هەوێنەکانی شیعرن، لە دریژدادڕی و
قڵی دەستکرد و یاریکردنێکی هەڕەمەکیانە بە
وشەوە، دوورە. مۆسیقای شیعر باڵی هەڵفڕینی
شیعرەکانن، ڕەنگە شیعری "ژەنەڕاڵی پاییز"
ژەنەڕاڵی هەموو دیوانەکەش بێ و نموونەیەکی
لەبەرچاو بێت بۆ قسەکانم.

*لە چاپی دووەم و پێنجەمی دیوانی "لە غوربەتا"وە.

ژیاننامەی
محەمەد عومەر عوسمان



سالی ۱۹۵۷ له گەڕەکی دەرگەزێن، له شاری سلێمانی هەرایک بووە. خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە. له منداڵییەوە خولیای نووسین و خوێندنەوەی کتێب و گۆڤارە ئەدەبییەکان بووە. سەرەتا بە وێنەکێشان و تێکەڵکردنی ڕەنگەکان دەستی پێ کردووە، دواتر چیرۆکی نووسیوە، لەپاش سالی ۱۹۷۵ دەستی بە نووسین و بڵاوکردنەوەی شیعر کردووە. لە ساڵانی هەشتادا، لە ڕۆژنامەی "هاوکاری" وەک نووسەر و ڕۆژنامەنووس کاری کردووە. ماوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتیی "ادارة محلی" فەرمانبەر بووە. ساڵی ۱۹۹۱ لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری سەرژمێریکردن و سەرپەرشتی گەڕانەوەی گوندنشینەکانی کردووە. هەر لەو ساڵەدا لە کۆنگرەی ڕاپەڕین - شەقلاوە بووەتە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد. بەشداریی دامەزراندنی چەندین ناوەندی ئەدەبیی و هونەریی کردووە. ساڵی ۱۹۹۳ وەک ڕۆژنامەنووس لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بە گرێبەست دامەزراوە. ساڵی ۱۹۹۵ لە ڕێکخراوی "فاو" وەک سەرپەرشتیاری پڕۆژەی سەوزکردنی شاری سلێمانی و نەمامچاندن کاری کردووە. ساڵی ۱۹۸۵ تاقانە دیوانەکەی "لە غوربەتا" چاپ کردووە، ئەم دیوانە تاکو ئێستا پێنج جار چاپ کراوەتەوە و بە سەدان نوسخەی بە شێوەی نایاسایی (لەبەرگرتنەوە - ئیستنساخ) لێ فرۆشراوە، ساڵی ۲۰۱۳ لەلایەن "عوسمان محەمەد" خراوەتە سەر ڕێنووسی لاتینی - کورمانجی و لە تورکیا چاپکراوە. تا ئێستا دوو نامەی ماستەر لەسەر شیعرەکانی وەرگیراوە و لە چوار نامەی دکتۆراشدا شیعرەکانی وەک سەرچاوەی سەرەکی بەکار هاتوون. بەشێک لە شیعرەکانی بۆ: عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی، ئیسپانی، هۆڵندی، سویدی و فەرەنسی وەرگێڕاون. "ژەنەرالی پاییز"ی وەک نازناو بۆخۆی هەڵبژاردووە. هەندێک لە شیعرەکانی ئاوازیان بۆ دانراوە و لە لایەن هونەرمەندان: عەدنان کەریم، کەمال محەمەد، ئالا عومەر، شێرکۆ تالیب، سۆزان نامۆ و... کراون بە گۆرانی. ساڵی ۲۰۱۱ دەچێتە وڵاتی سوید و نزیکەی دوو ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە. لەگەڵ گەڕانەوەیدا، لە پاییزدا، لە پارکی ئازادی لە شاری سلێمانی، لە کۆبوونەوەیەکی ئەدەبی و بە نامادەبوونی خۆی، پەردە لەسەر پەیکەری ژەنەرالی پاییز لا دەبرێت کە لەلایەن هونەرمەندی پەیکەرتاش "بەختیار هەڵەبجەیی"وە دروستکراوە. لە ئێوارەی ۲۰۱۹/۱۰/۲۲ لە ماڵەکەی خۆیدا، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

گەشتێ بەناو جیهانی لە غوربەتا

ئازاد عەبدولواحید*



ه غوربەتا)(1) کۆشیعرێکی (محەمەد عومەر عوسمان)ە، یتییە لە (15) پارچەشیعر و کۆمەڵەچوارینێک کە (85) پەڕەی قەوارە بچووکی گرتووە. ئەم بەرهەمە نوێیەرەیە ینەری دەنگی شاعیرێکی لاوە کە بەهۆیەوە سەرەتایەکی یعریی تۆکمە بۆ خۆی دادەمەزرێنی، بۆیە وەک لاوێکی اوەنی ئەو سەرەتا پتەوە، دەستگرتنی بە پێویست دەزانم، کاتێکدا خەریکە شیعری چاک لە هاوڕێی بەوەفا کەمتر رچاو دەکەوێ.

پێشەوە پێویستە ئەوە بڵێم کە لە شاری سلێمانیدا محەمەد ومەر عوسمان یەکێکە لەو شاعیرە لاوە دانسقانەی بەڵای ەوە پێویستە ڕەخنەی ئەمڕۆمان بیخاتە ژێر نیگای ۆیەوە و ئاوڕی لێ بداتەوە، چونکە ئەو شاعیرە یەکێکە وانەی بەو بەرهەمەی هەوڵی داوە بچێتە ناو بازنەی ەوڵدانی جیددی)یەوە بۆ نزیک بوونەوە لە نووسینی ۆرە شیعرێک ڕەنگ و سیمای خۆی پێوە دیاربێت، لەم ەوڵدانەشیدا چەند سەرکەوتووە، یان سەرنەکەوتووە، ەنگ نییە، گرنگ ئەوەیە دەیەوێ ڕێگەی تایبەتی بگرێتە ر بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندێتیی دەنگی خۆی، تاکو ناو ژاوەژاوی شیعرنووسەکان جیا ببێتەوە کە هەموو ەنوقوزبنێکی دنیای شیعری ئەمڕۆی کوردیان تەنیوە و ناو ئەو چەڕەدووکەڵەی لەناو شیعری ئەمڕۆی کوردیدا ڕەپابووە.

م شاعیرە بەهۆی ئەو بەرهەمەوە دەیەوێ ئادگاری یعری خۆی هەبێ، لەبەر ئەوە سەرەتای ئەو موغامەرەیەی فەزای شیعری کوردیدا دەیکات، پێم وا نییە بەرەو ڵانێکی دەرنەچووی ببات، بۆیە من بەختیارم کە ئەو یعرانە دەخوێنمەوە، بەختیاریی ئەوەی خونچەیەکی یعر خەریکی پشکوتنە و دەیەوێ بۆنوبەرامەی خۆی بێ، بەڵام لە بۆنوبەرامەی ئەو گوڵ و خونچانە نەچێت پێشتر هەبوون، لەم ڕوژانەشدا زۆر کەم ڕێ دەکەوێ اعیرێک ببینین بەدوای دۆزینەوەی دەنگ و ڕەنگ و بمای شیعری خۆیدا بگەڕێ، ئەمەش وەنەبێ مەسەلەیەک ت و بەتەنیا شاعیرانی ئەم وەچەیەی گرتبێتەوە، بەڵکو هەموو دنیادا هەر وا بووە، سەردەمێک ژمارەیەکی ر و بە لێشاو شاعیری تێدا پەیدا بووە، بەڵام زەمانە بێژنگی داون و کەمێکیان لێ ماوەتەوە. زۆرجاریش خوێنەرە ڕاستەقینە و دڵسۆزەکانی شیعر کە دەبینن شیعر تووشی قەیران و تەنگوچەڵەمە بووە، دەگەڕێنەوە سەر خوێندنەوەی دیوانی شاعیرە گەورەکانی ڕابوردوویان و شیعرە جوانەکانی سااڵنی زوو دەخوێنەوە، تاکوو تێنوێتی ڕۆحیی خۆیانی پێ بشکێنن.

ئەم شاعیرە لە کاتێکدا ئەم کۆشیعرەی دەخاتە بەردەستی خوێنەرانی شیعری نوێ کە خەریکە پەتی زۆر دەنگی سااڵنی حەفتا بەرەو پچڕان دەڕوات، یان باشتر وایە بڵێم: زۆر دەنگ کە لەسەر گۆڕەپانی شیعریی چااڵکانە دەجوواڵنەوە و بەخششی داهێنەرانەیان هەبوو، یان بە مەبەستی تۆخکردنەوەی سیمایەکانی شیعری نوێی کوردی کاریان دەکرد، ئەمڕۆکە ئەو دەنگانە هێزی هاوارکردنیان نەماوە و خەریکە دەبن بە نووزەی شیعری، یان ئەو ئامادەبوونە شیعرییەیان لە گۆڕەپانی شیعری ئەمڕۆدا نییە. لەمڕۆکەشدا ناکرێت شیعری کوردی هەر چاوی لە دەستی ئەو چەند شاعیرە بێت و دەرگاش بە ڕووی شاعیرە لاوەکان دابخات، کە دەکرێ چاکەکانیان ببینە هێزی نیزافی بۆ شیعری هاوچەرخی کوردیمان، چونکە هەندێ لەوانە هەنگاوی ڕاستودروست و چاکیان ناوە و بە پەرۆشەوە دەیانەوێ شتێکی بۆ بە شتێ بکەن، ئەمەش کارێکە هەتا بڵێی ڕەوایە- ئەگەر زۆر زۆر پێویست نەبێت - بەتایبەتیش لەم کاتەدا کە زۆر دەنگ گڕ بووە، زۆر تێڕوانین شێواوە، زۆر هەڵوێستیش دۆڕاوە. ئەمڕۆکە ئەو چەند شاعیرە هاتوون و هەوڵی ئەوە دەدەن بە چەکوشەکەی دەستی خۆیان ئەو کەشتیانە تێک بشکێنن کە لە بەندەرێکی دیاریکراودا، حەز بە وەستان دەکەن، چونکە دەیانەوێ کەشتیی شیعر لەوەستان نەکەوێ و بەردەوام درێژە بە سەفەرە بێدەنگەکەی بەرەو جیهانێکی نادیار و بێ سەروشوێن بدات، وەک (کەشتییە مەستەکەی) (2) ڕامبۆ بڕوات و بکەوێتە دۆزینەوەی جیهانی نوێتر و ناشناسا بە خوێنەران. لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکەمەوە کە من بۆچی ئەو شاعیرە بە موژدەبەخش دەزانم و لەبەر تیشکی کام بۆچوونەم، ڕوانینم بەرانبەر بەو شیعر، یان

بەو شاعیر دروست دەکەم.

لەپێش هەموو شتێکەوە کە شیعری هەر شاعیرێک دەخوێنمەوە دەمەوێ بزانم شاعیرەکە چەند هەوڵی داوە لەناو (نادیار)دا سەرکێشی و موغامەرە بکات، تاکوو ئەو (نادیارە) بۆ ئێمە بکات بەشتێکی بەرجەستەکراو و زانراو، کە پێشتر نەمانزانیوە و پەیمان پێ نەبردووە. (داهێنان)یش لە ساکارترین پێناسەیدا ئەو بەرهەمەیە کە لەمەوبەر پێی ناشناندبووین. لە شیعرەکانی ئەم شاعیرە لاوەشدا، ئەگەر بەشێوەیەکی سەرەتاییش بێت هەوڵی ئەو سەرکێشییە دراوە. بۆ نموونە (پاییز) کە وەرزێکە هەموومان پێی ناشناین، شاعیر چەندان وێنەی لەو (پاییز)ە خوڵقاندووە کە ئەو وێنانە بە ئێمە ناشنان و ناشناش نین. ناشنان، لەبەر ئەوەی کەرەستە و دیاردە سروشتییەکانی لە ژیاندا دیومانن، لەبەر دەستمان دان، کەچی نائاشنان بە ئێمە، چونکە نەمانتوانیوە بەو شێوەیە بیانبینین و بەیەکەوە کۆیان بکەینەوە. ئەو وێنانەی شاعیر بەتۆڕی وشەکانی گرتوونی و توانیوێەتی دنیای شیعریی خۆی پێ ئاوەدان بکاتەوە.

لایەنی دووەمیش (پرسیاری ڕووخێنەرانەیە)، کە هیچ شاعیرێک ناتوانێ شیعرێکی نوێ بنووسێ، ئەگەر خۆی لە کۆتوپێوەند و بازنەی شتە زانراوەکانی ڕابوردوو ڕزگار نەکردبێ و پرسیاری ڕووخێنەرانەی نەکردبێ، بۆیەش وەک پێشتر وتم شاعیر دەبێ هونەرمەندێکی چەکوش بە دەست بێت تاکوو بتوانێت (بڕووخێنێ) و لەسەر داروپەردووی ڕووخاوەکە جیهانێکی نوێ (بنیاد بنێ)، واتە سەرلەنوێ و بەپێی تێڕوانینی جوان و هونەریانەی خۆی ئەو جیهانە دابڕێژێتەوە، دروستکردنی ئەو جیهانە پاکەش بەهۆی کاری خوڵقاندنی شیعرییەوە دێتە گۆڕێ و لەو خوڵقاندنەوە (پرسیارەکان) چاو هەڵدێنن، بەڵام پرسیارەکان سواو و ڕووکەش و کۆن نین، بۆیە شاعیری ئەو سەردەمە لەناو دەریایەک پرسیاردا مەلە دەکات و هەرگیز لە پرسیارکردن ناکەوێت، ئەویش وەک شاعیرێکی لاوی ئەو سەردەمە کە پێی ناوەتە جیهانی خوڵقاندنەوە لە پرسیارکردن دایەو پرسیارەکانی عەفوی و قوونن، زۆجار لە پرسیاری منداڵ نزیکە، ئەو پرسیارانە لە سەرەتای شیعرەکانییەوە دەست پێ دەکەن.

بەکوڵ گریا.. فرمێسکی ڕشت

ئەم دڵە پڕ لە پرسیارە ل3

یان دەڵێ:

کێ بێ پاییزی دڵی ئاوارەم

بنێتە کۆشی قرمزیی بەهار ل27

یان دەڵێ:

کەشتییەکی وێڵ لە دەریای تووشا

تۆ بڵێی ڕۆژێ بگاتە کەنار ل27

یان دەڵێ:

بۆ جارێ خوا نایەتە دەنگ؟!

بۆ جارێ خوا نابێ بە ڕەنگ؟! ل70

تەماشای ئەو پرسیارە گەورە و قوونڵە بکەن:

کە قابیل تەرمی هابیلی لە کۆڵا بوو

بۆ خوا قەڵەڕەشی بۆ نارد؟

تا فێری کا چۆن بیکا بەژێر خوڵەوە

چی ئەبوو گەر قابیل هەر تەرمی هابیلی بگرتایە بەکوڵەوە..؟! ل71

ئەگەر تا مردن (قابیل) تەرمی (هابیل)ی بەکوڵەوە بووایە، ئەوە لەپاش ڕووداننی ئەم یەکەم کوشتنە، کەس دەستی نەدەچووە خوێنی کەسەوە و بێکۆژێ! پرسیاری دێ زۆرن نامەوێ لەوە زیاتر درێژە بە نموونەهێنانەوە بدەم، مشتێ نموونەی خەروارێکە.

لایەنی سێیەمیش لە شاعیرایەتی مەسەلەی نێگەرانییە. بوونی نێگەرانی، لایەنێکی زۆر پێویستە بۆ هەموو شاعیرێکی چاک. هەر ئەو نێگەرانییەیە وا لە شاعیر دەکات قایل نەبێت بەوەی هەیە و تێیدا دەژیت، بۆیە بەردەوام بەدوای ئاسۆ فراوانەکاندا دەگەڕێ و زیاتر هەوڵ دەدات ژیان خۆشتر و شەنگتر بێ لەوەی هەیە، هەر ئەمەش شاعیرەکە لە حاڵەتی بڕواهێنان و یەقینەوە

،خاته حالەتی نیگەرانی و گومانکردن، ئەوسا شاعیرەکە گیرسیتەوە و ئۆقرەی لێ دەبڕێ، تا یەک تۆزقاڵ شیرینی و قیزەونی و چەوتی و چەوێڵی و چەوساندنەوە ەبێت، ئەم دەست لە خەباتی خۆی هەڵناگرێ. ئەگەر ،رکی شاعیر جوانکردنی ژیان نەبێت و ناشیرینی قاو ،دات چییە؟ هەر دوور نەڕۆین (بەدر شاکر ئەلسەیاب)ی ،اعیر چۆن دەتوانی ئەو جۆگەلە ناشیرین و ڕەزاگرانەی ە ناوی (بویب)ە و لە شیعرەکانیدا زۆر بەرچاو دەکەون، ،وەندە لەبەر چاوی خوێنەر شیرین و خۆشەویست کات کە خوێنەر ئەگەر جۆگەلەکە ببینێ کۆڵی ئافەرینی ،اعیریی و هونەرمەندایەتی (سەیاب) دەکات، تەنانەت ەو جۆگەلەیە زۆر کەم ئاویشی پێدا دەڕوات، ئەم سێ ێیەنە لەلای من ڕەگەزی گرنگ و هەوێنی شاعیرین، بۆیە ە بە شێوەی سەرەتاییش لە شاعیرێکدا بەدیم کردن، ە پێویستی دەزانم پەنجەی بۆ ڕابکێشم، چونکە دەزانم ورد پێویستی بەو جۆرە شاعیرانە هەیە و هەر ئەوانەشن خزمەتی شیعری کوردی دەکەن. ئەم شاعیرە لاوەش بەم ۆشیعرەی دەیەوێ ئەو سەرەتایە بۆ خۆی دابمەزرێنێ. ەم شیعرانە هاتووەتە نێو دنیای پان و بەرینی شیعرەوە، ە شیعر بەلای ئەوەوە لێزیادکردنی (جۆرە)، نەک (زۆر) و ەڵەکەکردنی (بۆر)، زۆر کەم دەنووسێ، ئەگەر شیعرەکانی ەم کۆمەڵەیە بەسەر ساڵەکانی تەمەنی شیعری دابەش بکەین دەبینین لە ساڵێکدا دوو شیعر کەمتری بەردەکەوێ، ەناو هاوڕێکانیدا جیاوازەو وەک ئاگام لێیە زۆر ئازاری خۆی دەدا تا شیعرێک دەنووسێ، شێتی شیعرەکەیە تا تەواو دەبێت و عەوداڵی هەموو وێنەیەکی نوێیە تا ەژێر پەنجەکانی بەڕوونی و بێگەردی دێنە دەرێ، بۆیە ێشتمانی شیعر پێشوازی لێ دەکات و کونجێکی دەداتێ ێی نیشتەجێ بێت بەوەی خاوەنەکەی ڕوانینی بۆ شیعر هونەرمەندانە و جوانە، بۆیە دەبێ لەمەولا پتر پەرە بە بەهرەی شاعیریی خۆی بدات و خاچی شیعر بکاتە کۆڵی و ناپاکی دەرهەق نەکات و فریشتەی شیعر لەخۆی نەتۆرێنێ، بەتایبەتی لە ئەمڕۆکەشدا کە شیعر بووەتە (مەسەلەیەک) و پێویستە ئیلتیزامی پێوە بکرێت، تاکو شاعیر لەو شیعرە نزیک بێتەوە کە خەونی نووسینی پێوە دەبینێ. بەڵێ ئەگەر دەیەوێ زیاتر و زیاتر پەی بە نهێنی شیعر ببات و زەفەر

بە گەورەییەکەی ببات، پێویستی بە هەوڵ و کۆششی بەردەوام و خوێندنەوە و تێڕامانە لە ئەزموونی شاعیرە گەورەکان، پێویستی بە مەشقکردن و تاقیکردنەوە و بێ فیزی هەیە، بەڵام بێ فیزییەکەی لەسەر حیسابی شیعر نەبێت.

ڕەنگە ئەو هەڵومەرجانە شتی زانراو بن، بەڵام وەک دەزانن جێبەجێکردنیان کارێکی دژوار و زەحمەتە، لەبەر ئەوە چاکتر وایە هەر شیعرێکی نوێ کە دەینووسێ، چاک لێی وردبێتەوە تا بزانێ وەک شاعیرێک چەند خۆی تێدا دەدۆزێتەوە و چەند ئاوات (طموحات)یان هێناوەتە دی، بەو پێودانگەی کە شاعیر (یەکەمین ڕەخنەگری خۆیەتی)، ئەگەر ڕۆشنبیری و هۆشمەندییەکەی لە ئاستی داهێنانەکەی بێ و درۆ لەگەڵ خۆی نەکات، لەپێش هەموو کەسێکەوە دەزانێ ئەوەی نووسیویەتی چەند دەملاسکەیە، یان چەند لێزیادکردن و تێپەڕاندن و نوێیە، یان ئەو شیعرە چەند و تا چ ڕادەیەک خزمەتی تاقیکردنەوە شیعرییەکەی دەکەن، یان تا چ ڕادەیەک مەبەستە جوانکارییەکانی شیعر دەهێنێتە دی. کارتێکردنی کێی بەسەرەوەیە، زمانەکەی چەند پاراو و ڕاساوە و چەند لە تەقاندنەوەی وشەکان بەڕووی یەکدا سەرکەوتووە، چەند بەهرە و کەسایەتی و هونەری شیعری لەخۆی ڕازی کردووە، یان چەند لەخۆی تۆراندووە، با هەوڵ بدات ئەو کۆشیعرە بکاتە پێوەر و پێوانە، شتێ لەوانە بەهێزتر نەبێ بڵاویان نەکاتەوە، ئەگینا ئەگەر لەوانە باشتر نەبوون، با بنووسێ و بیاندڕێنێ، تا ئەوکاتەی شتێک دەنووسێ لەوانەی نووسیونی تێدەپەڕێنێ، دەنا با لە نرخی ئەوانە کەم نەکاتەوە، پێموایە بێدەنگی باشترە، یان ڕووکردنە بوارێکی دیکەی داهێنان و دەربڕین. ئەم قسەیەم هەر بۆ ئەم شاعیرە نییە، بەڵکو بۆ ئەوانەشە کە دەیانەوێ لە گۆڕەپانی شیعری کوردیدا بە لێپرسینەوەوە بجوڵێنەوە و هەنگاو بنێن و لە پاشەڕۆژدا ببنە (دەنگ)، چونکە زۆریان تێدایە یەک دوو بەرهەمی جوان دەنووسن و دوای ئەوە دەکەونە غەمی (زۆر بڵاوکردنەوە)وە، بە

کورتی هەنگاونانی ئەو شاعیرە لاوانە پێویستی بە وتووریایی و حسابێکی ورد هەیە کە هەمیشە بە چاوی ڕەخنەگرێکی دڵڕەق تەماشای بەرهەمی خۆیان بکەن، تا هەر هیچ نەبێت شیعرە جوانەکانیان لە مێشکماندا بمێننەوە و بە شتی بێ بایەخ وێنەکەیان کاڵ نەکەنەوە و نەشێوێ.

مەسەلەی هەستکردن بە لێپرسینەوەی وشە، مەسەلەیەکە لەلای هەموو داهێنەرێکدا هەبووە و هەیە، شاعیر کە ناوی کەوتە ناو ناوان و بەرهەمی بڵاوکردەوە، دەبێ زیاتر لە پێشوو هەست بە لێپرسینەوەی وشە بکات، ئەوەتا (لۆرکا)ی شاعیر، (ناوبانگ) دەرکردنی لێ بووەتە سەرچاوەی غەم و پەژارە و پەستی، هەروەک (مرتی نادال) دەڵێ: (مانگ لە دوای مانگ جەماوەری کتێبی (سروودەکانی ڕووناکی) زۆر دەبن، لۆرکاش زیاتر هەست بە قورسایی بەرهەمەکەی، لەسەر شانی دەکات، لەبەر ئەمەو لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی دی شاعیر ماوەیەک بە بێدەنگی مایەوە، کە لە ژیانیدا تەنیا بێدەنگییەک بوو. غەمبار و گۆشەگیر بووبوو، باسی پرۆژەکانی خۆی نەدەکرد، لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە وازی لە شیعر خوێندنەوە هێنا، ڕەنگە هۆی ئەوەش ئەو هەستەی لۆرکا بێت کە ناوبانگ پەیداکردن زۆرجار بەهرە پیس دەکات، بەتایبەتیش ئەگەر بە ڕێگا ئاسانەکانەوە هاتە دەست، لێرەوە کەوتە بەخۆداچوونەوەی خۆی و وای بە باش زانی کە هەرچۆنێک بێت لە ناوبانگ ڕابکات، لە ئیسپانیاش هەڵێ (ڕابکات)...)(3). پێویستە (ئەم شاعیرەش) هێلکەی بەهرەی خۆی پیس نەکات و شیعرەکانی بە بۆرەشیعر و قسەی زۆر نەپووکێنێتەوە.

من نەک هەر بڕوام بەوە هەیە نەوەیەک لەگەڵ نەوەیەکی دیکەدا جیاوازن، بەڵکو بڕوام بەوەش هەیە هەموو شیعرێکی نوێ کە شاعیر دەینووسێ لەگەڵ شیعرێکی پێشتری جیاوازە. شیعری ئەمڕۆکەش شێوەیەکی مەنگ و وەستاوی نییە، ئەوەندەی چۆلەکەیەکی لاسارە و دڵێکە لە لێدان ناکەوێ و هەردەم لە جووڵانەوەدایە و خۆی تازە دەکاتەوە و تۆزاڵی کۆنی خۆی فڕێ دەدات. بەختەوەریی داهێنەریش لەو کاتەوە دوایی پێ دێت کە بەرهەمەکەی دەداتە دەست خوێنەران، دوای ئەوە دەکەوێتە بەردەم لاپەڕەیەکی سپی و لێپرسینەوەیەکی گەورەتر بۆ دۆزینەوەیەکی نوێ، چونکە قەبارەی پرسیارەکانی لەلا زۆرتر و گەورەتر دەبن و لە سەرەتایەکی ترەوە دەست پێ دەکات، شاعیریش لەم سەردەمەدا لەناو جیهانێکی ئاپوورەی پڕ لە دژایەتی و گژایەتیدا دەژیت، ڕووداوەکانی دەوروپشتی لە هەستیدا دەمێننەوە، بۆیە هەر شاعیرێک ئیقاعی سەردەمەکەی خۆی دەگوێزێتەوە ناو شیعرەکانی.

* شاعیری پایز و گەلاڕێزان

لە شیعری (بروسکە)دا دەڵێ:

ئەزانی بۆ دنیای شیعرم.. هەر پاییزە- هەر زریانە؟!
من تەنیا پایز شک ئەبەم.. پایز بۆ من نیشتمانە
خۆم غوربەتم.. لێم مەپرسە: چیە غوربەت..؟(4)

ئەم شاعیرە لاوە بە کەرەستە و دەربڕینی خۆی (هەڵوێستی) خۆی بەرانبەر بە ژیان نیشان دەدات و لەسەرجەمی شیعرەکانیدا پێ لەسەر تێڕوانین و گۆشەنیگای خۆی دادەگرێ، پرسیار دەکات و بە ڕێگە و بۆچوونی خۆی هەوڵی وەڵامدانەوەی هەندێ پرسیار دەداتەوە، ئەم تێڕوانینەی بە هەڵچوونێکی ڕاستگۆیانەوە دەردەبڕێ. ئیلتیزامی هەرە گەورە و ڕاستەقینەی شاعیریش ڕاستگۆییە لەگەڵ خودی خۆی، دوور لە خودی خۆی باسی هیچ شتێ ناکات، هەر ئەو خودەشە دەبێتە تەواوکەری بابەت - مەوزووع و لەگەڵیدا تێکەڵ دەبێت، شاعیر کە توانی بە گەورەیی و بە ڕاستگۆیی گوزارشت لەخۆی بکات، زۆر چاکیش دەتوانێ ترپەی لێدانی دڵی سەردەمەکەشی بباتە ناو شیعرەکانییەوە.

(مەکسیم گۆرکی) لەم بارەیەوە نووسیویەتی: (بە پلەی یەکەم و بەر لە هەموو شتێک لەپێناوی خۆتدا بایەخ بە خۆت بدە، بەمەش زۆر شت لەپێناوی کەسانی تردا دروست دەکەی.)(5). خەزان و گەلاڕێزانی (پایز) مردن

. وروووژانی هەستی مردنە لەلای شاعیر، کە ئەو مردنەش
ەقیقەتێکی (ڕەها - موتڵەق)ە و نایەوێ بە بەختیارییەکی
ەهمی خۆی بخەڵەتێنی و لێی ڕابکات و بیشارێتەوە.
یانیش خۆی هەوری مردنە، چونکە هەموو (ژیانێک تۆوی
ردنی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە...)(6) چ هێزێک دەتوانی
ەو حەقیقە گەورەیەمان لەبیر ببات‌ەوە؟ لەو پرسیارەوە
ەزموونی شیعری ئەم شاعیرە دەست پێ دەکات.
ومریشم بەفری بەر هەتاوێکە-
ەر ئەبێ بە شوێن مردنا ڕاکا.. ل27
ان دەڵێ:
، پەنجەرەی پاییزێکی ئەبەدییەوە
ەڕوانمە دنیای تەم و
ێوێنی ڕژاوی گەڵاکان ل68
ان دەڵێ:
ەگەر بە تیشکی زەردەی مەرگی خۆم
ەهۆڵبەندانی شەو بتوێتەوە
ێگەرەی ئەبەدیی خەمی گەردوونم لە لێو بێتەوە ل25
ارەنووسی خۆشی بە (پاییز)ەوە دەبەستێتەوە، بۆیە
ۆی کردووە بە (تەمێک) لەگەڵ بەسەرچوونی پاییز
ەڕەوێتەوە.
ەمێکم لەناو کۆشی پاییزا ل48
ردن و بیری مردن بە جۆرێک گەمارۆی بیرکردنەوەیان
اوە بڵێت:
نیای ڕوانینم مردنە و تابووت ل34
ان بڵێت:
ەرگای مەرگ لە خۆم کەوتۆتە سەرپشت ل42
ردن لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو شیعرانەدا بوونەتە
ەعادل)ی مەوزووعی بۆ (پاییز و گەلارێزان)
ییزم زامە و هەمیشەییە
وخساری بەهار نایشارێتەوە
، قوولاییما.. گەلارێزانە
ریانی ناخم نابڕێتەوە ل48
ەنانەت لە (مردنیش)دا حەز دەکات گەلای پاییز بکرێ
ەکفنی.
ڕخوا گەر مردم.. گەلا کفنم بێ
ەمیشم پرکەن لە گەلای وەریو

تابووت و گۆڕم چڵی پاییز بێ و
تەرمم مەنێنە ناو خاکی تەزیو ل53
بەم شێوەیە دەبینین شیعرەکان بە گەلای زەرد و گڤەی
(با) و هەڵوەرین و دیارە سروشتییەکانی (پاییز)ەوە
بوونەتە (هاوکێشەیەک) بۆ مردن و ژیان و وەک خەونێک
لەو شیعرانەدا تۆماریان دەکات. (پاییز) بووەتە وەرزی
بەخشین بە شاعیر، بۆیە وەک بابەتێکی زیندوو لە زۆربەی
هەرە زۆری شیعرەکاندا دووبارە دەبنەوە و وێنەی
جۆراوجۆریان لێ بەدەست دەهێنن.
تاکەی پەناگام پاییزە و کزەی
شینێ لە دڵما کەف و کوڵیەتی
کێ لەبەر کۆستی منا خۆی دەگرێ؟!
دڵم بولبولە.. پاییز چڵیەتی ل47
من بە پێچەوانەی هەندێ کەسەوە، ڕام وایە کە ئەو شیعرانە
زۆر بە تووندوتۆڵی پێوەندییان بە جوولانەوەی واقیعەوە
هەیە، بەڵام پێوەندییەکی بێ ڕێووش و لە ناوەوەی
واقیعەوە ئەو جوولانەوەیەی گرتووە، مامەڵەی
لەگەڵ ڕوالەت و ڕووکەشی واقیع نەکردووە، بەڵام
شاعیرانە لەگەڵ کەرەستەکانی واقیع مامەڵەی
کردووە و جوولاوەتەوە، نەک ڕاستەوخۆیانە و
ڕاپۆرت ئامێزانە. بەهۆی کۆمەڵێک وێنەی ناسک
و نوێوە بەرەو کاتی (پاییز) ڕۆیشتووە، پاییزی
ئەو ڕووداو و کارەساتە جەرگبڕانەی تووشی
ئادەمزاد دەبنەوە، ئەم کارەساتانەش بوونەتە
وانەیەکی هەمیشەیی بۆ ئینسانی کورد و بەشێک
لە قەدەر و چارەنووسی، لەگەڵ ئەوەشەوە
شاعیر نەکەوتووەتە لاوانەوەی پاییزی ئێمە،
بەڵکو زوو زوو هاوار دەکات و ناڕەزایی
دەردەبڕێ، لە ڕێگایەکی تووشدا قیروسیا لە
مردنی خۆی دەکات، ئەگەر (گۆرانی) ببێتە
پەنجەرەیەک و لێیەوە بڕوانێت.
مردن گێژاوە.. بێ سەوڵە کەشتیم
ڕێشم گەرداوی چەقۆ و خەنجەرە
چش لە مردنم، لەم ڕێ تووشەدا
گەر گۆرانیی یەک بێ بە پەنجەرە ل46
ئاخر چۆن (پاییز) هەڵنەبژێرێ، کە واقیعەکە

خۆی هەڕەشەی لێ کراوە و بەرەو خاپوورببوون و وێرانەیی دەڕوات، لەگەڵ ئەوەشدا ئاگای لەوە هەیە بەردەوام پرسیاری هاندەر لەخۆی بکات.

ئێواران سەرم ئەبێتە سوتوو-
لە سا و سێبەری درەختی ئەشکا
درەختی گریەم... لق و چڵی ڕووت-
کێ چەند گوڵێکی خەندەی لێ بەشکا..؟ ل33
یان دەپرسێ:
کێ بێ پاییزی دڵی ئاوارەم-
بنێتە کۆشی قرمزیی بەهار؟! ل27

هەرچەندە ئەو پرسیارانە لە ئاسۆی تێڕوانینێکی پڕ بەستراوەوە دەکرێن، بەڵام لە دواییدا هەر دێتەوە سەر (ڕەتکردنەوە)، ڕەتکردنەوەی ئەو واقیعەی دەستەمۆ و مااڵیی کراوە و دەیەوێ ئەویش مااڵی و کەوی بکات، بۆیە حەز دەکات لە تەمەنە کورتەکەیدا ببێتە جەنگەڵی هاوار.

بەفری بەر هەتاو چییە جوانییەکەی-
گەر خوێن نەهێنێ لە دەستی گزنگ؟!
ئەگەر نەبێتە جەنگەڵی هاوار
کە توانەوە، عومری نایە چنگ- ل28

لە ڕۆژگارێکدا کە لەناو ڕووباری فرمێسکدا نقوم بووە و بەشوورەیی (مردن) دەورە دراوە، ئەم دەیەوێ بەدەنگی ویژدانی خۆی ئەم شێعرانە بە گوێچکەی خەڵکیدا بچرپێنێ، بەبێ ترس هەر شتەی بە ناوی خۆیەوە ناو ناوە، هەر شتەی لە خانەی خۆی داناوە، جەڵادی نەکردووە بە قوربانی و قوربانیشی نەکردووە بە جەڵاد، عەتر و گوڵاویشی بەسەر کارەساتەکاندا نەپژاندووە تاکو هەوڵی شاردنەوەیان بدات، بەڵکوو وەک شاهیدێک تۆماریانی کردووە و هەوێستی خۆی بەرانبەریان دەربڕیوە.

فرمێسکم سەرکا (تانجەرۆ)یەک بێ-
برژێتە گۆمی ویژدانتانەوە.. ل41

ئەو دەیەوێ بە (فرمێسک) ویژدانی خەڵکی بەئاگا بهێنێ، چونکە ئەوەی لە زمانی (فرمێسک) و (کوێرەوەری) تێنەگات، هەرگیز لەزمانی (خەندە) و (شادمانی) تێناگات، ئەو شاعیرەی خەبات بۆ نەهێشتنی (فرمێسک) و قەڵاچۆکردنی (کوێرەوەری) نەکات، تامی بەختیاری ناکات.

ئەوی بە ڕووتیی لە شەختە و زۆقما
لەگۆ نەکەوێ.. نەوەرێ پەنجەی
لەسەرما ناگاو.. گۆرانیی نااڵێ-
بۆ بڵێسە و گڕ.. بۆ لار و لەنجەی ل78

لە کاتێکدا کە خەریکە گومرگ دێتە سەر قسەکردن، ئەو نایەوێ بێدەنگ بێت، هەرچەندە بە (مردن) گەمارۆ دراوە، بەڵام شێعر تەسەللای دەدات و هەستی نامۆبوونەکەی کەم دەکاتەوە، هەر بە (شێعر)یش مەعنا دەداتە ژیانی خۆی و مرۆڤایەتییەکەی دەسەلمێنێ. ئەم بووەتە درەختێکی بە ڕەگ و ڕیشەدار، کە پەلوپۆی لەناو کارەسات و هەڵوەریندا داکوتاوە. لەناو ئازار و مەینەتیدا ڕسکاوە، بۆیە دەیەوێ لە وەرزی خەزان و کارەساتدا دەنگی خۆی بەرز بکاتەوە و قسەی خۆی بکات، بۆ ئەو مەبەستەش تەنیا (شێعر) شک دەبات تا نامۆیی - ئیغتیرابی خۆی پێ کەم بکاتەوە، شێعر دەکاتە قونبەڵە و بە ڕووی مردنی دادەدات.

مردن لێم گەڕێ.. ئەمشەو خۆم ئەمرم
تا شێعرێ بێنمە بوون و ژینەوە ل40

کە پاییز دادێ ئاگرێک بەر دەبێتە دارستان و گەڵاسەوزەکان، بەڵام ئاگرێکی بێ دووکەڵ، لەبەر ئەوە گەڵاکان ڕەنگی ئاگر دەگرن، پاشان توانایی خۆڕاگرتنیان بە لقوپۆپەکانەوە نامێنن، بۆیە دەکەون و هەڵدەوەرێن، بەڵام درەختەکان چەندی تۆفان هەڵسێ و ئاگریان بۆ بێت، لە شوێنی خۆیان ناجوواڵێن، لە دوورەوەڕا دەزانی قاچیان هەیە، بەڵام ڕاناکەن و بەپێوە دەمرن، شاعیریش هەرچەندە ژیانی (دەفتەرێکی کوێرەوەرییە)، بەڵام دەیەوێ لەو ژیانە پڕ لە کوێرەوەرییەدا (پاکێتی) خۆی نەدۆڕێنێ و هەر بەو پاکێتییە ئالنگاری - تەحەدای خۆی بکات.

بڕوانە قژی ماش و برنجیم
کە دەفتەرێکی کوێرەوەرییە ل52

لەبەر ئەوەشە کە شاعیر دەڵێ:

اوای شیعرێکی سەوزم لێ مەکە
ەهار لە عومری من بێ بەرییە ل52
ڕیە حەز دەکات چوار وەرزی سال ببێتە (پاییز) و
ەپرسی:
ڵ چوار وەرزی سال نابێتە پاییز؟! ل51
ەم (پاییز)ی بۆ ئەوەیە ئیحای شیعری بداتێ کە تاقە چەکی
ەستیەتی بۆ مانەوە و بەردەوام بوون:
ەک پاییزم ڕۆ.. وەرزی شاعیریی
ل گەلایەکە وا لەبەر (با)دا ل50
شاعیر کە بەدوای (پاکێتی)دا دەگەڕێ، دەربەستیش نییە
ەو ڕێگەیەدا وەک کەسێکی (بێ پاڵتۆ) و (بێ چەتر) تۆف و
سەرما بواری بدەن ئەو ڕێگەیە بگرێتە بەر، یان نا، چونکە
ووڕی ئەو بەندە بەو پاکێتییە کە بە شیعر دەیەوێ زامن
مسۆگەری بکات، تاکو ڕووبەڕووی ناپاکی ببێتەوە، نە
ابووردووی تاڵ و ناخۆش، نە ئێستای بڕندە وەک گوێزان،
ێ هیوایان نەکردووە، مادام یەک تڕووسکە هەبێ، یەک
ئاڵە گیای پاکێتی مابێ خۆی پێوە هەڵبواسێ، تۆفانی ناپاکی
ڕەفەری پێ نابات... شیعری بەدەستەوە نەمێنێ زوو چۆک
ادەدات، بوونی (هونەر- شیعر)یش لەپاڵ ژیاندا پێویستییە.
کامو) لە شانۆگەری (گالیگوڵا)دا دەیەوێ ئەوە بڵێت:
کە ژیان شایانە ئینسان تێیدا بژیت و بیری (خۆکوشتن)
ەسەری خۆی دەربکات، چونکە (هونەر و خۆشەویستی و
ئایین) هەن ئۆخژنی بدەنێ، بەڵام لەپاڵ شیعرەوە کەشتی
شاعیر لە بەندەری (خۆشەویستی)دا دەگیرسێتەوە، تاکو
ئازاری هەبوونی خۆی لەبیر ببات‌ەوە، کە ژیان بەرگی
(کوێرەوەری) کردووەتە بەری، بەڵام ئەو لەچاوی
خۆشەویستەکەشیدا (پاییز)ی لەبیر ناچێ.
ئەو پاییزەی ڕەنگی قژ و ڕەنگی چاوی ئەو بەرنادا ل18
ئێنجا پەنا دەباتە بەر ئامێزی (خۆشەویستی) تا ڕۆژانی
ڕەشی خۆی لەبیر بچێتەوە.
ئاخ بۆ دەستێکی پڕ لەمیهر و سۆز
بوونم ئەشکێکە بە گلێتەمەوە
شیعرم وەک پاییز هەتیو کەوتووەو
پاییزیش دیارە بە وێنەکەمەوە ل52
بەڵام ئایا ئەو خۆشەویستییەی دەست کەوتووە؟
شەو نووستم، سبەی.. کاتی چێشتەنگاو
بوو بوو بە هەڵم پەیکەری بالای
لەو ڕۆژەوە من لە تیشکی ڕۆژا
وێڵم بۆ ورشە و پرشەی نێو نیگای ل44
تا وای لێ دێ (ڕاهیبەیەک) بە جلێکی ڕەش و دڵێکی سپیەوە
باوەشی ئەو خۆشەویستی و میهرەی بۆ دەکاتەوە، بەڵام
لەم خەون و ئاواتەی دڵنیا نییە، بۆیە دەپرسێ:
ئەی لە کەنیسەی، سۆز و ئەسرینما
ڕاهیبەیەکی چاو کاڵی ڕەشپۆش
یەک یەک مۆمەکان، دائەگیرسێنێ و
دڵی تەزیوی، من ئەگرێتە کۆش؟ ل32
ئەو خۆشەویستییەی شاعیر پەنای بۆ بردووە بەشێکە
لە تیشک و ورشە و ختووکەی خەیاڵی دەدەن، لە
جەستەیەکدا کۆنەبووەتەوە تاکو ببێ بە خاوەنی. بەم جۆرە
شاعیر دەکەوێتە تۆمارکردنی ئەزموونی ژیانی خۆی و
باری سەرنجی بە پاکی و ڕاستگۆییەوە دەنووسێ. بەبێ
پێچوپەنا لەگەڵ وشە دەژیت و شیعری لەلا دەبێتە
(سێ)ی دووەم و بەهۆیەوە غەم و غوربەتی خۆی
هەڵدەڕێژێ و هەگبەی هەموو غەمە گەورەکانی
دەخاتە سەر شانی ئەو هاوڕێ ئازیزەی. هەر
شیعریشە دەتوانێ ئەوهندە ئازار و غەمی گەورە و
قوول بگرێتە کۆڵی و دەتوانێ ڕووبەڕووی مردن
و چارەنووسی ببێتەوە. لەلای ئەو شاعیرانەشدا کە
درۆ لەگەڵ ئیحساسی خۆیان ناکەن شیعر زۆر
ئاسایی نەشونوما دەکات و خۆی دەنووسێ،
دوور لە زۆر لەخۆکردن، هەربۆیە (ئیلیەت)ی
شاعیر دەڵێ: (شیعرنووسین کرداری گۆڕینی
خوێنە بە مەرەکەب)، ئەو شیعرانەی بەمەرەکەبی
دڵی تۆواوەی هۆنرابوونەوە و (تانجەرۆ) و
(زەڵم)یان بە چاوانی ڕشت
بۆ لە دووتوێی گۆڕ یاخی نەبوون
پەنجەرەکیان نەخستە سەرپشت ل64
ژۆرجار شاعیر بۆ گەیشتن بە پاکێتی، هەندێ
جاریش لەبەر ژیانی تفتوتاڵ ناچار دەبێت بۆ
منداڵیی بگەڕێتەوە، شیعریش وەک (بۆدلێر)
بۆ (ڕامبو)ی نووسیوە (گەڕاندنەوەی منداڵییە
بە دەستی ئەنقەستە) کە ئەم شاعیرەش بە

مەبەستەوە بۆ منداڵییەکەی گەڕاوەتەوە:

با بگەڕێمەوە بەرەو جیهانی سەوزی منداڵی
با هەست بە بۆسۆی پرچی سووتاوی ڕۆژەکان نەکەم
نەڵێم، ئەو ڕۆژە سەختانەم دیوە
بەهاران جارجار چەپکێ گوڵاڵە..
بگرمە دەست و بە دایکم بڵێم:
ڕاستە گوڵاڵە خوێنی شەهیدە؟
تەرمی شەهیدم هێشتا نەدیوە،
کە تۆ هاتیت و منداڵ بوومەوە.
دەمەو ئێواران مەڵی سەرنجم
لە داوی تیشکی زەردە.. دەنالێ
خۆزم لێ ئەبێ بە تۆپێکی سوور یان پرتەقاڵی
بە دایکم ئەڵێم: ئەچمە سەر لووتکە و ئەیگرمە باوەش
خۆر ئەهێنمە ژوورەکەمەوە
چرامان ناوێ شەوێ تار و ڕەش لە 9-8

تەنانەت منداڵییش کە لەلای شاعیر تەنیا دوورگەیەکی خەونەکانیەتی، لەناو خەیاڵیدا دەرگای بە ڕوویدا داخستووە، بۆیە ناچارە خۆی باوێتە ناو دۆزەخی شیعر، بۆ (خۆپاکردنەوە) تا لەناو ڕووباری ئەو دۆزەخەدا کە تەنانەت هەموو ئازارە گەورەکانی سەر ئەم زەمینەش بەتوندی نینۆکیان لەو گیر کردووە، ژان و ئازارەکەش زۆر لەوە گەورەترن شیعر بیانگرێتە خۆیەوە:

کوا شیعرێ ژانی من بگرێتە خۆی؟!
ل41

ژانی ئەویش ژانی هەموو خەڵقییە، تەنانەت ناسمانیش لەو ئازار چەشتنەی ئادەمیزاد چێژ وەردەگرێ کە فڕێ دراوەتە ناو ئەو ژیانە و حوکم بەسەریدا دراوە بەم جۆرە بژێت و ببێتە نێچیری دەستی فەرامۆش کردن، بۆیە ئازارەکانی لە شیعردا تاڕادەی (لەعنەت) ناسک دەبنەوە و کەسیش بە شوێنەواری ئەو ئازارە گەورەیەی نازانێ:

من میرات گری سەدان پاییزم-
هەتاوی خەمی من ئاوا نابێ
هەتاوێک ساردوسڕ وەک مردوو
ڕەنگە بوونیشم فرمێسکی خوا بێ ل46

یان دەڵێ:

بێ ئەوەی کەسێ منی ناسیبێ-
ستەمە لاشەم بچێتە ژێر گڵ
ئاخ... خۆزگە لەژێر کوختی شیعرێکا-
ئارامی ئەگرت گەردەلوولی دڵ ل40

تا خۆی دەبێ بەهێزی هەرە گەورەی سەر زەوی و دەبێتە خاوەنی بژاردە- ئیختیاری خۆی و چیتر چارەنووسی ناداتە دەست هێزی سەرەوە:

خوا گەورەیی خۆی بە من بەخشیوە
بۆ ئازارەکان لە هەست کردنا
ئەو شەپۆلانە و کەشتییەکی شڕ
هەرەس ئەهێنم و لەخۆ گرتنا ل46

هەموو شاعیرێک موعاناتێکی میتافیزیکی هەیە کە ئەو موعاناتە وای لێ دەکات لەناو خۆیدا ئاوارە بێت، واتە تووشی تێئاوارەبوون (ئیغتیراب) دەبێت، ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان مرۆڤ بگاتە شاری خەون و هیواکان و ئەوپەڕی ئازادی و دادپەروەری بێتە دی، هەرچی کۆتوپێوەندێک هەبن کە کۆتی دەکەن، بیانشکێنێ، هێشتاکە هێزێک دەمێنێتەوە و هەوڵ دەدات ڕووبەڕووی مرۆڤ بوەستێتەوە و لەگەڵیدا دەکەوێتە زۆرانبازی کە قەت ئادەمیزاد ناتوانێ خۆی لەو هێزە دەرباز بکات و هەمیشە هەوڵ و تێکۆشانی مرۆڤ بۆ دەستگیرکردنی ئازادی و دادپەروەری بەوە کۆتایی پێ نایەت کە پێی گەیشتووە، چونکە گەیشتن بە هەر هیوا و ئامانجێک، دیسانەوە ڕێگەی بێ هیوا بوون و ڕەنجبێوەرییەکی تر، هەر ئەمەش پاڵی پێوە دەنێن بکەوێتەوە هەوڵدانێکی تازەترەوە، بەردەوامیش لەسەر ئەم شێوەیە دەژیت و لەبازنەیەدا دەخولێتەوە، نەبێنی گەورەیی مرۆڤیش لەوەدایە، واتە گەورەییەکەی لەو شۆڕشە بەردەوامەدایە، کاتێک بە جیهانی خەونەکانیش دەگات پاڵی لێ ناداتەوە. شۆڕشە بەردەوامەکەی، وەک بەردەوامیی شۆڕشی (سیزیف)ی پرۆلیتاریای خواوەندە، لە سەرخستنی تاشەبەردەکە بۆ سەر لووتکەی شاخەکە.

ۆرشی بەردەوامە، تاشەبەردەکەی (سیزیف) خاپوور
ەکات و دەیشکێنی، کەواتە ئەو شۆرشە گۆڕانی
ردەوامە، نوێبوونەوەی بەردەوامە، شاعیریش لەزەت لەو
ێبوونەوە و دۆزینەوەیە وەردەگرێ، تەنیا مردن نەبێت
ەیتاسێنێ، وەک شاعیرێکی عەرەب دەڵێ.

ل جديد لذة غير انني
أيت جديد الموت غير لذيذ

یکەوتیش نییە ئەو سەردەمە پڕ لە ژاوەژاو و هەراوهۆریایە
ۆمەڵێ فەلسەفەی دژ بەیەک لە زۆر بواردا بێنێتە گۆڕێ
ە گۆشەنیگایان بۆ (خوا) و (کات) و (میژوو) جیاوازبێت،
ەلام هەر هەموویان ببن بە دۆست و برادەری یەکتر، کاتێ
ەسەلەکە دێتە سەر (مردن)ی مرۆڤ، دژایەتییەکەیان
ەلاوە بنێن.

ێ بۆ خەزانی عومری من دەگرێ؟!
ێ بەدیی ئەکا گەلارێزانی؟! ل47

اخستن و قفڵدانی شیعرەکانیش بەڵێنێکن نایەنە دی، چونکە
یوایەکی بێکۆتایی و عاسییە، واتە (نهایات لامتناهیة)
ی. لەپاڵ ئەو هەستەشیدا بەرانبەر بە (مردن) تووشی
یتاوارەبوونێکی وجوودییانە هاتووە کە هەستکردن بە
ردن لەلای دروستی کردووە.

یستا.. کە ونم لە تەم و مژی ڕەشی غوربەتا
گەلای درەختی گیانم هەڵوەری
ەناو بڵیسە و گڕی مەینەتا ل7

بان دەڵێ:

ا خۆم گێل نەکەم.. منی غوربەتی
گەنارم تۆف و شەوی بارانە ل28

بان دەڵێ:

ئیسماعیلێکم ئێستاکە.. نەک چەقۆی ئیبراهیمی باوک
چەقۆی دەستی دێوی غوربەت سەرم ئەبڕێ

ێ فریشتەیەک ئەگاتە هانای زریکەی بەر لەمەرگ و
سەربڕینم؟!

ێ فریشتەیەک، گیانداری ئەکاتە قوربانیی ئەم
غوربەتە؟! ل69-68

غوربەت لەلای شاعیر دوورکەوتنەوەیەکی جوگرافی نییە،
ئەوەندەی ئیغتیرابێکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی (مردن)
و قەدەری خۆی دروست بووە، ئەم جۆرە ئیغتیرابەش
بەردەوامە و تاکوو مردن مابێت، چارەسەر ناکرێت، چونکە
پاییز لەلای یەکسانە بە مردن، وەک خۆی دەڵێ:

پاییز لەخوێنما مۆمە و ئەسووتێ
پاییز لە دڵما زامێکی قوولە ل50

لەلای شاعیر کارەساتەکان بە بۆیەی غەم سواغ نەدراون،
ئەوەندەی بە شیعر مالیی و دەستەمۆیان دەکات تاکو
بیانخاتە بەر دەستمان و لێیان وردببینەوە و بیریان لێ
بکەینەوە، لەم گۆشیعرەدا غەمێک بەدی دەکەین، کە بەلای
منەوە غەمێکی ڕەسەن و مرۆڤانە و خولقێنەرانەیە، لەو
جۆرە غەمانەیە کە دەبنە هەوێنی هەموو شیعر و ئەدەبێکی
چاک و لەپێناوی گۆڕینی ژیانە، پشتی نەکردووەتە
ژیان، واتە شاعیرێکە غەم بۆ جوانکردن و خۆشکردن
و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ژیان دەخوات، حەز دەکات
لەسەر بنچینەیەکی دادپەروەرانە و مرۆڤانە، ژیانی پاییز
و گەلارێزان سەرتابەپای ببێتە مێرگێکی سەوز و
سەرپاکی ئادەمیزاد لەژێر سایەیدا بحەسێنەوە و
لەکانیاوە ڕوونەکەی بخۆنەوە، هەر لێرەوەش
دەتوانین پێی بڵێین شاعیرێکی (زۆرباوی)، کە
جیهانی شیعرەکانی هەمیشە چرایەکیان تێدایە،
هەروەک کاموش دەڵێ: (لەولا ڕۆژێ هەیە لەناو
نووسینەکانمدا ئاوا نابێت).

شاعیریش دەڵێ:

لە تەم و مژ و بارانا.. لە دوورەوە، چرایەک کز-
کز ئەسووتێ.. ل58

پاشان دەڵێ:

ئەکوژێتەوە و دانەگیرسێ..
دانەگیرسێ و ئەکوژێتەوە.. ل59

(نائومێدی) لە جیهانی هونەر و ئەدەبدا تەواو
لە نائومێدی و بێزاری ناو جیهانی واقیع
جیاوازە، ئەوەتا ڕۆمانتووسی پێشکەوتنخواز
(جەنگیز ئیتماتۆف) دەڵێ: (پێویستە هونەر
ئینسان بگەیەنێتە ئاستی لێ وردبوونەوەیەکی
قوول و ڕاتەکاندنێکی توند، هەروەها
هەستێکی توندوتیژی ئازار و ناڕەزایی دژی
شەڕخوازی لەلا دەوروژێنێ، هەروەک

چۆن چێشتە خۆشەویستی و حەسرەت و غەم و
ئازەزووی مانۆ بۆ جێگرکردن و چاکتر پاراستنی
کە پێشیل دەکرێت و دەخرێتە لاوە)(7)، پاشان
(ئیمانۆف) ئەگوتجاتی بیری (نائومیدی) لەناو هونەر
و لە ژیاندا بە نموونەی ڕوون و ئاشکرای ئەدەبیاتی
کلاسی پالپشت دەکات و دەڵێ: (لە گۆشەی سەرنجی
ژیانەوە مردنی جۆلێت چییە؟ نائومێدییە. خۆکوشتنی
نەفسی لاوازە، ئەی مردنی جۆلێت لە هونەردا چی
دەگەیەنێ؟ وات بۆ دەردەکەوێ کە هەر هەمان شت
بێت، بەڵام ئەو نائومێدییە بە هونەری شەکسپیرەوە
هێزێکی گەورەی بۆ پەرچەکردارێک هەیە، هێزێکە،
کرێنۆش نەبردنە، سازش و موساوەمە نەکردنە، لە
هەمان کاتیشدا خۆشەویستی و ڕقە، ئالنگاری و
دڵسۆزییە، لەکۆتاییشدا نەدۆراندنی کەسایەتییە،
کە نرخەکەی ژیان بوو)(8)، بۆیە دەڵێ: (گرنگ
ئەوەیە خوێنەر بتوانێ لەپێناوی ئەو حەقیقەتەدا،
بچێتە جەنگەوە کە پاڵەوانە ئەدەبییەکان- لەبەر
زۆر هۆی جیاواز- ناتوانن بەکردار جێبەجێی
بکەن)(9). دیسانەوە لە شیعری (خۆکوشتن)دا
شاعیر هیوایەک بەدی دەکات کە دەیهێنێتەوە
و دەستی لەخۆکوشتن سارد دەکاتەوە کە ئەو
هیوایە لە شیعرەکەدا بە (ڕوخسارێکی کاڵ)،
یان (ڕوخسارێکی تۆخ) ناوبراوە، ڕاستەوخۆ
پەنجەی نەخراوەتە سەر.

کە نیوەشەوان.. هانا بۆ مەرگ.. مەرگی
خۆم ئەبەم
ڕوخسارێکی کاڵ.. لە دوورەوە دێ..
کاڵ هەروەک تەم
هەتا دێ تۆخ و تۆختریش ئەبێ..
لەپڕا ئەڵێم: ئای.. خۆ هاتووە!
سەری ناوەتە سەر پەنجەرەکەم
زەردە ئەیگرێ و
زۆر بە خامۆشیی.. لە سیمای مردووم..
ورد ئەبێتەوە
منیش چەقۆکە ئەشارمەوە
نەفرەت لەبیری خۆکوشتن ئەکەم ل11

لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت:

بەناو جەنگەڵی تابووت و مەرگا
ڕووەو کەناری گۆڕستانەکە ئەکەوێتە ڕێ
لە کاسەی سەریا..

هەوری خۆکوشتن ئەڕەوێتەوە ل26

سەیر ئەوەیە ئەو کە هەوری (خۆکوشتن)ی لەلا
ئەڕەوێتەوە، کەچی (سەگەکانی بەگ) ئەیگرن و تاوانێکی
دەدەنە پاڵ.

بەڵام هەزار داخ هێندەی پێ ناچێ..
سەگەکانی بەگ ئەیگرن.. ئەڵێن:
ئەمە هاتووە لە تەلبەندەکان بپەڕێتەوە و
نەخشەی جۆگەکان تێک بداتەوە
لەت لەتی ئەکەن.. کەسیش تەرمەکەی نابینێتەوە ل26

لێرەوە دەتوانم بڵێم ئەو شاعیرە لاوە خەونی کردووە
بە تەواوکەری واقیع، ڕێک واقیعی نەگوێزاوەتەوە ناو
شیعر، بەڵام ئامراز و کەرەستەکانی واقیعی هێناوە و
بەپێی سیستمی دەربڕینی خۆی و بە شێوەی بینینی خۆی
گونجاندوونی، بەمەش واقیعەکەی دەوڵەمەند کردووە،
بەهۆی خەونیشەوە واقیعەکە بەرز دەکاتەوە بەرەو ئەو
واقیعەی خەونی پێوە دەبینێ، یان ئەو واقیعەی دەیەوێ
بیگاتێ چۆن بێت، بۆیە شاعیر بەڕێ و شوێن و شێوازی
خۆی لە واقیع کە بەدڵی نییە هەڵدەگەڕێتەوە، بۆ گەیشتن
بە واقیعی خەون تێدەکۆشێ. کە دەزانێ هەر دەمرێ
تووشی نیگەرانی دەبێت، وەک چۆن مردن ئابڵوقەی
بیری دەدا و ڕاوی دەنێ، ئەویش دەیەوێ بە (شیعر)
مردن ڕاو بنێت، پێش ئەوەی مردن چنگی لێ گیر بکات،
بۆیە بەو شێوەیەی دەیەوێت ژیانی خۆی بەسەر دەبات،
هەر ئەوکاتە ژیانی تایبەتی خۆی دەبێتە ڕووەکەی دیکەی
شیعر، ئەوساش هاوسەنگی و لەنگەڕی لەگەڵ دیوی
دەرەوە تێک دەچێت، بۆیە ئەو نیگەرانییە شیعرییە بەڵای
هەندێ کەسەوە دەبێتە لادان لە مەنتیق و واقیع، واتە
لە فەوزا و شێتخانەیەکی گەورەدا، داوای هاوسەنگی و
لەنگەڕاگرتن و مەنتیقی لێ دەکرێت، بە واتایەکی دی
دەیانەوێ لەگەڵ واقیع مامڵێ و دەستەمۆ بێت و لێی
لانەدات.

خەڵکی بە شێتم ئەدەنە قەڵەم-

زانن که من (با) ئەخوێنمەوە
وکی باران حەرفی شیعرمە و
گری عەشق چۆتە خوێنمەوە ل34
ان دەڵێ:
ارماییەک ڕووەو گۆڕستانەکە.. زۆر بەخێرایی-
وو تێدەپەڕێت-
ەیناسمەوە- تارمایی تەڕی بەربارانی شەو-
الای لە غەم و لە تەما نوقمی شاعیرێکە شێت- ل63
ەموو شاعیرێک پێویستە خەون ببینێ، ئەو شاعیرەی
ەون نەبینێ، ئەوە سنوور بۆ ژیان و واقیع دادەنێ،
ونکە ئەوەی (خەون ببینێ چەند سەدەیەک دەژی، کارێکی
ژوارە بۆ هەمیشە لە سنووری واقیعدا بژیت و دووقاچی
ەورەت هەبێ)(10) ئەوانەی خەون دەبینن (قاچیان
چووک دەبێتەوە)، چونکە ئەوانە بەتەنیا لەسەر زەوی
ین (ئەوانەی قاچیان لە گۆی زەوی ناترازێنن، پێویستییان
ەقاچە، قاچی زۆر گەورە)(11).
اوکێشەی (خەون و واقیعیش) بەم جۆرەی لێ دێت:

جێ واقیع ⟵
خەون
جێ ڕاڤ(12) ⟵

ەم شاعیرە لاوە هەوڵی داوە بەو چاوەوە تەماشای
شیعر بکات کە وزە و تواناییەکی تەواوکەری ژیانە، نەک
بەو چاوە تەماشای کردبێ کە شیعر گوزارشت لە ژیان
کات، چونکە ئەوەی یەکەمیان تێپەڕاندن و لێزیادکردنە،
بە پێچەوانەی تێڕوانینی دووەمەوە کە تەنیا گوێزانەوە
ڕاڤە- تەفسیرکردنی واقیعە. ئەوەی یەکەمیان دەبێتە
ەواوکەری ژیان، تاکو مانا و ڕەهەندێکی نوێتری بداتێ،
ەمەش کاتێ دێتە دی کە لەگەڵ ڕەگەزەکانی سروشت و
ەو کەرەستانەی لەیەکیان نزیک دەکاتەوە و بەراوردیان
دەکات، تێکەڵ دەبن. بەم جەدەلە ئاوێتەییەوە شاعیر
دەتوانێ (گەردوون) و (سروشت) و (خود) بەهۆی (یەکێتیی
بوون) و (یەکێتیی خەیاڵ) یەک بخات، هەر لێرەوە پێویستە
ئەوەشتان بیربخەمەوە کە لەجیهانی شیعردا (1+1) ناکاتە
(2).
ناوەڕۆکی شیعرەکانی لە (غوربەتا) بابەتی ڕاستەقینەی
شیعرن و لە کێشەی ئیتسانیی هاوبەش و گشتی دەدوێن،
بەهۆی (وێنەوە) دوور لە ڕاستەوخۆیی و قسەی ئاسایی،
بەزۆرەملێ تیۆر و حیکمەت نائاخنێتە ناو شیعرەکانییەوە،
تەنانەت قسە ئاساییەکانیش لە شیعرەکاندا ڕەهەندێکی
نوێ وەردەگرن. ئەگەر ویستبێتیشی هەڵوێستێکی فەلسەفی
بەرانبەر بە (بوون و نەبوون) دەربببڕێ، بە شیعر وتوویەتی.
وێنەکان، وێنەی خۆڕ و ڕەوان و گەشن، بەرانبەر بە بوون و
ژیان و گەردوون، بە هەستێکی ناسک و ڕوون تێکەڵی غەم
و غوربەت و خۆشەویستی و نیگەرانی و سەرسوورمانی
خۆی کردوون. تەنگوچەڵەمەی ئینسانی ئەم سەردەمە
تێکەڵی بوون و ویژدانی بووە و لە سەرپاکی شیعرەکانیدا
هەستی پێ دەکرێ، بۆیە هەر بەهۆی (وشە)وە قورسایی
ئەم غەم و غوربەتەی خۆی کەم کردووەتەوە. شاعیر بە
چپە شیعر دەڵێ و باسی برین و ئازاری خۆی دەکات،
بەمەش هێزی زیاتر دەداتە شیعرەکان.
ڕاستە شاعیر لە هەست و نەستی خۆیەوە دەست پێ دەکات،
بەڵام هەر ئەو هەستە هەستێکی مرۆڤانەیە و زۆر کەسی
دی هەمان هەستی هەیە کە شاعیرەکە دەری بڕیوە،
هەرچەندە ئەو شێوازەی پێی نووسیوە، ڕەنگە
ئەوان بە هەمان شێوە و شێواز تێی نەڕوانن و
هەڵسوکەوتی لەگەڵدا نەکەن. شاعیر لە زاتی خۆیەوە
پەڵی بۆ جیهانی دەرەوەی خۆی هاوێشتووە، کە
خودی هەر شاعیرێک پەنجەرەیەکە و بەسەر
کەوندا کراوەتەوە، هەر ئەم دەستپێکردنەش لە
حەقیقەت نزیکی دەخاتەوە، کە ئەو حەقیقەتە بۆی
هەیە شاعیرێکی دی بە جۆرێکی جیاواز بیخاتە
ڕوو، لەبەر ئەوە شتە تایبەتییەکان لە دەرەوەی
شیعردا ناکرێن بە شیعر، بەڵام شتە زۆر زۆر
تایبەتییەکانیش کە بوونە (هونەر- شیعر) تەعمیم
دەبن و بەهۆی هێز و گەورەیی و ئەفسوونی
شیعر، گەورە دەبن، ئەوساکە هەموو کەسێک
بەهی خۆی دەزانێ. خوێنەری ئەو شیعرانەش
پێویستە قەبارەی ون بوون و غەریبی خۆیانی
تێدا ببینن، نەک شاعیرەکە بە ڕەشبین لەقەڵەم
بدەن.
دەمێکە (هیگل) وتوویەتی: (هونەر دەرخستنی
خودە بەهۆی شتەکانەوە)، شاعیر هەندێ

شت دەگرێ و بۆ شیعر دەستەمۆیان دەکات، کە ئەو شتانە بە نابەکامی و ناکاملی دەمێننەوە و مەودای تەواوی خۆیان وەرناگرن، بۆیە لەگەڵ خەیالی شاعیرانەی خۆیدا تا کۆتایی بڕ ناکات، بەردەوام نابێت و زوو دەستبەرداری حاڵەتە شیعرییەکە دەبێ و وازی لێ دەهێنێ، هۆی ئەمەش بایەخدانی شاعیرە بە بوونە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی کە لایەنی- نەرگسیەتە- چونکە کەسایەتییە کۆمەڵاتییەکەی، بەسەر کەسایەتیی شیعری زاڵترە، بەمەش حاڵەتە شیعرییەکەی لەدەست دەدات و دەیدۆڕێنێ، بۆیە تا وا بێ ناتوانێ شیعری درێژ بنووسێ، تەنانەت شیعرە درێژەکەی کە (لە غوربەتا)یە، بە چوارین دابڕشتووە و تێڕوانینە شیعرییەکە و حاڵەتەکەی پچڕ پچڕ کردووە، چونکە ناتوانێ بەسەریدا زاڵ بێت، لێرەشدا شیعرەکان پلەی دووەم وەردەگرن و نابنە ئامانجە سەرەکی و بنچینەییەکە، ئەو بڕوایەش دەمانباتە سەر پرسیارێکی دیکەوە کە بپرسین و بڵێین شاعیر چ مەبەستێکی لە شیعرنووسیندا هەیە و نرخی شیعرنووسین لەلای ئەو لە چیدایە، کە بەلای منەوە سوور بوون و پێداگرتنی شاعیر لەسەر بوونە کۆمەڵایەتییەکەی وای لێ کردووە بەدوای بوونە میتافیزیکییەکەیدا بگەڕێت، هەندێ جار ئەمە دەبێتە هۆی ونکردنی لایەنە هونەری و تەکنیکییەکە، کە تاکە چەکێکی دەستیەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ شیعردا، بۆیە پێویستە لەمەولا بە شێوەیەکی پێشکەوتووتر هەوڵی پێشخستنی بدات. ڕەنگە هەندێ کەس وابزانن لە شیعرەکانیدا تەنیا باسی (پاییز)ی کردبێ، لە پاییزەوە بووبێ بە شاعیر و فەرهەنگی زمانە شیعرییەکەی سنووردار بێت، لەبەر ئەوەی هەر لە تەوەر و (ئیمە- تێما)ی پاییزدا دەخولێتەوە، بەڵام من ڕام وایە ئەوەی بتوانێت بە فەرهەنگێکی دیاریکراوی زمانی شیعر، وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و هەمەچەشن و کەشوهەوای جیاواز دروست بکات، ئەوە نیشانەی شاعیرایەتی و بەهرەیە، نەک دەستەوستانی و بێدەسەڵاتی.

کەسێک شاعیر بوو، هەموو بابەتێک بۆ ئەو کەرەستەی شیعرن، تەنانەت شتە زۆر ورد و بچووکەکانیش، خۆ ئەگەر شاعیر نەبوو، ئەوە گەورەترین بابەتی پێ دەستەمۆ ناکرێت و بە کێشەی سەقەت باسی دەکات. بۆ نموونە (پابلۆ نێرودا) توانی زۆر شاعیرانە و هونەرمەندانە، بە هەستێکی ناسکەوە باسی هەموو شتێ بکات، یان بەدەنگ هەموو ئەو بانگەوازانەوە چوو کە هەست و وێژدانی بە شیعر بەدەستەوەی دان، بۆیە بابەتی ڕامیاری قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕێی ئەوەیان لێ نەگرتووە، باسی خۆشەویستی بکات، تەنانەت هەر شۆڕشێک ئەگەر جوانی و خۆشەویستی و شیعری لەپاڵدا نەبێت، بەڵای منەوە ئەو شۆڕشە کەم و کورتی و کەلەبەری گەورەی تێدەکەوێ. ئەوەبوو (پابلۆ نیرودا) خۆی وتی: (زۆر شیعرم دەربارەی خۆشەویستی و مردن و ژیان نووسی، زۆربەی شیعرەکانم بۆ تێکۆشانی میللەتانی ئەمریکا تەرخان کرد، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەو بڕوایەدا نیم شیعر تەنیا سیاسی بێت، چونکە پێویستە هەر پێنج هەستەکەی شاعیر لە ئاسۆیەکاندا هەڵواسرێن، لە شیعرەکانی ئەم دواییەمدا وێستم باسی شتە ساکارەکان بکەم، بەڵام لەگەڵ ئەو ساکارییەیان، گرنگیش بوون، من لەسەر درەخت و (با) و بەرد و کاتژمێر و زەریا و پیاز و خۆخ نووسیم)(13)

شاعیرێکی گەورەی وەک (لۆرکا)ش کە بە شاعیری (قەرەجەکان) ناودێر کراوە، ئەویش دەربارەی ئەم باسە و قۆزتنەوەی شتی ورد و بچووک لە شیعردا، کە شاعیری هونەرمەند و هەڵکەوتوو دەتوانێ گەورەیان بکات وتوویەتی: (قەرەج بۆ من تەنیا بابەتێکە لە بابەتە جۆراوجۆرەکانی شیعر، کە بە هەمان توانایی و دەسەڵاتەوە دەتوانم بیمە شاعیری دەرزی و دوورمان)(14)

کەواتە شیعر ئەگەر (شیعر) بوو، بەوە نییە بابەتەکەی باسی لێوە دەکات گەورەیە یان بچووکە، بەقەدەر ئەوەی گرنگییەکە لەوەدایە شاعیرەکە بە سەلیقە بێت و نوختەنیگای تایبەتی بۆ بینینی ژیان هەبێت. ئەگەر شاعیر

بوو با باسی گەورەترین کێشە و بابەتی ئینسانی و
ەترسیدارترین کێشەی سەردەم بکات، کە نەچووە بۆتە
فۆرم و بەرگی شیعرەوە بە کەڵکی چی دێ؟ ئەگەر
یعر نەبوو، بابەت و مەسەلە و کێشە و زۆرانبازییەکە
ەند گەورە بێت ناپەرێنێتەوە و ناسنامەی شاعیربوون
شیعری ناداتێ.

م شیعرانە لەم سەر تا ئەو سەر لە یەک تەشق و ئاووهەوادا
ەکیان گرتووە، درێژەپێدانی یەک بۆچوون و تێڕوانین و
ەناسەن، هەناسە شیعرییەکەی لە کۆمەڵێ ئیقاعی جیاجیادا
ەربڕیوە. تێڕوانین و ئەزموون و هەستە شیعرییەکەی
ە کۆمەڵێ وێنەی جۆراوجۆر نیشان داوە، ئەو شیعرانە
ە لە یەک کەشوهەوادا دەخولێنەوە، لە هەندێکیاندا وەک
یعری (ماسیگرێک) (کارەسات) و (ڕێژنە) و (تەمۆژ) و
خۆکوشتن) و (ونبوون) ئامراز و کەرەستە و تێڕوانینی
خۆی چڕ کردووەتەوە، لە هەندێ شیعری دیکەشیدا تەنک
ووەتەوە. لە هەندێ شیعریدا وێنەکان باوەشیان کردووە
ەیەکدا و تێکەڵی یەکتر بوون، بە پێچەوانەی هەندێ وێنەی
رەوە- بەتایبەتی لە ڕوباعیاتەکانیدا- کە کەڵەکە بوون و
ەسەر هەندێ وێنەی ناسک و جواندا دابەش بوون.

ئیعری ئەم شاعیرە ڕەگەز و بنەما و هەوێنی
ڕۆمانسیەتیان) تیدایە، بەڵام ڕۆمانسییەتەکەی بەرەو
اتییەتێکی داخراو نەڕۆیشتووە، عاتیفەکەشی عاتیفەیەکی
ساده و ڕووت نییە، چونکە ئەوەندەی هەوڵی داوە گۆشە
تاریکەکانی خود بدۆزێتەوە- کە هەنگاوی یەکەمە بۆ
ـۆزینەوەی گۆشەکانی کەون- ئەوەندەش ڕووناکی
خستووەتە سەر گۆشە تاریکەکانی دەرەوەی خۆی و
سەلماندوویەتی ئەو گۆشانە شایانی ڕووبەڕووبوونەوە و
ێ وردبوونەوەن، کەوا بوو ئەم چەپکە شیعرە هەموویان
ەیەک ئاستی هونەریدا نین، بەڵام ئەو سیفەتەیان تێدایە
کە بەبێ ڕتووش و ڕاستکۆیانە لەگەڵ خوێنەری خۆیان
ەدوێن، ئەوانەش کە خوێنەری ڕاستەقینەی شیعر نین و
وەک شیعر چێژ لە شیعر وەرناگرن، پێویستە لە سەرەتاوە
تەشقەڵە بە شیعرەکان نەکەن و شەڕیان پێ نەفرۆشن،
ئەمان بە ڕێی خۆیان و شاعیر بەڕێی خۆی، خوێنەری
شیعری ئەمڕۆکەش نابێت دەوری (ڕێگر) ببینێ وڕێ لە
شاعیرایەتی و تێڕوانینی شاعیر بگرێت، چونکە لەلایەک
ناتوانن ڕێی لێ بگرن، لەلایەکی دیکەشەوە هەر شاعیرە و
خوێنەری خۆی هەیە، ئەمڕۆکە شاعیرێک بەتەنێ ناتوانێ
چێژی هەموو چین و تۆێژێک، هەموو جۆرە ئاست و
پلەیەکی خوێندەواری تێر بکات.

ئەم شاعیرە توانیویەتی بە زمانێکی سفت و ڕەوان و ڕوون
بنووسێ، ڕوونییەکەی وەک (فلیپ لارکن) دەڵێ: (لە ڕوونی
ئەو پەنجەرەیە دەچێت کە تازە شۆرابێ)، بەڵام نەک
ڕوونییەکەی بەرەو (سادەیی)ی بردبێ، بەڵکو ڕوونییەکە
وەک پێشتر ڕوونمان کردەوە قوواڵی تێدایە. شاعیر وشە
لە شوێنی خۆی لەسەر کورسی دادەنێ و شیعرەکانی لە
ئاڵۆزی و تەمۆمژی دەستکرد ڕزگار کردووە کە بەهۆی
نەبوونی (تێڕوانینەوە) لەلای زۆر شیعرنووسی ئەمڕۆکە
بووەتە وشە ترشاندن بەسەر یەکتردا، تەنانەت ڕەمز و
هێمایەکانی بەکاریانی هێناوە شەفافن.

محەمەد عومەر عوسمان بە فەرهەنگێکی زمانی شیعری
تایبەت بەجیهانی خۆی، وێنەی هونەری جوانی دروست
کردووە و غەم و خۆزگە و هەناسەی خۆی بە
هۆیانەوە دەربڕیوە و ڕەنگی خەونەکانی پێ
ڕشتووە، ئەمەش بە پێچەوانەی هەندێ بۆچوون
و بیروڕاوە، کەوا دەزانن ڕووکردنە تەمۆمژی
(دەستکرد) شاعیرایەتی بەدەست دەهێنێ. ئەم
ڕوونییە لە شیعرەکاندا لە چەڕەدووکەڵی ئیبهام
ڕزگاری کردووە. خوێنەر لە شیعرەکاندا لەناو
شەپۆلی وێنەی جوان و زیندوو دەجوواڵێ،
ئەمەش هەوڵێکە بۆ ئەوەی دەربڕین بە وێنە بکاتە
سیمای شیعرەکانی کە هەر لە (ئیزرا پاوەند)
ەوە وەک ڕێبازێک بەناوی (ئیماجیزم) هاتە
کایەوە، هەروەها دەیەوێ ڕێکپۆشی (أناقة) لە
دەربڕینەکانیدا بکاتە لایەنێکی دی بۆ سەرکەوتنی
شیعرەکان، هەر بۆیەشە شیعرەکان، خوێنەری
شیعری ئەمڕۆ دەجوواڵێنن و شتێکی لەلا بەجێ
دەهێڵن. دوورکەوتنەوەی شاعیر لە وێنەی زیهنی
داخراو کە نایەنە بەر خەیاڵ و تەصەورەوە،
کارێکی وایان کردووە خوێنەران چاویان
لەسەر شیعرەکان نەخلیسکێ، وەک ئەوەی
لەسەر شەختە بخلیسکێن. ڕاستە شیعرەکان

لیریکین، بەلام بە چڕترین ئامرازی شیعری کە (وێنە) یە هەوڵی داوە تیۆرانینی خۆی بخاتە ڕوو، هەر بەهۆی وێنەوە ڕێگەمان بۆ خۆش دەبێت شتەکان بکەین بە مولکی خۆمان، کەوابوو (وێنە) خۆی دەبێتە کەرستە و شتەکانی بەردەستمان، نەک ببێتە ئاماژە بۆکردن و ئیشارەت پێدان و پەرینەوە بەسەریاندا، مولکایەتیکردنی شتەکانیش، واتە چوونە ناو حەقیقەتەکانیان و دەرخستیان، تاکو لەبەر ڕووناکیدا بچریسکێتەوە.

هەر شیعرێک لەسەر (وێنە) دروست بووبێ، وەک بڕووسکە وایە جەوهەری جیهان ڕووناک دەکاتەوە، بەم جۆرە (وێنە شیعر) دەبێتە هۆی دروستکردنی (سەرسووڕمان) و شتی چاوەڕواننەکراو دەهێنێتە پێشەوە، پاشان (تیۆرانین)ی شاعیر بنیاد دەنێ، بەم کارەش سیستمی دەربڕین دەگۆڕێ، چونکە (وێنە) یەکێتی دەخاتە ناو شتەکانەوە، کە یەکێتی کەوتە نێوان شتەکانەوە، واتە دەستی بەسەر جیهاندا داگرت. شاعیر لە زۆربەی شیعرەکانیدا وێنەیەکی سەرەکی گەورە دەهێنێ و کۆمەڵێ وێنەی بچووکتری لێ دەبێتەوە کە زاووزێ کردنی وێنەی ناو دەنێم.

وێنەکانی شیعری محەمەد عومەر عوسمان ناسک و ئیمایین، چونکە سەر بە خەیاڵن، بەهۆی (وێنە)شەوە پاشەکەوت لە زماندا دەکات، وشە هەڵناڕێژێ و دەست بڵاوی تێدا ناکات، لەلای ئەم شاعیرە (وێنە) جۆگە بۆ وشە هەڵدەبەستێ تاکو بەملا و بەوڵادا نەڕوات، ئەمەش لە شیعری نوێدا کارێکی پێویستە. شاعیری ئەمڕۆکە دەبێ ڕێزی وشەی لەلابێت و تیۆرانینی خۆی چڕ بکاتەوە و لە بەکارهێنانی وشەدا دەست بڵاوی نەکات، بەڵکو پێویستە دەوری وشە بزانێت کە وەک خوێنە لە جەستەی شیعردا. ناسکی وێنەکانیش زادەی ڕاستگۆیین کە ساکاری داوەتە شیعرەکان و زوو دەبنە میوانی هەستمان، لەبەر ئەوەی

دوورە لە زۆر لە خۆکردن و نقەنق بۆ نووسینیان، بۆیە وا خۆڕ و ڕەوانن.

هەرچەندە شاعیر بەپێی ئەزموون و توانایی خۆی هەوڵی داوە شیعرەکانی چڕ بن و بە ئیما و ڕەمزی ناسک خۆی لە ڕاستەوخۆیی ڕاپۆرتنامێزانە - تقریري بپارێزێ، بەڵام دیسان دەبینین لە زۆر شیعردا بەپێی پێویست چڕ نین و پێویستیان بەچڕکردنەوەی زیاتر هەیە، لە هەندێ شیعری دیکەدا ساختمانی شل و شێواو و لاوازە، وێنەی ساردوسڕ و ڕووکەش هەن کە لێڕسینەوەی شیعری (تایبەتمەند و چاک) داوای لێ دەکەن بەدوای وێنەی نوێ و ئیمایی دەوڵەمەند و وشەی پڕ لە جووڵەدا بگەڕێت، هەروەها پێویستە شاعیر لەمەوڵا نەختێ خۆی لەو شیعرە لیریکییانە دوور بخاتەوە کە لەناویاندا خنکاوە.

ڕاستە بوونی ئەو هێزە (لیریکی)یە لە شیعرەکاندا وا ناکات لە شیعربوون بشۆرێن، بەڵام ئەگەر بیەوێ بە گەورەیی (دەربارەی خۆی و زەمەنی خۆشی بنووسێ)(15) پێویستی بەو دوورکەوتنەوەیە دەبێ. بەڵێ ویستوویەتی بە تەنکی لە دووتوێی هەندێ شیعریدا بەهۆی (گێڕانەوە)ی چیرۆک ئاسا و جاربەجارێ بەهۆی (دایالۆگ- دەمەتەقێ) و (مۆنۆلۆگ- خودواندن)ەوە وێنەیەکی کامڵ و هەناسەیەکی دراماییان بداتێ، بەڵام تەنک دەرکەوتوون، لە شیعرەکاندا زیندوو و چالاک نین. بۆ نموونە شیعری (ماسیگرێک) و (کارەسات) و (تەمومژ) تاد... لە هەنگاوی داهاتوویدا پێویستە زیاتر ڕوو بکاتە شیعری (ئاوێتەیی)، چونکە وەک شاعیرێکی لاو دەبێ بزانێ شیعری (لیریکی) لەمڕۆکەدا دەرەقەتی تاقیکردنەوەی کامڵ و (بازنەیی) نایێ، دوورکەوتنەوەی لە شیعری (لیریکی)، بۆ ئەوەی بواریکی گەورە و بەرینتر بۆ دەربڕین دەستەبەر بکات، هیچ نەبێ بیر لە شیعرێک بکاتەوە لە ساختمان و میعمارەکەیدا ئاوێتەیی بێت، بەڵام لە سنووری (گێڕانەوە) و (حەقایەت)دا، تاڵەدەزوویەکی (لیریک)ی تێدا بمێنێ.

ئەوە بێجگە لە جۆراوجۆرکردنی کێشەکان، کە تەنیا خۆی بە کێشی (4+4) و و چەند جارەیان، (5+5) و چەند جارەی بەستووەتەوە، هەروەها پێویستی بە زۆرکردنی (دەنگەکان) هەیە، تاکو بتوانێ سیمای درامی و مەلحەمی بۆ شیعرەکانی بڕێژێ و (کەسایەتییەک)ی سەرەکی

انی نەشونوماکردنی شیعرەکە بڕوات، واتە (من)ی
خۆی بگۆڕێ بۆ (من)ی کۆمەڵایەتی و دەستەجەمعی،
(ئەو) و (ئەوان)یش تێکەڵی (من)ـەکەی خۆی بکات،
ن) و تەنیا (من)، تاکو بواری دەربڕینی تێڕوانینەکانی
ـ بن و لە قاڵبێکی دیاریکراودا بەگیری نەهێنێ،
ـ بتوانێ دەقێکی ئاوێتەیی و ئەزموونێکی قوڵ
ستەوە بدا، چونکە شیعری ئەم شاعیرە (ئاوێتەیی) نین،
شیعری یەک دەنگ دەنووسن، کە تۆمارکردنی هاوار
ـ و دەنگی خۆیەتی، هەرچەندە شاعیرێکی لیریکییە و
بە خودی خۆی دەبەستێ، بەڵام زۆربەی شیعرەکان
نجامی تێکەڵبوونی (خود و بابەت) دەبنە خودێکی
ووعیانە.

، شاعیر زۆر وێنەی ناسک هەن کە خۆشمان دەوێن،
لەگەڵ ئەوەشەوە، ئەو وێنە جوانانە زۆر جار بە
ـف) دەکوژێ و وێنەکە لە جوواڵە دەخات، ئەم
فەش بەزۆری لە (چوارینەکان)دا بەرچاو دەکەوێ کە
ەموو دێڕێکی یەکەم و سێیەمی چوارینەکاندا دوو نوقتە
دادەنێ و دەکەوێتە وەسفکردن، یان ڕاڤەکردنی وێنەکە.
ڕمان چارەکردنی ئەمەش قورس نییە، ئەگەر لە قاڵبی
باعیات دەربازیان بکات و خۆی بداتە دەست شێوەی
ولاو و ڕەها، ئەوساکە بەهۆی (مۆنتاژ)ەوە دەتوانێ ئەو
سفەی خزمەتی بنیادی شیعرەکەی ناکەن بیقرتێنێ.
ک دەزانین شیعری ئەمڕۆکە ئەوەندە ناسکە هەر وشەیەکی
ادە لە شیعردا، بۆی هەیە ببێتە دوومەڵ بەناوچەوانی
نەکەوە، تا بەڵکو بە ناوچەوانی شیعرەکەشەوە.
اعیر بەهۆی وێنە شیعرییەکانییەوە بەڕوونی ئەزموونی
زی گەیاندووە و نەکەوتووەتە ناو زەخرەفە و ئاڵۆزی و
یێواننی وێنەکانی، لایەنی (ڕۆشنبیری)ی وەک لای زۆر
اعیر، سواری ملی هەڵقوڵینی بەخوڕەمی وێنەکان نەبوون،
وێنەکان وەک تەپەدۆر سەر ئەزموونەکەی بکەون، بەڵکو
ێنەکان لەناو ئەزموون و هەست و تێڕوانینییەوە هەڵقوڵاون،
ەمەش بەڵای منەوە نیشانەی بەهرە و شاعیرییە، بۆیەشە
ـیعرەکانی بە عەفەوییەت و خوڕەمی لەدایک بوون و
ۆرلەخۆکردنیان پێوە دیار نییە، (بیتس) واتەنی: (وەک
ڕۆکردنی درەخت بەساکاری لەدایک بوون)..(16) وەک
نمە باریون، ئەگەر بێتوو سێیەرە زیادەکان قووت بکات

و بیان بڕێت، ئەوە تەواو ئەزموونە شیعرییەکەی خەست
دەبێتەوە، چونکە شاعیرێکە بە جۆرێکی تایبەتی و جیاواز
لە شتەکانی دەوروپشتی خۆی دەڕوانی، وەک بڵێی ئەو
خەیاڵەی ئەو خەیاڵ نەبێت، ڕووداوێک بێت و ڕووی
دابێ، بەمەش بەشداری سەرسوڕمانی منداڵ و دۆزینەوە
ڕاستگۆییەکانی دەکات.

یەکێک لەو هۆیانەی شیعرەکانی وا لێ کردووە ڕوون
بن و ئەزموونەکەی بە ڕوونی بەدەستەوە بدات، پەلە
نەکردنی شاعیرە لە نووسینی شیعرەکان، ئەم کارەش
تێڕوانین و کەرەستەکانی لەلا پێگەیاندووە و ڕەهەندی
تەواوی داوەتێ بە ڕاشکاوی و بەشێنەیی دەستکارییان
بکات و پێیاندا بچێتەوە. گەلێ شاعیری گەورەش ئەگەر
پەلەی لە نووسینی شیعرەکەی کرد، ئەوە لە دەربڕیندا
دەستەپاچە دەبێت، ئەمەش بەهۆی پێنەگەیشتنی ئامراز و
کەرەستەکانی دەربڕین و دیارنەکردنی ڕەهەند و مەودای
وێنەکان و ئاوەژووکردنەوەی تێڕوانینەکەیان..

هەر پەلەکردنە لە شیعرنووسین، وا لەدەم و چاوی
شیعرەکە دەکات هەڵبزڕکاو و دووکەڵاوی بێت،
ئەگەر شاعیرەکە پەلەی نەکردبا، بۆی هەبوو
ئەزموونەکەی بە ڕوونی بەدەستەوە بدابا. لەگەڵ
ئەوەشەوە هەندێ شیعری شاعیر بەهۆی باری
ئاڵۆزی دەروون و ئەو ژیانەی هەستی پێ دەکات،
یان هەڵسوکەوتی تێدا دەکات، کارێکی وایان
کردووە تەمێک سەر و دەم و چاویان بگرێت
کە ئیقاعە تێکچڕژا و خێرا و بە یەکداچووەکان
لەودیو هەستییەوە ماونەتەوە و لە شیعرەکاندا
ڕەنگیان داوەتەوە، تەنانەت ئەگەر بارە
ئاڵۆزەکەش نەمێنێ، ئەو هەستەی هەر لەلا
دەمێنێتەوە.

گوتمان ئەم شاعیرە لاوە هەوڵی داوە تێڕوانینە
شیعرییەکەی جیاواز بێت و تایبەتمەندێتی خۆی
هەبێت، کەچی لە چەند شیعرێکیدا وەک شیعرە
درێژەکەی (لە غوربەتا) و (هەواری چۆڵ) و
(بابە تاهیر) و بگرە لە هەندێ شیعریشیدا کە
تێیاندا خۆی بە چوارینەوە نەبەستووەتەوە
وەک شیعری: (خۆکوشتن) و (با) و

(ئەشکی ئیواره) و (یەسەنین)، دیسانەوە چوارینیان گرتووەتە خۆیان و کۆپلێتی تێدایە کە بە شێوەی چوارین دایڕشتوون، هەرچەندە ئەم کارە بۆ ئەو- وەک شاعیرێکی لاو- لەناو ئەو ئاژاوەیەی شیعری ئەمڕۆی کوردی تێی کەوتووە، بەلای بەشی زۆری خوێنەرانەوە بردنەوەی گرەوی شاعیرایەتییە، چونکە ویستوویەتی بۆ ئەوانیشی بسەلمێنێ کە لە بەرانبەر کێش و قافیەدا دۆش دانامێنێ و دەتوانێ بەسەریدا زاڵ بێت و بە خۆڕی و ڕەوانی بێت بە دەستییەوە، ئەمەش ئەگەر بەو مەبەستە کرابێت، ڕەنگە تاڕادەیەک شەفاعەتی بۆ بکات، بەڵام لەمەوڵا بگەڕێتەوە سەریان، ئەوە بە کارێکی ڕاستی نازانم (17)، چونکە بەهۆی ئەم شێوە و قاڵبەوە کۆمەڵێ وێنەی جوان و زیندووی سندم کردووە و کەلەپچەی لەدەستیان داوە و کۆتوپێوەندی کردوون، بەمەش شیعرەکەی لە جووڵانەوەی ئازادانەی خۆی خستووە و بەنجی کردووە و وێنە جوانەکان لە زۆر شوێندا قەتیس ماون.

هەرگیز ئەوە بە کارێکی شیاو نازانم لەو سەردەمەدا تێڕوانین و بیری نوێ، ڕوخسار و شێوەی نوێ لەگەڵ خۆی ڕەپێش نەکات، ئەگەر تێڕوانینیش نوێ بوو، ئەوە بەبێ ڕوخسار و شێوەی نوێ، ناتوانێ کاریگەری خۆی لەسەر خوێنەراندا بەجێ بهێڵێ و هەست

و نەست و حاڵەتە شیعرییەکە بە خوێنەران بگەیەنێ و لە زەینیانی بهێڵێتەوە. هەر شاعیرێک تێڕوانینی نوێی هەبێت، پێویستە بەسەر شێوە کۆن و تەقلیدییەکاندا یاخی بێت، شاعیر وەک تێڕوانینە نوێیەکەی هەیە، لە بواری شێوەی شیعریدا پێویستی بە موغامەرەی تایبەتیش هەیە، ئەگینا بە ئامانجی خۆی ناگات، کە گەیشتنە بە سەرچاوەی ڕوونی شیعر.

شاعیر لە دەربڕین و موغامەرەکردندا سڵ بکاتەوە، ئەو شاعیرە لە دەربڕینی تێڕوانینی خۆی سڵ دەکاتەوە و سنووری بۆ دادەنێ، ئەوانە ئەو شاعیرانەن کە لە ناخی خۆیاندا پۆلیسێکیان قووت کردووەتەوە، کە ئەمە بووەتە هۆی (چاوترسێن)ی کە ڕێ لە دەربڕین و سەربەستی شاعیرەکە دەگرێ، لەو حاڵەتەشدا ئەو شاعیرانە لە ئاستی مومارەسەکردنی سەربەستیدا نین، تاکو بتوانن ئەو سنوورانە ببەزێنن کە سنوور بۆ داهێنان دادەنێن و ڕێی لێ دەگرن.

شاعیر چەندی خۆی بە هۆشیاری گۆش بکات و پەرە بە بەهرە و توانایی داهێنانی خۆی بدات، ئەوەندە زیاتر دەتوانێ ئەو پۆلیسە لە ناخی خۆیدا ڕاوبنێ و دەری بکات، کە هیوام زۆرە شاعیر لە ئەزموونی داهاتوویدا زیاتر ئەو پۆلیسە قاو بدات و بەدەری وەبنێ. هەروەک ڕای هێناوین بە شێوەیەکی خوڕ و بەربەرەڵڵا ناخی خۆی ئاوەژوو بکاتەوە و ئەوەی لە ناخیدا هەڵدەقوڵێ و هەستی پێ دەکات دەریان ببڕێت، خوێنەریش لە خوێندنەوەی شیعردا پێویستی بەوە هەیە سەری خۆی بخاتە نزیک ئەو جۆگەلە بچووکە تا گوێی لە خوڕە و تافەتافی ئاو و هەڵقوڵینی بێ وێنەی بێت، هەر ئەو خوڕییە لە شیعردا یەکسانە بە ژیان و جووڵانەوە بەردەوامەکەی، بۆیە با سنوور بۆ ژیان و تێڕوانینی خۆی دانەنێ و تاشەبەرد نەخاتە بەر خوڕەی ئەو ئاوە. ڕاستە (قافیە) بەلای هەندێ کەسەوە تاموچێژێکی تایبەتی دەداتە شیعر، بەڵام ئەو تاموچێژە نابێتە بەهایەکی سەربەخۆ، چونکە لە دەرەوەی شیعر دەژیت.

شیعری ئەمڕۆکەش کە لە کێش و قافیە یاخی دەبێ، مانای وای نییە بەو یاخیبوونە بیەوێ لە ڕابوردووی خۆی هەڵگەڕێتەوە بە قەدەر ئەوەی دەیەوێ ڕوویەکی شاراوە و نەدۆزراوە، لەو ڕابوردووەی خۆی بدۆزێتەوە. (بلینسکی) دەمێکە وتوویەتی: (شێوە گیانی سەردەمە). شێوەی شیعری ئەم سەردەمەش پێویستە لەگەڵ گرفت و غەم و ختووڕە و ئازار و تێڕوانینی شاعیری ئەو سەردەمەدا جووت بێت و بەردەوام بگۆڕێت.

شاعیرێکی ئەو سەردەمە ئەگەر بە قەدەر (نالی)یش لە کێش و قافیەدا گەورە بێت، ئەوە پێویستمان پێی نییە، چونکە بەو پێیە دەبوو لە سەردەمی (نالی)دا بژیت، دەنا گیانی سەردەم پێویستی بەو شێوە باوانە نییە. ئەوەی لە

وو شتێک زیاتر لەم شاعیرەدا سەرنجی ڕاکێشام ئەو
ڵدانەیەتی بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی تێڕوانینی خۆی و
واز تەماشای ژیان بکات و لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە
بڕوانێ، کە ئەم لایەنە بۆ هەر داهێنەرێک شتێکی کەم
خ و ئاسان نییە، کەوابوو لەبەر ئەو هۆیە، ئێمە داوای
دەکەین وەک شاعیرێک لەپاڵ ئەوەدا خۆی لە قاڵب
مرییە کۆنەکان ڕزگار بکات، تێڕوانین و هەستی خۆی
قاڵب نەدات و شیعرەکانی مۆمیا نەکات. دەشتوانێ لە
تی ئەو قاڵب و شێوەیە کە خەیاڵی دەق سنووردار
ات، خۆی بەلایەنە هونەرییەکانی دیکەی شیعرەوە
ریک بکات و (سەرسامبوون) بەدەست بهێنن، ئەمەش
وێنەی زیندوو و چاوەڕوان نەکراو دێتە دی، نەک بە
ەی کۆنەپەرستانە. ئەو شاعیرەی حەز بە شیعری (نوێ) و
ەگەر دەکات، پێویستە تڕپەی لێدانی دڵی سەردەمەکەی
هەموو هەراوزەنا و بزاوت و تەکانێکەوە بگوێزێتەوە ناو
ەر و لە شیعردا مانایان بکات، ئەمەش نایەتە دی ئەگەر
عیرەکە بەدوای شێوەی نوێدا نەگەڕێت.
بەشیکردنی کاریگەرانەی سەردەم و گرفتەکانی، دەبێ
شێوە و تەکنیکێکی نوێ بخرێتە ڕوو، بەردەوامیش ئەو

شێوە و تەکنیکە پەرەی پێ بدرێت، شیعری ئەم سەردەمە
بەهۆی وێنەی شیعرەوە کارتێکردن بەسەر خوێنەرانەوە
بەجێ دەهێڵێ، ئەو چوارینانەش وێنەی جوانیان تێدایە
بەڵام زۆریان لە جوولە کەوتوون، چونکە سنووریان بۆ
کێشراوە.
ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین خەریکە تەکنۆلۆژیا بەهۆی
خراپ بەکارهێنانی، هەموو شتێک قووت دەدات، کتێب و گوڵ
و باران و ڕووبار دەخوات، بەواتایەکی دیکە بڵێین خەریکە
ئینسان هەڵدەلووشێ و جوانی لەناو دەبات. هەروەک
(مایکۆفسکی) دەڵێت: (پێویستە لەسەرمان ئیستێتیک بخەینە
سەردەمی تەکنیک، ئەگینا هەموو مرۆڤایەتی دەگەزێ).
(18) ئێمە زۆر پێویستمان بەوەیە شیعر بنەما ئینسانییە
پیرۆزەکانمان بۆ بپارێزێ و بچێ بەگژ ئەو تەکنۆلۆژیایە
کە زیان لە جوانی دەدات و تەنگ بە پاکێتی و خۆشەویستی
هەڵدەچنێ، بۆ ئەو مەبەستەش تەنیا چەکی شیعر دەتوانێ
بەهای جوانی بپارێزێ، ئەرکی شاعیریش لە بەرانبەر
ئەوەدا ئەرکێکی زۆر قورسە، ئێنجا دەپرسین: چۆن
دەکرێت بنەما و بەهای جوانی بە شێوەی تەقلیدی
بپارێزین، چۆن دەتوانین شیعر بپارێزین ئەگەر لە
شوێنی خۆی چەقی بەست، لە کاتێکدا ئەمڕۆکە
ئیغتیرابی شیعر خۆی بووەتە هاوواتای ئیغترابی
ئینسان لە جەوهەرەکەی خۆی، کە ئەو ئینسانە
تاقە ژوانێک شک دەبات، کە ژوانێکی هەمیشەییە
لەگەڵ (کۆیرەوەری)دا، چ جۆرە کۆیرەوەرییەک،
ئەو (کۆیرەوەری)یەی ئینسان ئیستیهلاک دەکات
و تینوێتی ناشکێ، برسێتییەکەی بەردەوام
نەشونوما دەکات و گەورە دەبێت، نێچیرە
بەردەوامەکەشی ڕوحە. شاعیر، هەموو شاعیرێ
بەهۆی خەیاڵی فراوان و بە پژوێن دەتوانێ
ئاسمان تەی بکات و تێیدا بسوڕێتەوە، چونکە
ئاسمان مۆڵکی شاعیر و خەیاڵەکانیەتی، وەک
چۆن زەوی مۆڵکی فەیلەسووف و موفەکیر و
ڕۆمانتووس و ڕەخنەگرەکانە.
شاعیر بۆی هەیە کلووە بەفر کە بە
سەماکردنەوە لە ئاسمان دێتە خوارێ، وای
ببینێ کە ئەوە ئەستێرەکانن بە سەماکردنەوە

دەکەونە سەر زەوی، یان کە لە شەواندا بەفر دەبارێ وای ببینن کە ئەستێرەیە دەبریقێتەوە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم شاعیر لە خەیاڵی خوڵقێنەرانەی خۆیدا زیاتر پەل بهاوێت و ئەو خەیاڵەی خۆی نەکوژێ بەوەی زنجیرە بکاتە گەردنی و لە قاڵبی بدات و لەمەودایەکی دیاریکراودا بگیرسێتەوە، ئەوسا با ئەوانەی کە لە بنچینەدا خوێنەری شیعر نین، ڕ جای شیعری نوێ، بۆ خۆیان وەک زەمانی زووی فەیلەسووفە وەزعییەکان، یان تەجریبییەکان هەوڵ بدەن لە دەوری شیعر کەم بکەنەوە، وەک چۆن لە سەدەی نۆزدە و بیستدا هەوڵیان دا لە نرخی کەم بکەنەوە. (وەزعییە مەنتیقییەکان) لایان وابوو هەر شتێ زانست و تەجریب نەبێت و ساغ نەبێتەوە، ئەوە هەڵچوونە، یان چەنەبازییەکی بێ مانا و ناوەڕۆکە.

ڕاستییەکەی شیعریش پێویستی بەو جۆرە کەسانە نییە کە ئەو جۆرە قەوانانە لێ دەدەن و بەو چاوەوە تەماشای دەکەن و دەیخوێننەوە، چونکە بەو پێودانگەی ئەوان (بەحری فیتە) و (شەربەتی دیدار) و (مەرهەمی وەصل)ەکەی شاعیرێکی گەورەی وەک (نالی)یش ناچێتە عەقڵیانەوە، ئەم شاعیرەش هەوڵی داوە دوو وشە (یەکیان ماددی و ئەوی تریان مەعنەوی) لەیەک بدات وەک (تۆڕی ڕەنج ل65) و (خوێنی باراناو ل61) و (پەپوولەی وەنەوز ل60) و (بێشەی خورپە ل35) و (جەنگەڵی هاوار ل28) و (گوڵدانی بڕووسکە ل30) و (بارانی چرپە ل35) تاد.. بێگومان ئەوەش ناچێتە عەقڵی ئەوانەی خوێنەری ڕاستەقینەی شیعر نین.

پەیڕەوکردنی ئەم لە یەکدانی وشەیە لەلای زۆربەی شاعیرە گەورە و ناسراوەکاندا هەیە کە بە (کیمیای وشە) ناودەبرێت و لە ئەنجامی ئەم تێکەڵکردن و لێکدانەش مانایەکی نوێ پەیدا دەکات، هیوام زۆرە ئەم شاعیرە بتوانێ لە داهاتوودا زیاتر بایەخ بەم لایەنە بدات، کە بایەخدانە بەکاری خوڵقاندن بەهۆی (خاپوورکردن و بنیادنانەوە) تاکوو زیاتر بتوانێت خۆی لەوێنەی سواو و دەربڕینی کۆنیشەبازانە قوتار بکات، چونکە تاکوو ئێستا بەتەواوی نەیتوانیوە خۆی لە دەستی کۆنیشەبازیی شیعر ڕابپسکێنێ، بۆ نموونەی ئەم قەسەیەم سەیری ئەو وێنە کۆنیشەییانە بکەن:

بەکڵی خەمم چاوی بڕێژێ
کراسی خەمی من لەبەر بکا ل4

یان:

گەلای درەختی گیانم هەڵوەری ل7

یان:

ئەو دەشتە چۆلەی گرتۆتە باوەش ل73

لە ڕۆژی ئەمڕۆکەشدا یەکێک لەو نەخۆشیانەی تووشی شیعری کوردی هاتووە و بە دەستییەوە دەنااڵێنێ ئەم دیاردەی کۆنیشەبازییەیە کە کارێکی وای کردووە زۆربەی ئەزموونە شیعرییەکان لەیەک بچن، تەنانەت ئەوەندە بووەتە باو شیعری زۆر شاعیر دەخوێنێتەوە مردووە، نە هەست دەجووڵێنێ و شتێکت لەلا دەوروژێنێ، نە تووشی سەرسامبوونت دەکات.

هەرچەندە ئەم شاعیرە وەک پێشتر وتمان گۆشەڕوانینی خۆی بۆ ژیان هەیە، بەڵام تا ئێستا لە هەندێ شیعریدا وێنە و دێڕی هەیە کە پێشتر لە شیعری شاعیرانی دیکەدا بینراون، ئەمەش نەنگی و خەوش نییە بۆ شاعیرێ کە لە سەرەتای ڕێگەدایە. بۆ نموونە: (زەردەی ڕوانینەکانت ل5) و (هەواری چۆل ل73) و (خۆر ئەهێنمە ژوورەکەمەوە ل9)، یان کە دەڵێ:

بۆ شادمانی زۆر کورتە تەمەن
بۆ کوێرەوەری نابڕێتەوە ل28

دێڕی دووەم قسە بەناوبانگەکەی (ڤان کوخ)ـە کە بەر لە خۆکوشتن وتی: (کوێرەوەری مرۆڤ کۆتایی نایەت)، یان دەڵێ:

ئێسک و گۆشتی لەگەڵ تەختە و بزماری خاچ تێکەڵ بووە ل69

ئەم وێنە و بۆچوونە بۆ (مەسیح)، کتومت ئیحای لە تابلۆی (ئازارەکانی مەسیح)ی (ئیسماعیل خەیات)

رگرتووە، کە هونەرمەند بە بۆچوون و تێڕوانینێکی
یوە تەماشای لەخاچدانەکەی مەسیحی کردووە، بەوەی
ل و بازووی تێکەڵی تەختەی خاچەکە کردبوو، وەک
ن (سلفادۆر دالی)یش بەپێی تێڕوانینی خۆی، کاتێ
خاچدانەکەی مەسیحی کردووەتە تابلۆ، وێنەی لە
اچدانەکەی لەسەرەوەڕا کێشاوە، واشی داناوە کە خۆی
وایە، بۆیە مەسیحی لەسەرەوە بینیوە. (بونیادگەرەکان
یان وایە کە هەرگیز داهێنانی موتڵەق نییە، بەڵکو هەموو
هێنانێک کارتێکردنی بەرهەمی داهێنەرەکانی پێشووی
ی بەسەرەوەیە، ئەمەشیان ناوناوە دەقئاوێزان (تناص)
، شاعیر لەو کارتێکردنە بەدەر نییە، بە مەرجێ هەرسی
ات و بە شێوە و شێوازی خۆی بیداتەوە، چونکە وەک
الیری) دەڵێ: (شێرینش چەند کاوڕێکی هەرس کراوەو
بچی تر)، جگە لەمەش هەندێ وێنە و دێڕی خۆشی لە
یعرەکاندا دووبارە کردووەتەوە، بۆ وێنە:
ەڵێ:
ەوری خۆکوشتن بڕەوێتەوە ل10
یسان دەڵێ:
ەوری خۆکوشتن ئەڕەوێتەوە ل26
سەر تاشەبەردی کەنار مێشکی پژاو ل66
بنجا دەڵێ:
مەپۆلێکی دڵنیایی بۆچی مێشکم ناپژێنێ بەسەر
اشەبەردێکەوە؟!
ان دەڵێ:
رقمی خوێنی باراناوە! ل61
اشان دەڵێ:
ە ڕەشت و لوولی چۆراوگەی خوێنی باراناوەوە ل62
ان (فرمێسکی هەور ل4) کە لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ:
فرمێسکە لە چاوی هەورا ل47) تاد...
سەرپاکی شیعرەکانی شاعیر بە کێشی برگەیی (4+4) و
5+5) و چەند جارەیان نووسراون، لەگەڵ ئەوەشدا کە
ەندێ وشە، کێشی چەند دێڕێکی تەنەڵ کردووە و لاسەنگ
.ەرکەوتوون، بەڵام لە (ئیقاع)دا بەسەر شیعرەکانیدا زاڵە.
ەر بەو ئیقاعەش شیعرەکان هەستمان دەجوڵێنن، بەبێ
ەوەی ئەو هەستەمان تووشی ساتمە و ورووشان بکەن،
ەوەش لەوەوە پەیدا بووە کە وشەی گونجاو لە شوێنی
گونجاودا دادەنێ کە لە ئەنجامی لەرە و ئاوازی وشەیەک
و وشەیەکی تردا دێتە دی، بەهۆی گونجانی زەنگ و زایەڵە
و لەرینەوەی پێتەکانەوە، کە ئەم لایەنەش لە هەڵبژاردنی
وشەدا پێوەندی بە هەستی شاعیرەکەوە هەیە، چونکە هەر
وشەیەک و تێکڕای وێنەکان ئیقاعی سەرتاپای شیعرەکە
دەسازێنن، ئەم بایەخەش بۆخۆی شتێکی چاکە و پێشتر
(ئەنوەر قادر محەمەد)ی شاعیر لە کۆشیعری (زریان)
دا، بەتایبەتی لە شیعرەکانی دواوەیدا زۆر بایەخی بەو
لایەنە داوە، ئەم کارەش کەمتر لەلای شاعیرانی ئەمڕۆکە
بایەخی پێ دەدرێ. بۆ ئەو مەبەستە (د عیزەددین
ئیسماعیل) دەڵێ: (پێوەندی نێوان دەنگەکان لە شیعردا،
ڕێک هەروەک مۆسیقا وایە، دەتوانێ تاموچێژی گونجانێکی
زیندوو بوروژێنێ، ئەمەش یا بە بەشە دووبارەکراوەکان،
یان جۆراوجۆرەکان، یان گونجاوەکان دێتە دی) (19)،
بۆیەش (پێویستە وشەی شیعری باشترین وشە بێت کە
سێ ڕەگەزی تێدا بێت: ناواخنی عەقڵی، ئیحا بە ڕێگەی
خەیاڵەوە، دەنگی ڕووت، پێویستیشە پێوەندی
وشەکان بە یەکترەوە، پێوەندییەکی ئیقاعی بێت،
تاکو ئەو ئیقاعە جۆراوجۆرە بمانگەیەنێتە ئامانجی
داواکراو)(20)
ئەم شاعیرە ئەگەر (وێنە) و (ئیقاع)ی لە شیعرەکاندا
فەرامۆش بکردایە، خوێنەر لە خوێندنەوەی
شیعرەکان بێزار دەبوو، بەڵام ئیقاعەکەی خوێنەر
لە جیهانی شیعرەکەدا دەهێڵێتەوە و ئۆلفەتی
لەگەڵ پەیدا دەکات و ئەندێشەی شاعیرەکە بە
بەشێ لە هی خۆی دەزانێ، دەنا قەت نەیدەتوانی
ئەوەندە گوێ لە ئاخ و ئۆف و هەناسەی سارد
بگرێ... ڕەخنەگرانیش ڕاستیان کردووە کە
وتوویانە: (دەنگ و کێش پێویستە لە سەرجەمی
کارە هونەرییەکەدا وەک دوو ڕەگەز لێیان
بکۆڵرێتەوە، نەک لە ماناکەی دابڕێن)(21)
شاعیر هەندێ جار گرنگی بە دەنگە
سروشتییەکانیش دەدات(22) بۆ نموونە
وێستوویەتی گڤە و وژەی (با) بەدەنگ و ئیقاع
بگرێ، ئەوەتا دەڵێ:
کە پەنجەرەکەی ئەخەمە سەر پشت:

گفففففففف..... گفەی (با) دێ و گوێم پێ شل دەکا..
بۆ ئاهی سینەی پڕ کەف و کوڵی ل14
ئەمەش وەنەبێ لە شیعردا شتێکی نوێ بێت، بەڵکو لەلای زۆربەی شاعیرەکاندا هەیە، بۆ وێنە (بەدر شاکر ئەلسەیاب) کە شیعری (پۆر)ی بێرسی شیللی شاعیری ئینگلیزی خوێندەوە، ئەوە پاڵی پێوە نا هەوڵ بدات بۆ داهێنانی جوولەیەک کە لە جوولانەوەی ئەو بااڵندەیە بچێت کە لەو شیعرەدا بە کێش و مۆسیقا دەرخرابوو، یان شاعیر بە هۆی ئیقاعەوە تەئکید لەسەر هەندێ وێنە شیعر دەکاتەوە وەک:
ئەوسا دڵنیام ئەوەی ئەیبیستم گفەی (با)یە (با)
ل15
یان دەڵێ:
سیمای کال کاڵتر دەبێتەوە- ل11
یان:
ڕوخسارێکی کال... لە دوورەوە دێ- کال
هەروەکو تەم
هەتا دێ تۆخ و تۆختریش ئەبێ- ل10
شاعیر بەهۆی (دووبارەکردنەوەی) وێنەوە، هەوڵی داوە ڕەگەزێکی زیندووی شیعری نوێ بێنێتە ناو شیعرەکانییەوە، کە بەهۆیەوە (التداعي الذهني) لەلای خوێنەر دەخوڵقێ و بەرپا دەبێت و سەرنجی بۆ لای تەوەرە نهێنییەکانی شیعرەکە ڕادەکێشێ، چونکە هەندێ جار قورسایی تێڕوانینی شاعیرەکەی تێدا مت بووە، هەر بەهۆی دووبارەکردنەوەی وێنەشەوە دەیەوێ (تێڕوانینە)کە بەسەر شیعرەکەدا پەرشوبڵاو بکاتەوە، بەڵامەوە شاعیر ئەم لایەنەی کە تەوزیف کردووە، خۆی لە شێوە میکانیکییەکەی دووبارەکردنەوە پاراستووە، واتە لە هەر دووبارەبوونەوەیەکدا ئیحای شتێکی نوێ دەدات و لە شیعرەکەدا بووەتە چەقی قورسایی (مرکز الثقل)، بۆیە (دووبارەبوونەوە) لەلای تەنیا بۆ گونجان و ڕێکوپێک خستنی مۆسیقای شیعرەکە و گرێدانی وێنەکان نییە، کە ئەمەیان لایەنێکی مەسەلەکەیە، بگرە سەرەڕای گونجانە مۆسیقاییەکە بۆ مەبەستی لەنگەڕاگرتنی تەرازووی نەفسیی خوێنەرێشە، لەمەوە دەتوانم بڵێم (دووبارەکردنەوەی وێنە) لەلای ئەم شاعیرە (لازمە)یەکی شیعری نییە، وەک لەلای (گۆران)دا هەیە کە (ئیوارەیە و هەڵگرە سا گۆزەیی تازە) لە دوای هەر کۆپلێتێکدا دووبارە دەکاتەوە. ئەم شاعیرە دەڵێ:
هاوار و هاژەی چەمی نااڵینێک-
ئەڕۆیتە گۆمی مەنگی دڵەوە،
.....
هاوار و هاژەی چەمی نااڵینێک
دێتە گوێم ئەڵێی ئاوازی تارە ل14-13
یان دەڵێ:
تۆ خۆتم لێ مەشارەوە
ئەترسم دل ببێتە پارچەیەک سەهۆڵ
بەدەم کزەی ئێوارەوە
تۆ خۆتم لێ مەشارەوە
من لە گەلای زەردی پاییز-
زۆر بێ نەوا و غەریبترم
لە کزەبا تەزیوترم .. بڕوانە ل6-5
کاشکی خۆشی لە هەندێ (و)ی لەعین ڕزگار دەکرد کە لابردنیان هیچ زیانێک بە شیعرەکانی ناگەیەنن، بۆ نموونە:
یان: تابووت و گۆڕم چڵی پاییز بێ و ل53
یان: (با) گەلای درەخت دروێنە ئەکاو ل74
شاعیر ئەمڕۆکە لە هەموو ڕۆژێ زیاتر پێویستە بە خۆیدا بچێتەوە و بۆ هەنگاوێکی نوێ خۆی گورج بکاتەوە، تا بتوانێ ئەو شاعیرەی لە ناوەوەیدا هەیە بپارێزێ و زیاتر بیجوولێنێ. (گابریل گارسیا مارکیز) دەڵێ: (نووسەری شۆڕشگێڕ ئەو کەسەیە کە جوان بنووسێ)،(23) با ئەو ئاوەش لەپێناوی ئەو شۆڕشگێڕایەتییەدا تێکۆشێ و شتی جوان بنووسێ... پێویستە بڵێم ئەم شاعیرە ئاوە لە چاپکردنی دیوانێکی دیکەدا ئەگەر بەردەوام سووربوو بەسەر شاخی داهێناندا هەڵزنێ، ئەوە جێ پێی خۆی قایم دەکات، دەنا دەمرێ و لەبیر دەچێتەوە، بۆیە تا ئێستاش هەر لەژێر تاقی کردنەوەدایە.

سەرچاوەکان:

1- محەمەد عومەر عوسمان، لە غوربەتا، چاپخانەی وەرەس، سلێمانی1985-.

2 هێماکردنە بۆ شیعری (مرکب السکران- کەشتی مەست) أرثور رامبو، بڕوانە رامبو: حیاته و شعره، ترجمة: خلیل خوري، وزارة الثقافة و الاعلام، ل151.

3 مسرحیات لورکا، ترجمة: عبدالرحمن بدوي، ل ح.

4 ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە (859)ی ڕۆژی 2/10/1986.

5 مکسیم غورکي- صور أدبیة - ترجمة: الفرید فرج، ل35

6 ئەمە گوتەیەکی (هیگل)ە.

7 جنکیز ایتماتوف- السفینة البیضاء - منشورات دار فارابي، بیروت، سلسلة الادب العلمي، الطبعة الاولی، 198، ل81.

8 هەمان سەرچاوەی پێشوو ل81.

9 هەمان سەرچاوەی پێشوو ل81.

10 بابا الأخضر- استوریاس- ترجمة: محمد علي الیوسفي - الطبعة العربیة الاولی (1981)- دارالتنویر للطباعة و النشر ل26.

11- هەمان سەرچاوەی پێشوو- ل27.

12- ڤال: وشەیەکە لەناو ئێزدیدییەکاندا بۆ (بۆش)، (بەتاڵ) بەکاردێ، من بۆ (اللا) بەگونجاوم زانیوە، بۆیە (اللامکان)م بۆ (جێ ڤال) وەرگێڕاوە.

13- الشعر و الفکر المعاصر، بابلونیرودا شاعر المقاومة، لدکتور ضیاء نافع، ل90-89.

14- جریدة الجمهوریة، السبت (1) شباط، (1986).

15- فائدة الشعر وفائدة النقد، ترجمة وتقدیم: الدکتور یوسف نور عوض، مراجعة: الدکتور جعفر هادي حسن، دارالقلم، بیروت، لبنان، ل31.

16- القیثارة الحدیدیة، جوزیف اوکونر، ترجمة و تقدیم د. أحمد السید نادي، شیعری (باخچەی سالی) و. ب. بیتس، ل43.

17- لە شیعری (ڤان کوخ)یشدا هەر دیسان پەیڕەوی چوارینی کردووە، بڕوانە گۆڤاری نووسەری کورد، ژمار(4)، سالی (1986) خولی سێیەم.

18- مجلة الثقافة الأجنبیة، العدد الثاني، السنة الثالثة، 1983.

19- الأسس الجمالیة في النقد العربي، عرض و تفسیر و مقارنة، د. عزالدین اسماعیل، دار الشوؤن الثقافیة العامة، الطبعة الثالثة، (1986)، ل348.

20- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

21- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل349.

22- ئەمەش بە تیۆری (Bow- Wow) ناسراوە، کە ئەو تیورە هەندێ لە زانایانی زمان لێی دوان و ڕەچەڵەکی زمانیان بۆ ئەوە گێڕاوەتەوە کە لاسایکردنەوەی دەنگە سروشتییەکانە کە لە ڕووەک و باڵندە و ئاژەڵەوە دێنە دەرێ. بڕوانە: قصة حدیقة الحیوان و ثلاث مسرحیات أخری- تألیف: ادوارد ألبي، ترجمة و تقدیم: علي شلش، الهیئة المصریة العامة للتألیف و النشر، (1971)، ل97.

23- الحب في زمن الکولیرا، الطبعة العربیة الاولی، ترجمها عن الاسپانیة: صالح علماني، (1986)، ل5.

1985 - سلێمانی

* سەرنووسەری گۆڤاری (ڕامان)ە.

سەرنجێک

ئەم نووسینە، کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی چل سال لەمەوبەر دەگەڕێتەوە و نزیکەی سیوپێنج ساڵیشە بڵاوکراوەتەوە، لە یەکەمین ئەو نووسینە جددی و ڕەخنەییانەیە کە پاش چاپی یەکەمی دیوانی "لە غوربەتا"ی محەمەد عومەر عوسمان، دەربارەی ئەو کۆشیعرە نووسراوە، وتارەکە بۆ ئێستاش چەندان پێشنیاری ڕەخنە و سەرنجی وردی تێدایە، پێمان باش بوو لەم ژمارەیەدا وەک خۆی بڵاوی بکەینەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە دوو بەش بڵاوبووەتەوە، ئەمەش سەرچاوەکەیەتی:

- گۆڤاری بەیان، ژمارە: ١٥٠، کانوونی یەکەم ١٩٨٨.

- گۆڤاری بەیان، ژمارە: ١٥٥، ئایاری ١٩٨٩.



پیاوێك وەك شیعرەكانی ژیا

مەریوان وریا قانیع

(۱)

ڕێژایی تەمەنی ناسینی من بۆ محەمەد عومەر عوسمان، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵانی حەفتا، یشە ئەو هەستم هەبووە کە ئەو یەکێک لە خەمبارترین ڤەکانی دنیایە. پیاوێکە دڵتەنگ و بێئۆقرە، بێناسنامە بێئاراستە. وام هەست دەکرد گەڕیدەیەکە لە یەک کاتدا زیاد لە ڕێگەیەکەدا دەڕوات و لە زیاد لە ئاسۆیەکیش، وانێت. بەڵام سەرجەمی ئەو ڕێگە و ئاسۆیانە، ڕێگە اسۆی تاریک و لێل و داخراوبوون، یان لە باشترین ەتدا، مەحاڵ بوون. لە تەمەنی ناسینمدا بۆ ئەو تەنها ێکم بۆ نادۆزرێتەوە وام هەست کردبێت ئەو لەناویدا ووە و بەخەتەوەربووبێت. هەمیشە وادەردکەوت کی گرنگیی لێ بزربووە و شتێک لەناویدا شکاوە و ەشی ماویەتی، چاوڕوانی شکان دەکات.

هەمیشە ئەو یەکەمین و دواهەین سەردانەم لە ماڵەکەی، سلێمانی زۆر بە ڕوونی لە یادە. وابزانم کۆتایی ساڵی ۱۹ یان سەرەتای ساڵی ۱۹۸۰ بوو، ئەودەم ئەو لەگەڵ ێدا لە خانوویەکی بچووکدا دەژیان. ژوورێکی بچووکی وو کە قەرەوێڵەیەکی گەورەی نوستنی تێدابوو، ەکێک و چەند بەتانیەک و سەرینێکی لەسەربوو، خانەیەکی بچووکیش لەپاڵ یەکێک لە دیوارەکان و دانێکیش لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا بوون. من و تیار عەلی بەیەکەوە چووبووین بۆلای.

. کە چووینە ژوورەوە و دانیشتین، دوای چۆنی و ییەکی کورت، باسوخواس ڕاستەوخۆ هاتە سەر کردنی شیعر بە گشتیی و شیعری کوردیی بەتایبەتی. ەمەد عومەر حەزێکی گەورەی لە شیعری یەسەنین ، ئەو شاعیرە ڕووسەی لە تەمەنی سی ساڵی و لە ەرەتای حوکمی ستالین و دوای ڕاوەدوو و ئەزیەت و دێریکردنی بەردەوامی لەلایەن ڕژێمەکەوە، لە ژووری ێک لە ئوتێلەکانی سان بترس بۆرغ و لە تەمەنی سی یدا، لە ڕێگەی خۆهەڵواسینەوە، خۆی دەکوژێت.

ڕۆژە زۆر ناڕازییانە لە شیعری کوردیی ساڵانی ست و حەفتاکان دوا. لەناو کتێبخانە بچووکەکەیدا , چوار دیوانەشیعری تازەچاپکراوی دەرهێنا و کەوتە ێندنەوەی هەندێک لە شیعرەکانی ناویان. ئەمیانی دادەنا و ئەوێتریانی هەڵدەگرت. دوای خوێندنەوەی چەند شیعرێک لە هەرێەکێک لە دیوانەکان، جگەرەیەکی داگیرساند. هەر بە شقارتە داگیرساوەکەی جگەرەکەی، دەستی کرد بە سووتاندی دیوانە شیعرییەکان. بەبەر چاوی ئێمەوە و بە دۆخێک تێکەڵ لە پێکەنین و خەمباریی، هەر چوار دیوانە شیعریەکەی سووتاند. دوایی لە ئێمەی پرسی: چاکم نەکرد؟

(۲)

من بەر لە ناسینی محەمەد عومەر عوسمان وەکو کەس، هەندێک لە شیعرەکانیم خوێندبووەوە. ئەو وێنەیەی لەسەر ئەو هەمبوو زیاتر لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە دروستبووبوو. بەڵام لەگەڵ سووتاندنی دیوانە شیعرەکان لە ژوورەکەیەدا، زیاتر ئەوم ناسیی و زیاتر کەسایەتی ئەوم بۆ دەرکەوت. بۆم دەرکەوت ئەم پیاو چ بەهایەکی گەورە و چ نرخێکی تایبەت بە شیعر دەبەخشێت، تا ئەو شوێنەی وەک شتێکی موقەدەس دەیبینێت، هەر شیعرێکیش بۆ ناستی ئەو موقەدەسبوونە بەرز نەبێتەوە، مافی بوون و ژیانی نییە. لای ئەو پێویست بوو شیعر بەهایەکی ئینسانیی گەورەی هەبێت، شتێک لە جوانیی نەبینراو، لە خەمباریی هەستپێنەکراو، لە دۆخێکی نەناسراوی زمان، ئەم یان ئەو تاریکایی ژیان و تاریکایی بوون، بنووسیتەوە و بەرجەستە بکات. شیعر پێویستە لە یەک کاتدا چەند دەرگایەک دابخات بۆ ئەوەی بتوانێت درزێکی بچووک، یان لە باشترین حاڵەتدا پەنجەرەیەک، بەرەو جیهان بکاتەوە. شیعر بۆ ئەوەی بتوانێت شتێکی بچووک بخولقێنێت پێویستە دنیایەک شتی گەورە بشکێنێت. محەمەد عومەر پێی وابوو بەشێکی زۆری شیعری کوردیی ساڵانی حەفتا، هیچی ئەوتۆی پێ نییە، نە لەسەر مرۆڤی کورد بیلێت، نە لەسەر مرۆڤیش بەگشتیی. هیچ ناشکێنێت و هیچیش دروست ناکات. شیعرێکە لەوە کەوتووە شیعربێت. سووتاندنی دیوانە شیعریەکان ئەو وێنەیان لەبەر چاوی منداخولقاند.

پێدەچێت هیچ شتێک هێندەی شیعری خراپ محەمەد عومەر عوسمانی ئازار نەدابێت.

شتەکانی دیکە دەشێت خراپ و ناشیرین و نابەجێبن، بەڵام شیعر بۆ ئەوەی هەبێت پێویستە شیعرێکی باش و داهێنەرانە بێت. بە حوکمی ئەوەیش کە شیعری باش دیاردەیەکی دەگمەنە، لەچاو ئەو ژمارە زۆرە لە مرۆڤدا کە شیعر دەنووسن، بۆیە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی خەمباربوونی محەمەد عومەر عوسمان، دەشێت کەمیی ئەو شیعرانە بێت کە ئەو بە شیعری ڕاستەقینەی دادەنان. ڕەنگە هەر ئەمەش ئەو هۆکارەبێت کە وادەکات ئەو بڕێکی کەم، هێجگار کەم، شیعر بنووسێت. دیوانی «لە غوربەتا» دیوانێکی هێجگار بچووکە، بەڵام شیعرەکنی ناوی، هەتا خەمباریی و تەنهایی و مردن لە دنیادا بمێنن، شیعری مانادار و گرنگن. «لە غوربەتا» دیوانێکە نە لە شیعری پێش خۆی دەچێت و نە شیعری دوای خۆیشی دەتوانێت لاسایی بکاتەوە. دیوانێکی تەنها و خەمباری شاعیرێکی تەنها و خەمبارە.

(٣)

خەمباربوونی محەمەد عومەر عوسمان خەمباربوونێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی تایبەت نەبوو، ئەگەرچی ڕەگەکانی ئەو خەمبارییە لەناو واقیعی ژیانی خۆی و ژیانی کوردبوون و ئەو کۆمەڵگەیەدا بوو کە تیایدا دەژیا. ئەو لە سەردەمی ئایدیۆلۆژیا گەورەکان و سەردەمی یاخیبوون و شۆڕش و چاوەڕوانییە زۆرەکاندا، خەمبار بوو. مرۆڤ کە شیعری ئەم شاعیرە دەخوێنێتەوە واهەست دەکات لە ساتەوەختی یەکەمی دروستبوونییەوە لەگەڵ خەمدا لەدایکبووبێت. خودا لەو ساتەوەختەدا، چەند گۆزەیەک زیاتر لە مرۆڤی تر، خەمی خستبێتە ناو جەستە و ڕۆح و زمانی ئەوەوە. ئەو هەم بە سروشت و بە کاراکتەر و هەم بە بوون لەناو جیهاندا و هەم بە مرۆڤبوون و هەم بە شیعر، خەمباربوو. ئەو خەمباربیە فرەشێوەیەش وایدەکرد هیچ شتێک نەتوانێت کەمەکێک سووکنایی پێببەخشێت، بە هیچ شتێک ئۆقرە نەگرێت و شتێک نەبێت بتوانێت بەختەوەریی بکات.

لۆمەی من مەکەن.
ئێوە ئەوانەی لە ژووری گەرما..
لە پشت پەنجەرەی داخراوەوە..
سەیری ئاسمانی باوبۆران ئەکەن
ئەو ساتانەش کە دەرگای ژوورەکەم..
بە ڕووی «با» و بەفرا توند پێوەداوە
«با» لەناو خۆیتما هەڵی کردووە..
لە شەختە و زوقما پەلم کوتاوە

پێدەچێت ئەو بایە بەردەوامە لەناو خوێنەکەیدا، بای خەمباریی و شیعرنووسین بێت. شیعرێک بتوانێت شەختە و زوقمە ناوەکییەکانی ئەو کەمەکێک گەرم بکاتەوە. هەر شیعرێکیش ئەم گەرمایەی پێتەبێت، ئەو نەتوانێت وەک شیعر ببینێت و نەتوانێت قبوڵی بکات. ئەم دۆخی گەڕانە بەدوای گەرمایی ناو شیعر لە هەموو شوێنەکدا وادەکات نە لە پەیوەندییەکانیدا، نە لە ئیش و کارکردندا، تەنانەت نە لەناو خودی شیعر خۆیشیدا، نەتوانێت بەختەوەربێت. لە سەرێکی دیکەوە ئەو کەم نووسینەشی کە باسم کرد، ڕەنگە پەیوەندی بەوەوە هەبێت ئەو دەیزانی و دڵنیابوو لەوەی، کە شیعریش ناتوانێت ڕزگاری بکات. شیعریش دەرەقەتی ئەو کێشوەرە ناوەکییە لە شەختە و زوقم و تەنهایی نایەت، کە تا دەهات لەناویدا گەورە و گەورەتر دەبوو. ئەم دۆخە وادەکات تێپەڕانە سەیری سەرجەمی یۆتۆپیا و ئایدیۆلۆژیا و مژدە و بەڵێنە گەورەکانی ناو سەردەمەکەی خۆی، بکات. بەم مانایە ئەدەبی محەمەد عومەر عوسمان ئەدەبی بەر لە دروستبوونی یۆتۆپیاکان و ئەدەبی دوای وێرانبوونی یۆتۆپیاکانە. ئەدەبی سەردەمی زوقم و شەختە ناوەکییەکانە. ئەو دەنگی پاکی پشت پەنجەرەی ناو ژوورێکی دخراو، بوو، بەڵام دەنگێکی تەواو خەمبار کە بەدوای گەرماییەکدا دەگەڕێت کە نایدۆزێتەوە، گەرماییەک بۆ ئەبەد بزری کردوە. بۆیە ئەو نە هیچ یۆتۆپیایەک و نە هیچ ئایدیۆلۆژیایەک، نەیدەتوانیی ئاسوودەی بکات.

به مانایەک لە ماناکان شیعری محەمەد عومەر عوسمان شیعری شاعیر و کەس و ڕۆژگارێکە کە ئینسانەکانی ناتوانن بەختەوەربن. بەم مانایە دیوانی «لە غوربەتا»ی ئەم شاعیرە مانیفێستی لەدایکبوونی دنیایەکە جگە لە تەنیایی و زوقم و غوربەت هیچیتر بە ئینسان و شاعیرەکانی نابەخشێت. بەڵام ڕەنگە هەموو ئەمانە لەو گومانە کەم نەکەنەوە گەر محەمەد عومەر عوسمان لە هەر شوێنێکی تری ئەم جیهانەدا لەدایکبوایە، دەشێت هەمان ئەو محەمەد عومەر عوسمانە بێت کە لە سلێمانی و لەناو دیوانی «لە غوربەتا» لەدایکبوو، خەمباری ئەو، بە پلەی یەکەم، پەیوەندیی بە ئینسانبوونەوە هەیە وەک ئینسان، ئینسانبوون وەک پرۆژەیەکی قورس و مەحال.

(٤)

هەر لە یەکەمین شیعری ناو دیوانی «لە غوربەتا»ەوە، ئێمە دەکەوینە بەردەمی دوو ڕەگەزی سەرەکیی ناو شیعری ئەم شاعیرە، دوو ڕەگەز کە بە درێژایی تەمەنی شیعریی ئەو لەگەڵیدا دەمێننەوە و دەبن بە بەشێکی سەرەکیی شوناسی شیعری ئەو. یەکەمیان ئەو خەمبارییە بەردەوامەیە کە لە پاییزدا وەک ڕەمزی سەرەکیی ناو شیعرەکانی، بەرجەستەی دەکات. پاییز وەک ڕەمز و وەک تێمای هەرە سەرەکیی ناو شیعری ئەو. ڕەگەزی دووهەمیان مردنە کە لە زۆربەی شیعرەکانیدا لە فۆرمی پووکانەوە و وەرین و لەناوچوون و تواندنەوە و لێکدابڕاندا، ئامادەیە. پەیوەندییەکی ناوەکیی پتەویش لەنێوان پاییز و مردندا لە سەرتاپای شیعرەکادا هەیە و کار دەکات، تا ئەو شوێنەی هەرکاتێک باس لە پاییز دەکرێت باس لە مردن و کە باس لە مردنیش دەکرێت پاییز ئامادە و بەرجەستە دەبێت. یەکەمین دێڕی ناو دیوانی «لە غوربەتا» ئاوا دەست پێ دەکات.

ئەزانیت بۆ دنیای شیعرم هەر پاییزە هەر زریانە
من تەنها پاییز شک دەبەم، پاییز بۆ من نیشتمانە

هەم یەکەمین دێرەی ناو دیوانەکەدا محەمەد عومەر عوسمان بە هەمووان دەڵێت کە ئەو پیاوی ناو پاییزە، ناو پاییزە جیاوازەکانی ژیان. ئەو کەسێکی خەمبارە، هەم دنیای شیعری ئەو و هەم ئەو دنیایەش کە تیایدا وەک نیشتمان دەژی، بە خەم دروستکراون. تا گەیشتن بەو دەرەنجامە تراژدییە کە بڵێت ئەو لەناو دنیادا تەنها پاییز بۆ نیشتەجێبوون شک دەبات. پاییز بۆ ئەو تەنها نیشتمانێکە هەیبێت. ئەم پاییزەش سەرزەمینی دووانەی خەمباریی و مردنە.

لق و چلەکان بوونە هەزاران دەستی پڕ نزا و
«با» تەرمی ملیار گەڵای شەهیدی داوە بە کۆڵا
ئەفسوس گەڵاکان ئەکەونە ژێر پێ-
سەرگەردان ئەبن لە گەرد و خۆڵا

بوونی پاییز بە نیشتمان، ئەو لەعنەتە شیعرییە لە شوێنێکی نادیارەوە لەم شاعیرە کراوە، ئەمەش وادەکات ئەو بنجینەیەکی گەورە و نامۆ بێت، کەسێک جگە لە دروستکردنی ماڵێک لەناو پاییزدا، شوێن و جێ و ماڵێکی دیکەی تری نەبێت. کەرەستەکانی بەردەستی ئەو بۆ دروستکردنی ئەو ماڵەش لەناو پاییزدا شیعر و زمانە. بۆیە بێماڵییەکەی تا ئەو شوێن دەڕوات کە پاییز لێرە نییە، لەگەڵ هاتنی پاییزدا ئەو دەبێت بە خاوەنماڵ، ماڵێک لەناو زماندا و زمانێکیش پاییز سنوورەکانی بوونی لەناو جیهان و لەناو ماناندا، بۆ دروست دەکات.

پاییز لە دنیای شیعری وێڵ بووما..
ئاسمانێکی پڕ لە گەردەلوولە
پاییز لە خوێنما مزمە و ئەسووتێ-
پاییز لە دڵما زامێکی قوولە

بەڵام ئەم شاعیرە لەناو ئەو ماڵە پاییزییەدا کە وەک مۆمێک لەناو خوێنیدا ئەسووتێت، تا ئەو شوێنە دەڕوات خۆی بە «ژەنەڕاڵی پاییز» ناو ببات. خۆی وەک ئەفسەرێکی گەورە و دەسەڵاتداری ناو پاییز وێنا بکات، بەڵام ژەنەڕاڵێک کە برین و وێلبوون و زامی قوول سەربازەکانی بەردەستیەتی. کە پاییزیش دەبێت بە نیشتمانی ئەو، ئیتر پشت دەکاتە

هەموو نیشتمانێکی تر. بەشێک لە خەمبارییە ئەم شاعیرە لەناو ئەم بە ئەبەدیکردنەی پاییزدایە وەک یەکەمین و دووهەمین نیشتمان. ئەمەیە وادەکات لە یەکێک لە دێرەشیعرییەکانیدا دەپرسێت:

«بۆ چوار وەرزی سال نابێتە پاییز؟-»

(٥)

بەڵام پاییز لە شیعری ئەم شاعیرەدا تەنها لە بوون بە نیشتماندا ڕاناوەستێت.

پاییز، بەر لە هەموو شتێک، جۆرێک لە جوواڵە و گۆڕان و بێتۆقرەیی بەردەوامە. تێپەڕینی خێرا و بەردەوامی وێنە و دەرکەوتن و ڕەنگی شتەکانە، تا ئاستی وەرین و نەمان و ڕووتبوونەوەی تەواوەتی. هەموو ئەمانە ئاکاری سەرەکیی پاییزە وەک وەرزێک لە وەرزەکانی ساڵ. وەرینی گەڵا و ڕووتبوونەوەی تەواوی درەختەکان، گۆڕانی خێرا و بەردەوامی ڕەنگەکان، تا بە زەردبوونی دەوروبەر و شتەکان دەگات، بەدەر لەوەی ئەم زەردبوونەش بگۆڕێت بە ڕەنگی خۆڵەمێشی، ڕەنگێکی بێڕەنگ، وێنە گشتییەکەی پاییزە.

لەم خوێندنەوەیەدا و لە ئاستی سایکۆلۆژیدا پاییز هێمای دۆخێکی تەواو ناجێگیر و پڕ لە بێتۆقرەیی هەمەجۆرە. بیرۆکەی سەرەکییش لە گۆڕانکارییە زۆر و خێراکانی ناو پاییزدا بیرۆکەی مردنە، مردن لە فۆرمی لەدایکبوون و لەناوچوونێکی خێرادا، کە وەرین میتافۆرە سەرەکییەکەیەتی. وەزیفەی سەرەکیی مردن وەک میتافۆری سەرەکیی یەکسانە بە لەدەستدانی خودی ئەو نیشتمانەش کە شاعیرەکە لەناو پاییزدا دروستی کردووە، واتە کۆتایی خودی نیشتمان خۆی و سەرەتای کەوتنە ناو دۆخی بێماڵییەکی ڕەها و هەمەلایەنە. بەم مانایە پاییز وەک نیشتمان مانای نیشتەجێبوون لەناو شوێنێکی تەواو کاتیی ناجێگیر و تێپەڕدا، ناجێگیرییەکی ڕەها و گەمارۆدراو بە وەرین و کۆتاییهاتن. بە کورتییەکەی، پاییز نەک تەنها وەک شوێنێک بۆ مردن، بەڵکو وەک ئاهەنگێک بۆ مردن.

ئێوارەیە و
گۆڤەی «با» دێ-
هەور ئاسمانی گرتووە
ئێوارەیە و
داری پاییز ئاهەنگی مردن ئەگێڕێ-
گەڵا سەرچۆپی گرتووە

(٦)

بەڵام پاییز وەرزی مردن نییە بە تەنها، بەڵکو وەرزی بەرجەستبوون و توانای بینینی بەردەوامی خودی مردن خۆیشیەتی. شتەکان لە بەهاردا لەدایکدەبن، بەڵام لە پاییزدا بەبەر چاوی مرۆڤاکانەوە دەمردن، مردنێکی بینراو و بەرجەستەبوو، مردنێک بەرجەستە لە وەرینی گەڵا، ڕووتبوونەوەی درەخت، نەمانی ڕەنگەکاندا. هەموو ئەم شتانە قابیلی بینینن و هەر هەموویان بەبەر چاوی مرۆڤەوە، ڕوو دەدەن. کردنی پاییز بە نیشتمان مانای نیشتەجێبوون لەناو دۆخێکدا کە تەنها مردن پێکهاتە سەرەکییەکەیەتی، بەڵکو بینراوی ژمارە یەکی ناویشیەتی. دیوێکی دیکەی پاییز ئەوەیە کە هەموو شتێک لەناویدا تەمەن کورتە، شتەکان، وەک وتمان، بە خێرایی دێن و گۆڕانی گەورەیان بەسەردادێت و لەناو دەچن. پاییز بەم مانایە خاوەنی ئەو جوانیانەشە کە کورت تەمەن و کورت دەژین، ئەو جوانییانەی هەمیشە بە مردن کۆتاییان دێت. بە مانایەک لە ماناکان پاییز وەرزی ئیستاتیکای وەرین و تێپەڕینە، وەرزی ئەو فۆرمەیە لە جوانیی کە پێ لەسەر کاتیبوون و کورتبوونی شتەکان، دادەگرێت. بڕێکی زۆر لە ئیستاتیکای دۆڕان و لەناوچوون لەناو میتافۆری پاییزدا ئامادەیە.

خۆزگە ئەمتوانی ئەو گەڵایانە..

ەربهێنمەوە لە چنگی ساردی کزەی نیوەشەو
ە تالی شەنگی پەلکەزێرینە کفنیان بکەم و
ە مەزارێکا.. بیانسپێرم بە فریشتەی خەو

(٧)

ناو پاییزدا ئەم شاعیرە بەردەوام جۆرێک لە تەنهایی
گەڵدا بوو کە بە چاوی ئاسایی نەدەبینرا، بەڵام لەناو
یعرەکانیدا زۆر ئاشکرا و بەرجەستەبوو. ئەو ئەم
نهاییەی لەگەڵ دوو شتدا بەش دەکرد. یەکەمیان لەگەڵ
گەرە و دووکەڵی جگەرەکانیدا، کە لە لێوەکانی ئەوەوە
ەرەو جیهان دەهات. دووهەمیان لەگەڵ شیعردا، شیعرە
ر لە پاییز و وەرین و مردنەکانیدا.
ەنهایی لە شیعری محەمەد عومەر عوسماندا ساتێکی
ورت و کوتوپڕ نییە بێتەکایەوە و دوای ماوەیەک
ۆتایی پێبێت و بسڕێتەوە، بەڵکو ئەو ژێرخانە وجوودیی
سایکۆلۆژیی و شیعرییەیە کە هەموو ژیانی لەسەر
ڕوست دەبێت، سەرزەمینەکە ئەو ناتوانێت بۆ ساتێکیش
ەجێی بهێڵێت. دۆخێکی وجوودی هەمەلایەنە کە دەرەوەی
ییە، دەرەوەیەک مرۆڤ بتوانێت بچێتە ئەودیوییەوە.
ەنیایی ڕووبەرێکی داخراوە کە چوونەدەرەوە لێی مەحاڵە.
ەوەیشی ئەم تەنهاییە لای ئەم وەک شاعیرێک قورس و
ڕووکێنەر دەکات، ئەو جۆرە پرسیارانە بوو کە باسمان
ردن. لەمەش قورستر تێکەڵبوونی ئەم دۆخەبوو بەو
ائومێدبوونە گەورەیەی ئەم وەک شاعیرێک لەگەڵیدا
یا: نائومێدبوون لە سیاسەت، لە نیشتمان، لە کۆمەڵگە،
ە هاوڕێیەتی، لە سەفەر، لە هەموو ئەو شتانەی خۆیان
ەو وەک شاعیرێک دەشاردەوە و ئەمیش خۆی لەوان،
ەشاردەوە.

ۆ خۆتم لێ مەشارەوە
ن لە گەڵای زەردی پاییز-
ۆر بێ نەوا و غەریبترم
ە کزەبا تەزیوترم

ەرجەمی ئەم شتانە وادەکەن محەمەد عومەر عوسمان
ناعیرێکی تەواو دەگمەنی ناو ئەدەبیاتی ئێمەبێت، ڕەنگە ئەم یان ئەو ڕەگەزی ناو شیعرەکانی لای ئەم یان ئەو شاعیری تر بدۆزینەوە، بەڵام کۆبوونەوەیان بەو جۆرە لەناو ژیان و ئەدەبیاتی ئەودا بێنموونە و بێپێشینەیە. ئەمە وادەکات محەمەد عومەر عوسمان دەنگێکی هێجگار دەگمەن و گرنگیی ناو ئەدەبیاتی ئێمەبێت. تەنهایی یان پاییز دەشێت لە شیعری ئەم یان ئەو شاعیردا بوونی هەبێت، بۆ نموونە بوونی پاییز لای گۆران، بەڵام لەو ئەزموونە شیعریانەدا ئەم ڕەگەزانە ڕەگەزێکی کورتخایەن و تێپەڕن، کەچی لای محەمەد عومەر عوسمان هەموو سەرزەمینە شیعرییەکەی و ئەو نیشتمانە ڕەمزییەشە، کە هەموو تەمەنی لەناویدا دەژی و دەنووسێت و دەمرێت. پاییز فۆرمێکە لە بوون، شێوازێکە لە ژیان، جۆرێکی تایبەتە لە پەیوەندیی مرۆڤ بە خۆی و بە کەسانی تر و بە جیهانەوە.

(٨)

ئەوەی باسم کرد دەرەنجامە وجوودیی و نیستاتیکییەکانی کردنی پاییزە بە نیشتمان. شیعر لێرەدا دەبێت بە شایەتی بینینی هێزێکی نەناسراو کە بەدیار چاومانەوە کۆتایی بە ژیان دەهێنێت. ژیان و هەموو ئەو شتانەی لەناویدان، دەگۆڕێن بۆ دیاردەی کاتیی و تێپەڕ، بە خودی خۆمان و دۆست و خۆشەویست و دوژمنەکانیشمانەوە. کردنی پاییز بە نیشتمان مانای چوونە ناو گەمەیەکی ڕۆژانە و بەردەوامەوە لەگەڵ مردندا. پاییز وەک وەرزی سەیرکردن و ڕامانی بەردەوام لە مردن، ڕامان لە وەرین و تەنیاکەوتن و ڕووتبوونەوە لە بەردەم ژیاندا.

بەڵام ئەم ئامادەگییە بەردەوامەی مردن و نەمان لە پاییزدا وەک میتافۆرێکی شیعریی، وەک هێزێک مرۆڤ بە بەردەوامی بخاتە بەردەم مردنەوە، وەک ئاگادارکردنەوەیەکی وجوودییانە لە نزیکی مردن و ئامادەبوونی سەرسەختانەی لە هەموو شوێنێکدا، دەشێت پاڵنەرێک بێت بەرەو باوەشکردن بە ژیاندا. ئاخر ئەگەر مردن هێندە نزیکبێت وەک نزیکی وەرینی

گەلاکان. بۆیە دەشت ئینسان وا لێبکات بە هەموو توانایەوە باوەش بە ژیاندا بکات، باوەش بە هەموو ساتەکانیدا، ژیان گەر هێندە کوربێت، پێویستە مرۆڤ هەموو ساتەکانی بە خەستیی بژی. لەم دۆخەدا پاییز دەشێت پاڵنەرێکی گەورەبێت بۆ باوەشکردنەوە بۆ ژیان، تا دواهەمین دڵۆپ و دواهەمین هەناسەکانی. بەڵام بەداخەوە ئەمە ئەزموونی محەمەد عومەر عوسمان نەبوو لەگەڵ پاییزدا. ئەو لەناو پاییزدا وەک نیشتمان لە ساتەوەختی وەرینەکاندا دەمێنێتەوە و ئەو ساتەوەختانەش بە ئەبەدیی دەکات. کاتێکیش دەمرێت و ژیان بەجێدەهێڵێت دەخوازێت تەنانەت گۆڕەکەشی «چڵی پاییز» بێت.

توخوا گەر مردم.. گەلا کفنم بێ-
دەمیشم پڕ کەن لە گەلای وەریو
تابووت و گۆڕم چڵی پاییز بێ و
تەرمم مەنێنە ناو خاکی تەزیو

ئەزموونی شیعری محەمەد عومەر عوسمان ئەزموونی تەرجەمەکردنی پاییز نییە بۆ باوەشکردنی زیاتر و زیاتر بە ژیاندا. وەک وتم ئەو لە یەکەمیان شیعرییەوە ئەو نەخشە و ماڵە شیعرییە دەستنیشان دەکات کە بە درێژایی تەمەنی لەناویدا دەمێنێتەوە. لە زۆرێک لە شیعرەکانیدا وەفادارانە هەم لەناو پاییزدا وەک نیشتمان دەمێنێتەوە، هەم لەپاڵ بیرۆکەی مردن و وەریندا. بەڵام گۆڕانێکی گەورە کە لەناو دیوانەکەدا ڕوو دەدات، گۆڕانێک تراژیدیتر لە کردنی پاییز بە نیشتمان، بریتییە لە گۆڕانی بابەتی مردن لای ئەم شاعیرە بۆ بابەتی خۆکوشتن. گواستنەوەی ئەزموونی مردن لە کردەیەکی سروشتییەوە، وەک وەرینی گەلایەک لە پاییزدا، بۆ وەسوەسە و کردەی، خۆکوشتن.

ئەمشەو خەڵکی شار پەنجەرەکانیان خڕ داخستووە..
تەنیا من نەبێ پەنجەرەکەمم خستۆتە سەر پشت
کێ وەک من پێکی لە غەمی گەلای زەرد لێوڕێژ ئەکا؟..
هاکا بە بالای داریکی ڕووتا.. خوێنی خۆمم ڕشت

محەمەد عومەر عوسمان، بە شوێنپێی یەسەنینا دەڕوات بە ئاشکرا بە هەمووان دەڵێت «هاکا بە بالای داریکی ڕووتا- خوێنی خۆمم ڕشت».
بەم جۆرە بیرۆکەی خۆکوشتن دەبێت بە بەشێک لە وەسوەسەی شیعریی و وەسوەسەی ژیان هەم لە دیوانی «لە غوربەتا» و هەم لەناو خودی ژیانی ئەودا. بە حوکمی ئەوەیش کە محەمەد عومەر لە توخمی ئەو جۆرە شاعیرانە بوو کە سنوور و مەسافەیەکی لە نێوان شیعر و ژیاندا نەدەبینی و لە ژیاندا دەیوسیت وەک شیعر بژی و لەناو شیعریشدا دەیویست هەموو ژیانی خۆی بژی، بۆیە ئەم گواستنەوەیە لە مردنەوە بۆ خۆکوشتن، بەو خۆکوشتنە تراژیدییە کۆتایی هات کە هەمووان هەواڵەکەیمان لە ڕێگەی میدیاکانەوە بیست. گۆڕینی ژیان بۆ شیعر ژیان دەکات بە پرۆژەیەکی مەحاڵ و خۆکوشتنیش دەهێنێتەوە سەر ئەو کورسییە و ناو ئەو ژوورەی مرۆڤ لەسەری دادەنیشێت و دەژی.

(٩)

پێشتر هێمام بەوە کرد کە شتێک لە ئیستاتیکای دۆڕان و لەدەستچوون لەناو میتافۆری پاییزدا ئامادەیە. ئەم دۆڕان و لەدەستچوونەش سەرچاوەی ئەو فۆرمە هەمەجۆرانەی خەمبارییەن کە لە دیوانی «لە غوربەتا» ئامادەن. ئەم خەمبارییەش لە ئەزموونی محەمەد عومەر عوسماندا، بە جۆرێک لە جۆرەکان. خەمبارییەکی حەتمییە. خودی ئەزموونە شیعرییەکە خۆیشی دەکرێت وەک هەوڵدانی ئەو شاعیرە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم حەتمیەتەدا، ببینین. یان وەک خواستێک بۆ دروستکردنی جۆرێک لە ئاشتیی لەگەڵ ئەم حەتمیەتە تاڵەدا.
لەم ئاستەدا ئەوەی محەمەد عومەر وەک مرۆڤێک لە ڕەگی پاییزەوە پێی دەگات، بە هەموو پێداگرتنەکانییەوە

سەر وەرین و نەمان و کۆتایی، کۆمەڵک دەرنجامی خلاقییە، کە ئەو وەک مرۆڤێک هەم بە خۆی و هەم بە سانی تر‌ەوە، گرێ دەدات. ئەم شاعیرە کە خوازیاریی وەبوو شیعری پاکژ بنووسێت، هاوکات خۆیشی بە مان پاکژییەکانی ناو شیعرەکانییەوە، ژیا. پاکژییەکانی ر شیعر، بووبوون بە پاکژیی ئەخلاقیی و ئینسانیی و استە و مانایەکی تایبەتیان بە ژیانی ئەو دەبەخشت. یز و مردن لای ئەم شاعیرە وەک مرۆڤ، دەبن بە زێکی ئەخلاقیی گەورە و وادەکەن سەرقاڵی ئەوەبێت انی خۆیشی وەک شیعرێکی پاکژ و کورت و بێناشیرینی ی. ژیانێک دابڕاو لە سەرجەمی ئەو تەماح و خواست حەزانەی توانا و ئەگەری ئەوەیان تێدایە مرۆڤ بگۆڕن ، بوونەوەرێکی ناشیرین و نائینسانیی. محەمەد عومەر ومەر وەک شاعیر شاعیرێکی ترسناک بوو، ئەو دەیویست یز بکات بە نیشتمانی هەموومان، بەڵام وەک مرۆڤ ڕۆڤێکی بێوەی و بێکێشە و بێتەماح و بێرق و بێبوغز و، مرۆڤێک بوو لە فۆرمی قەسیدەیەکی تراژیدیی خاوێندا ات و ژیا و ڕۆیشت.

(١٠)

سیارەکانی ناو شیعری محەمەد عومەر عوسمان لە کۆتایی ەفتاکان و هەشتاکاندا، پرسیاری ئەو نەوەیە نەبوو، کە ڵ نموونە، من یەکێک لە ئەندامەکانی بووم. پرسیارەکانی رسیاری فیکریی و فەلسەفیی و تیوریی نەبوون، پرسیاری ۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئایدیۆلۆژیش نەبوون، بەڵکو ئەو بژە پرسیارانە بوون کە پەیوەندییان بە بوونی مرۆڤەوە ەیە وەک مرۆڤ، مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی دەگمەنی ناو بیهان. زۆرجاریش ئەو پرسیارانە بێوەڵام بوون. پرسیاری ە جۆری وەک: «مرۆڤ بۆ خەمبارە؟»، «بۆ وەرسە؟»، «بۆ تەنهایە؟»، «غوربەت چییە؟»، «مەینەتی چییە و ە کوێوە دێت؟»، ئەی «پاییز بۆ وەرزێکی خەمناکە؟»، «بۆ گەڵاکان لە پاییزدا دەمرن؟»، «درەختەکان بۆ ڕووت ەبنەوە؟»، «خۆزگوشتن بۆ هەیە؟». ئەو هەر لە سەرەتای یوانەکەیدا باس لە ترسێکی تایبەت، بەڵام گەورە و ۆقینەری ژیانی خۆی دەکات. ترسی ئەوەی دڵی مرۆڤ «ببێت بە پارچەیەک سەهۆل».

تۆ خۆتم لێ مەشارەوە
ئەترسم دڵ ببێتە پارچەیەک سەهۆل-
بەدەم کزەی ئێوارەوە

ئەم پرسیارانە لەو ڕۆژگار و سەردەمەدا پرسیارگەلێک بوون ئەدەبیاتی ئێمە نەدیدەکردن، پرسیارەکان خۆیشیان بێوەڵام بوون. تراژیدیای محەمەد عومەر عوسمان وەک شاعیر لەوەدا کۆتایی نەدەهات کە ئەو جیا لە هەمووان پاییزی کردبوو بە نیشتمانی خەمباری خۆی، بەڵکو لەوەشدا بوو لەناو ئەو پاییزەدا کۆمەڵێک پرسیاری هەڵگرتبوو، کە پرسیاری بێوەڵام بوون. کێشەکەش لەوەدابوو ئەو پرسیارانە لای محەمەد عومەر عوسمان پرسیاری کاتی و تێپەڕ نەبوون، بەڵکو پرسیارە شەخسی و هەمیشەییەکانی ئەو بوو، هەم لە خۆی و هەم لە ژیان و هەم لە شیعر. لە ڕاستیدا مرۆڤبوون و شاعیربوونی ئەو گرێدراوی کردنی ئەو پرسیارانە و بەرجەستەکردنیان بوو، لەناو زمان و وێنە و تێمای شیعریدا، دوای بەرجەستەبوونیان لەناو ژیانی شەخسی خۆیدا.

محەمەد عومەر عوسمان، بەسەرپەکەوە، شتێک زیاتر لە بیستوپێنج شیعری نووسیی، ژمارەیەکی زۆر کەم لە شیعر، بەڵام هەرکەسێک بیەوێت لەسەر میژووی شیعری کوردیی لە سەدەی بیستەمدا بوەستێت، ناتوانێت باز بەسەر ئەزموونی شیعری محەمەد عومەر عوسمان و ئەو ژمارە کەمە لە شیعردا، بدات. ئەم شاعیرە دەنگێکی شیعری دەگمەنی کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکانە، جیاواز لە هەموو دەنگە شیعرییەکانی تر دەینووسی. هەم جیاواز لە دەنگی ئەو شاعیرانەی بەر لەو لەوێ بوون، هەم لەوانەیش کە دوای ئەو هاتن. محەمەد عومەر عوسمان دیاردەیەکی شیعرییە بە تەنهایی دروست دەبێت، بەڵام لەو باوەڕەدام، هەتا شیعری کوردی بمێنێت، ئەو وەک دەنگێکی دەگمەن دەمێنێتەوە.

ئەمستردام
ملانگی ١٠ ساڵی ٢٠٢٤

محەمەد عومەر عوسمان
پێداگریی لەسەر غوربەت

بەختیار عەلی

ناوەڕاستی هەشتاکان، چاپخانەی شەعب لە سلێمانی
لە ڕاستەوە: بەختیار عەلی، محەمەد عومەر عوسمان، ئازاد بەرزنجی و گۆران بابەعەلی

سەرەتای سالانی هەشتادا، بۆ یەکەم جار محەمەد
ەر عوسمانم ناسی. ئەوکات هەردووکمان زۆر گەنج
ن، بەڵام حەمە هەر لەو سەرەتایانەوە، شێواز و
ڵێکی تایبەت بە خۆی هەبوو. ئەو سەردەمە تۆزێکی
شندەیی شیعری ئەو بوو، بەشی هەرە زۆری شیعرە
ەکانی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای
ستاکان. تاقانە دیوانەکەی زادەی ئەو ڕۆژانەیە. لەو
ەدا هەندێک جار یان ئەو دەهاتە مالمان یاخود داوەتی
ی خۆی دەکردم و لەوێ شیعری بۆ دەخوێندمەوە،
ڕێت بڵێم زۆربەی شیعرەکانی دیوانی لە غوربەتام،
ک زۆرینەی هاوڕێکانی ئەو سەردەمەی حەمە، لە زاری
یەوە گوێ لێ بووە. بۆچوون و سەیرکردنمان بۆ شیعر
ر لە یەک دوور بوو، بەڵام من ئەو فەزا پاییزییەی ئەوم
ر بەدڵ بوو. شاعیرە ڕاستەقینەکان هەمیشە لە هەستی
ربەتەوە دەست پێ دەکەن. لەو سەردەمەدا تەواوی
ەی ئێمە لە بەریەککەوتێکی تونددا بووین لەگەڵ دنیادا.
ەسی سااڵی حەفتاوپێنج، دەستپێکردنەوەی شۆڕش،
تنەسەرکاری حکومەتێکی دینی لە ئێران، دەستپێکردنی
ەنگی هەشت ساڵەی عێراق - ئێران، ئەو ڕووداوە
اژیدییە گەورانە، ڕوویەکی تەواو غەمناکیان بە ژیانی
ە بەخشیبوو. حەمە لەو سەردەمەدا بۆ ماوەیەکی کەم
ەرباز بوو، ئەزموونی سەربازیی تووڕەتر و نامۆتری
ەبوو. لەو سەردەمەوە ئەزموونی غوربەتی حەمە قووڵ
ستی پێ کردبوو. هەر لەو ڕۆژگارەوە هەستم دەکرد
و بڕیارێکی هەمیشەیی داوە لەگەڵ ژیاندا ئاشت نەبێتەوە.
ەندێک تۆزان هەن بە ئەندازەیەک قووڵن، چیتر لە توانای
ڕۆڤدا نییە، بە تەنیا چارەی بۆ بدۆزێتەوە. غوربەتەکەی
ەمە بۆ ماوەیەکی کەم لە فۆرمی شیعردا گوزارشتی لە
ۆی کرد، بەڵام دواتر وەک جۆرە نامۆبوونێکی بەردەوام
ە دنیا، درێژەی بە خۆیدا. حەمە دوای ئەو قۆناغە، جگە
ە چەند ئەزموونێکی زۆر کەم، لە شیعرنووسین وەستا،
ەڵام هەرگیز دەرگایەکی نەدۆزییەوە لە ڕێگەیەوە
گەڕێتەوە ناو ژیان. شاعیرییەتەکەی وەک خوێندنەوەی
بەیاننامەیەک بوو، بۆ ڕاگەیاندنی غوربەتی هەمیشەیی
خۆی، بێگەوەی پێویستی بەوە بێت، ئەو ڕاگەیاندنە چەند
جارێک دووپات بکاتەوە. وەک ئەوە بوو بۆ ئەوە لەدایک
بووبێت، تا پێمان بڵێت، ئێمە لە غوربەتدا لەدایک دەبین
و هەموو هەوڵێکی هەڵهاتن، بێمانا و بێسوودە. وەستانی
حەمە لە نووسینی شیعر، هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی
نەیدەویست لە غوربەت زیاتر ژیانی خۆی بە هیچ چەمک و
ئەزموونێکی دییەوە گرێبدات. لە دوای ئەوە پێویستییەکی
قووڵی بە شیعر نەبوو، بەڵکو ئایدیای خۆکوشتن بووبووە
ئەو چەقۆیەی لەگەڵ ژیاندا شەڕی پێدەکرد. لە دوای
دیوانەکەوە وازی لەوە هێنا لەسەر غوربەت بنووسێت،
تەواو خۆی تەرخان کرد بۆ ئەوەی غوربەت بژی. ئەم
جۆرە لە وەرگەڕان و پێداگرتن لەسەر پراکتیککردنی شیعر
وەک ژیان، تایبەتمەندییەکی وەهای بە حەمە بەخشی،
سااڵنێکی زۆر، بێئەوەی هیچ بنووسێت، بەردەوام لەسەر
عەرشی شاعیرییەت بمێنێتەوە.

ئایدیای خۆکوشتن، بیرۆکەیەکی بەردەوام و بنەڕەتی بوو
لەلای. بەو مانایە نا کە ڕاستەوخۆ مالاوایی لە ژیان بکات،
بەڵکو بەو مانایەی هەموو ڕۆژێک کاتێک لە خەو بێدار
دەبێتەوە، سەر لە نوێ پەیوەندی خۆی لەگەڵ دنیادا
بپچڕێتەوە.

من کاتێک حەمەم ناسی، هەر لە سەعاتی یەکەمەوە،
گوێم لە ئایدیای خۆکوشتن بوو لە لای. لەو چل
ساڵەدا باوەڕ دەکەم، ئەگەر دەستی لە غوربەتی
خۆی هەڵبگرتایە، بە جۆرێکی ترسناک ون دەبوو.
ئایدیای خۆکوشتن یارمەتیدەرێکی گەورەی
بوو بۆ ئەوەی بژی و بمێنێتەوە. لە ڕێگەی
بیرۆکەی خۆکوشتنەوە، ئەو جۆرە بیمنەتییە
دەڕیا کە وادەکات مرۆڤەکان لە ژیان و لە مردن
نەترسن. لە ڕێگەی ئامادەکارییەکی بەردەوامەوە
بۆ خۆکوشتن، دزێوی ژیانی لە خۆی دوور
دەخستەوە. ئەو بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک
مردوویەکی زیندوو خۆی دەردەخست، تا
سیستمی کۆمەڵایەتی و سیاسی بیر لەوە
نەکەنەوە، بیهێنێتە ژێر ڕکێفی خۆیان. لە ڕاستیدا
غوربەتی حەمە، غوربەتێکی کۆمەڵایەتی نەبوو،
لەو جۆرە غوربەتانە نەبوو، تەنیا زادەی
تووڕەبوونێک بێت دەرهەق بارودۆخی
سیاسی یان کۆمەڵایەتی. حەمە باوەڕی

وابوو، نامۆیی مرۆڤ پەیوەندییەکی بە گۆڕانکاریی باری کۆمەڵایەتییەوە نییە. ئەو نامۆبوونی لە ناوەڕاستی وجووددا دەبینی، نامۆبوون ئەو چارەنووسەیە مرۆڤ چەند هەوڵبدات ناتوانێت لێی دەربچێت، دەتوانێت لە بیر خۆی ببات‌ەوە، دەتوانێت پشتگوێی بخات، دەتوانێت وەک ئازارێکی کوشندە و هەمیشەیی بە هەندێک دەرمان هێوری بکاتەوە، بەڵام نامۆبوون فەزایەک نییە بتوانین لێی بچینە دەرێ. غوربەتی وەک شکست سەیر نەدەکرد، بەڵکو وەک جۆرە خەباتێکی بەردەوام و ڕۆژانە دژ بە دڵڕەقی ژیان. زۆر کەس لەوانەی لە زاری حەمەوە باسی خۆکوشتنیان دەبیست، پێیان وابوو ترس لە مردن وادەکات، خۆی نەکوژێت، بە پێچەوانەوە، من پێم وایە، حەمە نەیدەویست وەک ڕووخاوێک، وەک کەسێک کە ململانێیەک دەدۆڕێنێت، گەنجێک کە کێشەیەکی هەیە، خۆی بکوژێت. بەردەوام دواخستنی بۆ خۆکوشتن، نیشانەی ئەوە بوو، نەکتی خۆکوشتن لەلای ئەکتی تێکشکان نییە، پابەندی کێشەیەک نییە، بەڵکو دواوەڵامی ئەوە بە خودی ژیان. خۆکوشتنەکەی لە نوقمبوونی کەسێک دەچێت لە ناوەڕاستی دەریادا، کەسێک دەیەوێت بیسەلمێنێت شەپۆلەکان، سەرما، هەلومەرجەکان ناتوانن نوقمی بکەن، بەڵام دەزانێت هیچ کەشتییەک نایەت ڕزگاری بکات. لێرەوە نوقمبوونەکەی بڕیارێکی سەربەخۆ و ئیرادەگەرایانەیە، وەک ئەوەی ئیدی هەر دوو ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی پێکابێت، یەکەم: سەلماندبێتی غوربەتی غوربەتێکی هەمیشەیی و نەبڕاوەیە. دووەم: سەلماندبێتی خۆکوشتنی پەرچەکرداری کەسێکی تێکشکاو و بەزیو نییە. بە کورتی خۆکوشتنەکەی وەک ئەکتێکی سەرکەوتن وەهایە بەسەر ژیاندا، وەک زۆرانبازێک کە هیچ هێزێک نایبەزێنێت تا خۆی بە ئیرادەی خۆی گۆڕەپان چۆل دەکات.

تیشکەشیعرێکی کۆچەری

ئازاد بەرزنجی

ناوبەناو، ئەو کاتانەی خەم بالی بەسەر ڕۆحمدا دەکێشێت و جۆرێک لە هەستکردن بە بێهوودەیی بەسەر هەست و سۆزمدا زاڵ دەبێت، دەچمە ژووری کتێبخانەکەم و بەرەو لای ڕەفەی کتێبە شعرییەکان دەچم و هەرجارە و دەست دەدەمە دیوانە شیعرێک لەو دیوانە شعرییانەی لەو ڕەفەیەدا دامناون. یەکێک لەو دیوانانە، دیوانە هەتیوەکەی شاعیرە تەنیا و هەتیوکەوتووەکەی پابیزە؛ واتە "لە غوربەتا"کەی محەمەد عومەر عوسمان.

هەر جارێک کە دەست دەدەمە ئەو دیوانە، جگە لە یادەوەریم لەگەڵ شیعرەکانیدا، کۆمەڵێک یادەوەریی تریشم دێنەوە یاد، کە دەمبەنەوە بۆ ڕۆژگارێک تیایدا لاوێتیمان ئاوردووی ئاگری جەنگ و نائومێدی بوو، وەلێ لە هەمان کاتدا ڕۆژگارێک بوو، هێشتا مانایەک بۆ بەها ڕۆحییەکان و بۆ هاوڕێیەتی و بۆ شیعر و جوانی مابوو.

***

پێم وابێت ساڵی ١٩٧٩ یان ١٩٨٠ بوو کە لە چایخانەی شەعب لە سلێمانی یەکمان ناسی، بەڵام من پێشتر ئەو شیعرانەی ئەوم خوێندبوونەوە کە بڵاوی کردبوونەوە. لە شیعری حەمە عومەردا من بەر دنیایەک کەوتم کە هەستم دەکرد جیاواز بوو لە دنیای زۆربەی ئەو شاعیرانەی تر کە پێشتر خوێندبوومنەوە، هەڵبەتە مەبەستم شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی بوو. لە کاتێکدا، لە شیعری شاعیرەکانی تردا ڕۆحی شۆڕشگێڕی و بەرەنگاری زاڵ بوو، جا چ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ، کە تیایدا "خود" بە هەموو ماناکانی ون بوو و "گەشبینی" فەرمانڕەوای مەملەکەتی شیعریان بوو، ئەوا لە شیعرەکانی حەمە عومەردا بەر دنیایەکی تر کەوتم، دنیایەک کە نزیکتر بوو لە ڕۆحی من، ڕۆحی منی لاوێکی ماندوو و ئاسۆتاریک لە زەمەنی جەنگ و بێهیواییدا. هەستم دەکرد شیعرەکانی حەمە عومەر گوزارشت لە ژیانی پڕ ئازار و نامۆیی و تەنیایی من و هاوڕێیانی نەوەکەم دەکەن، کە بەدەست ئاگری جەنگ و دڵڕەقیی ڕۆژگارەوە، ئێمەش چون گەلاپاییزییەکانی ئەو، ڕوو لە وەرینین. لەو ڕۆژەوەی حەمە عومەرم لە چایخانەی شەعب ناسی، ئاشنایەتی و هاوڕێتییمان تا دەهات ڕوو لە زیاد بوون بوو و تەڕی لە کۆمەڵێک یادەوەری.

***

دەتوانم بڵێم حەمە عومەر ڕوانینێکی شیعری و جیهانبینییەکی تایبەتیی هەبوو، کە بەڕاستی لە شاعیرەکانی تری جودا دەکردەوە، گەرچی زۆرینەی شیعرەکانی لە قاڵبی چوارینەدا دارشتبوو، بەڵام دنیابینییەکی جیاوازی هەبوو. ئەو لە سەرەتادا زۆر سەرسام بوو بە ئەزموونی هەردوو شاعیری فەرەنسایی ڕامبۆ و شارل بۆدلێر و هەروەها یەسەنینی ڕووسی، تەنانەت شیعرێکی ڕامبۆی بە کوردی دارشتەوە و شیعرێکیشی بۆ یەسەنین نووسی، بەڵام هەمیشە گلەیی من لە حەمە عومەر ئەوە بوو کە ئەو بەهرە شیعرییەی خۆی بە خوێندنەوەی بەردەوام پەروەردە ناکات، هەر ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی کە جگە لە کۆمەڵەشیعرێک کە زادەی ئەو بەهرەیە بوون، نەیتوانی پەرە بە ئەزموونی شیعریی خۆی بدات، دەتا گەر ئەو بەهرە شیعرییەی خۆی پەروەردە بکردایە، هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە دەیان قەسیدەی جوانتریشی پێمان دەبەخشی. کاتێکیش ئەو گلەییەم لێ دەکرد، دەیوت ڕامبۆ و بۆدلێریش شیعریان کەم بووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە شیعربوون، ئەوە ڕاستە، بەڵام نابێ بکرێتە بیانوو بۆ پەرەنەدان بە بەهرە و توانای شیعری. دەیان و سەدان شاعیری تر هەن کە هەم بەهرەمەند بوون و هەم بەردەوام لە ڕێی خوێندنەوەوە ئەو بەهرەیەی خۆیان دەوڵەمەند کردووە و چەندین بەرهەمی ناوازەیان نووسیوە و تا لە ژیانیشدا بوون لە داهێنان نەکەوتوون.

***

ڕاستە حەمە عومەر عوسمان جیهانبینییەکی تراژیدییانەی بۆ بوون و ژیان هەبوو و شیعرەکانی سەرشارن لە گەلارێزان و لێکدابران و خەم و مەرگ و سەهۆڵبەندان، وەلێ ئەو خۆی لە ژیاندا ڕۆحێکی قۆشمەی هەبوو و ئەو

ەی زەوقی هەبوایە، دەکەوتە نوکتەگێڕانەوە و دەیدایە
، پێکەنین، بۆیە دەتوانم بڵێم ئەو لە ناخدا مرۆڤێکی
.ۆست بوو، بەڵام بارودۆخی ژیانی و تەنیایی و
تکردنی لە ڕادەبەدەری بە بێمانایی و بێهوودەیی ژیان،
.ەوام وەکو مۆتەکەیەک چۆکیان دادابووە سەر هزری
ە بارانی قاقای خۆشی دەکردەوە، سەرلەنوێ هەوری
ی خەمۆکی سێبەری بەسەر ڕۆحیدا دەکرد.

***

ێک لە سیفەتەکانی حەمە عومەر ئەوەبوو کە هەرگیز
.ەتوانی لەسەر کارێک یان شتێک بۆ ماوەیەکی درێژ
ڕە بگرێت. بەڵای ئەوەوە هەموو کارێک کۆتێک بوو
، بۆیە قەت بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر کارێک جێگیر
ڕوە و چەندان بیانووی بۆ وازهێنان لەو کارە دەهێنایەوە
خۆشترین ساتەکانی ژیانیشی ئەو دەمانە بوو کە چەند
ڕێیەک یان چەند لاوێک لە دەوری کۆ دەبوونەوە و
ایان لێ دەکرد شیعرێکی خۆی بخوێنێتەوە بۆیان.

***

"لە غوربەتا"؟

مە عومەر تەنیایەکی نامۆ بوو، ئەو تەنانەت لەوپەڕی
امی و لەنێو هاوڕێکانیشیدا، هەستی تەنیایی و نامۆیی
ستبەرداری نەدەبوو. بۆیە ئەو هەمیشە "لە غوربەتا"
و. غوربەت بەڵای حەمەوە مانای (نامۆبوون ـ الاغتراب
ALIENATION) بوو، نامۆبوون لە جیهان و مرۆڤەکان
لە هەموو ئەو هێز و گرووپانەی کە لافی ڕزگارکردنی
ۆڤیان دەدا لەو نامۆبوونەی ئەو و نەوەکەی تیا دەژیان.
وم غوربەتم، لێم مەپرسە چییە غوربەت
یانی من
وارەیی و تەنیایی و لێکدابڕانە
قە مەملەکەتێک بەڵای حەمەوە کە لە توانایاندا بوایە لەو
مۆبوونە ڕزگاری بکات، مەملەکەتی عیشق بوو، وەلێ
ەخار، عیشقیش فانییە:
ەک دوو شەونمین... سبەی ئەمانبا خۆری مەینەتی...
خود دوو گەلاین...
ەشەبای پاییز سەرمان ئەنێتە کۆشی غوربەتی!
دنیابینی حەمە عومەرەوە، تەنانەت سروشتیش هەمیشە
زێبارە و لە ماتەمدایە بۆ مەرگی گەلا مردووەکان، گەلا
مردووەکانیش کێن؟ مرۆڤە تەنیاکان و نامۆکان.
هەر ئەم هەستکردن بە "نامۆبوون"ە بوو وای لە حەمە
عومەر کردبوو هەرگیز هەست بە ئارامی نەکات و هیچ
شتێک ئۆقرەی پێ نەبەخشێت. ئەو گەڕیدەیەکی ڕۆحیی
ناڕامی بوو؛ گەڕیدەیەکی بێ وێستگە. ئەم بێ ئۆقرەییەی
وای لێ کردبوو زیاتر مەیلی بۆ دنیای شیعری ئەو شاعیرانە
هەبێت کە وەکو خۆی بێ سەروت بوون، وەکو: ڕامبۆ و
بۆدلێر و یەسەنین و هەروەها حوسەین مەردان. بەردەوام
بە جۆرێک لە عیشقەوە باسی ژیان و شیعرەکانی حوسەین
مەردانی بۆ دەکردم.
ئەم بێ سەروتییەی حەمە عومەر وای لێ کردبوو هانا
بۆ هەرشتێک ببات تا کەمێک ئاسوودەیی پێ ببەخشێت،
لەوانەیە هەر ئەم هەستەش بووبێت لەلای کە وای لێ
کردبوو خولیای دونیای ڕۆح و پاراسایکۆلۆجی بوو و
بیرم دێ بەدوای کتێبێکدا عەودال بوو، کتێبەکە ناوی
"الانسان روح لا جسد" بوو، نووسەرەکەی ناوی "رووف
عبید" بوو و دوو بەرگ بوو، ڕۆژێکیان لێی پرسیم
کە ئاخۆ ئەو کتێبە چۆن پەیدا بکەم، منیش وتم
ئەو کتێبەم هەیە، ئیتر خێرا داوای لێ کردم ئەو
کتێبەی بۆ بهێنم، منیش هەردوو بەرگی کتێبەکەم
کردە دیاری بۆی.

***

شتێکی تر لەو شتانەی کە دەمەوێ لێرەدا باسی
بکەم ئەوەیە کە حەمە زۆرجار حەزی خۆی لام
دەردەبڕی تا شیعرەکانی بکەم بە عەرەبی و
منیش بەڵێنم پێ دابوو کە ئەگەر هەمووشیان بۆ
عەرەبی وەرنەگێڕم، چەند شیعرێکیان وەربگێڕم.
هەڵبەتە هەم لە هەشتاکاندا و هەم لە نەوەدەکانی
سەدەی ڕابردوودا، بە پەرشوبڵاوی چەند
شیعرێکیم کردووە بە عەرەبی، لەوانەی لە یادمن
: ("ڤان کوخ"، "تەمومژ"، "ڕەهێڵە" و "یەسەنین")
ن، کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سالانەدا
بڵاو بوونەتەوە. جگە لەوەی کۆمەڵێک شیعری
تریشیم وەرگێڕاوە و لای خۆم ماونەتەوە و
بڵاو نەبوونەتەوە.

***

ئەو ئێوارەیەی هەواڵی خۆکوشتنەکەی حەمە عومەرم بیست، لەگەڵ دوو هاوڕێی نازیزمدا بووم، کە هاوڕێی حەمە عومەریش بوون، بەڕاستی من بۆ ماوەیەک جام بووم، هەرچەندم کرد نەمدەزانی چی بڵێم، دڵم پڕ بوو لە خەم و ئەشک بۆ هاوڕێیەک، کە هەمیشە خەونی بە ژیانێکی ئەرخەوانییەوە دەبینی، بەڵام لە هەمان کاتدا مۆتەکەی نازار و نامۆبوون و بێهوودەیی و تارمایی خۆکوشتن بە ژوورسەریەوە بااڵفڕێی دەکرد. ئەو ئێوارەیە، شیعری "خۆکوشتن"ەکەیم بیرکەوتەوە؛ کە تیایدا وێنەی مردۆنکمان بۆ دەکێشێت، کە دەشێ شاعیر خۆی بێت، شەوانە چەقۆیەکی لە ژێر سەرینەکەیدا داناوە و دووڵە لەوەی چەقۆکە لەژێر سەرینەکەی دەربهێنێت و خۆی پێ بکوژێت، یان چاوەڕێی ئەو ڕوخسارە کاڵە بێت کە لە دوورەوە خۆی پێ نیشان دەدات و زەردەخەنەی تێدەگرێت، زەدەخەنەیەک کە دەیەوێ بەرگی تەنیایی و خەمۆکی لە شاعیر دامااڵێت و بەرەو ژیان پەلکێشی بکات. بەڵام وەختێ شاعیر دەیەوێ لەو ڕوخسارە نزیک بێتەوە، ڕوخسارەکە جێی دەهێڵێت و ئەمیش نوقمی تەنیایی و بیرکردنەوە لە مەرگ دەبێتەوە.

ئەو هەمیشە لە ململانێیەک لە نێوان ژیانێکی سەرشار لە عیشق و جوانی، کە خەونی پێوە دەبینی و ژیانێک پڕ لە خەم و کەسەر و دابڕان و گەاڵڕێزانی خەزان.

دوای بەڕێکردنی تەرمەکەی بۆ گۆڕستان، ئەو شەوە بۆ ئەو مەرگە لەناکاوەی، وەکو ماڵئاوایی، چەند دێڕێکم نووسی، وا لێرەدا دایدەنێمەوە:

مەرگی شاعیرێکی پاییزی لە پاییزێکی زووردا

سەیر نییە خۆێنی خۆت بە پاییز بەخشی، چونکە تۆ زۆر لە مێژە پێشبینیی پاییزی نیشتمانت کردبوو، نیشتمانێک عاشقی هەموو شتەکانە جگە لە شتە جوانەکان، نیشتمانێک شەیدای هەموو ناشرینییەکانە جگە لە شیعر و داهێنان، نیشتمانێک هەموو شتێک بە مرۆڤە دزێو و قێزەون و ژیانکوژەکان ڕەوا دەبینێت، جگە لەوانەی ستران بۆ باڵای شیعر و جوانی و ژیان دەچڕن.

تۆ لەمێژە پەیمانت بە پاییز داوە گەر سەنگەری خۆی بۆ بەهاری سەوز چۆڵ نەکات، ژیانی خۆتی پێ دەبەخشیت، ئەی ئەوە نییە دەڵێیت:

داوای شیعرێکی سەوزم لێ مەکە
بەهار لە عومری من بێ بەرییە
بڕوانە قژی ماشوبرنجیم
کە دەفتەرێکی کۆێرەوەرییە

ڕاستە، تۆیەکی نەوەی ژان و مێژوویەکی پڕ لە شکست و نائومێدی، شیعری سەوز لە کوێ بهێنیت؟ تۆیەکی نەوەی دوای هەرەس و ڕۆژگاری جەنگ و شەڕی ناوخۆ و زەلکاوی سیاسەتی بەناو کوردایەتی، باس لە کام بەهار بکەیت؟

تۆیەک کە شار پەنجەرەکانی خۆیان خڕ داخستووە بۆ نەڵێیت:

ئەمشەو خەڵکی شار پەنجەرەکانیان خڕ داخستووە
تەنها من نەبێ پەنجەرەکەمم خستۆتە سەرپشت
کێ وەک من پێکی
لە غەمی گەاڵی زەرد لێوڕێژ ئەکا
هاکا بە باڵای داریکی ڕووتا
خوێنی خۆمم ڕشت.

بەڵێ، شارێک پەنجەرەکانی بە ڕووی ژیان و جوانیدا خڕ داخستبێت، هەر دەبێ تۆ بە باڵای داریکی پاییزیدا خوێنی خۆت بڕێژیت

ڕۆژگارێکی چەند دڵڕەقە حەمە عومەر
ڕۆژگارێکە نابێ خۆت بیت
ڕۆژگارێکە نابێ یەک ڕوخسارت هەبێت
ڕۆژگارێکە دەبێ تێیدا پااڵوانی هەزارڕوو بیت
ئینجا تۆ بۆت هەیە بژیت
شیعر چییە
شیعر چیی پێ ئەکرێ لە ئاست
ئەم بازارە بێ ڕەحمەدا؟

، تۆ خۆرێک بوویت بۆ شیعر و جوانی، بەڵام خۆشت
انی که خۆری شیعر و جوانی لەم دەڤەرەدا دەمێکە
له ئاوابوونە، بۆیە دەستت چووە گەرووی شیعرچرینت
تت:

ی من مەکەن
له ڕۆچوونم
م کوشت که زانیم
ێکم نزیک له ئاوابوونم
م بەر لەوەی پەپوولەی ڕۆحم
ی مۆمی مەرگ بەربا له گیانی
ێم لەسەر بەفر کردەوە و
ووم لێوڕێژی بەستەی گۆرانی

ر بەڕاستی تۆ گەروت لێوڕێژ بوو له بەستەی گۆرانی،
ەم گۆرانییەک جیاواز له گۆرانییە باوەکانی ئەم ڕۆژگارە،
رانییەک ناوێ به گوێی مرۆڤەکانی ئەم ڕۆژگارە،
ێنکە تۆ "با"ت دەخوێندەوە و ئاگری عەشق چووبووە
ێنتەوە، بەڵام کوان ئەو مرۆڤانەی ئەمڕۆ له زمانی "با" و
ەشق"دەگەن؟ بۆیە تۆیان به شێت لەقەڵەم دەدا:
ەڵکی به شێتم ئەدەنە قەڵەم
ڵانن که من "با" ئەخوێنمەوە
ڵکی باران حەرفی شیعرمە و
گری "عەشق" چۆتە خوێنمەوە.

یە پەنات بۆ مردن برد، گەرچی مردنیش هەر به شێتی
نیت:

ـدن پێم ئەڵێ تۆ تەواو شێتیت
شە جێی ژانتی تیا نابێتەوە
ەرخە سەر سنگم، چاوانت لێک نێ
ن هەیە فرمێسک بخوێنێتەوە
ەڵێ پەیف ماون بۆ وتن سەبارەت بەم مەرگە ڕۆحتەزێنەت
ەمە، بەڵام با جارێ بەس بێت
الی شیعرت ئاوا و ڕۆحت ئاوا.

هەلی ماڵئاواییکردنم لە ژەنەڕاڵی پاییز نەبوو

کەژاڵ ئەحمەد

ڕمە ئێوارەیەکی ساڵی (١٩٨٥) لە قوتابخانەی دواناوەندیی
ۆلاڤەوە بە شەقامی سالمدا بەرەو ماڵەوە دەبوومەوە،
ووکترین خاڵم کە زۆر ئەهلی خوێندنەوە و گفتوگۆی
شنبیریی بوو، کتێبێکی بچووکی دایە دەستم و وتی
خوێنەرەوە ئەمە شاعیرێکی چاکە، ئەو ساڵانە هێشتا
ک شاعیر نەناسرابووم و بە هەموو هێزێکمەوە سەرقاڵی
ووباری ڕێکخستن بووم لە ڕیزی شانەیەکی نهێنیی
مەڵەی ڕەنجدەران لە سلێمانی، وێرای گرنگیدانم بە
ویندنەوەی کتێبی مارکسی و ئەدەبیاتی سۆڤێتی، ڕۆمان و
یعر و چیرۆکی کوردیی و کتێبە فکریی و فەلسەفییەکانیشم
،خوێندەوە، لە ماڵەوە بەرلەوەی جلەکانی مەکتەبم
ۆرم، دانیشتم و تەواوی دیوانەکەم بە دوو چاوی پڕ لە
ِمێسکەوە خوێندەوە، ئەو شیعرە غەمبار و بێ ئومێدانە و
ِ لە هەستی مرۆڤایەتی و سروشت و مرۆڤی ئازار چەشتە
ئامێزگرانەی حەمە گیان هێندەی گۆرانییەکانی داریوش
شیعرەکانی ئیدگار ئالان پۆ و تەنیایی کوشندەکەی
و دەقەکانی شکسپیر ڕایاندەچڵەکاندم. لەو ماوەیەدا کە
ووبوومە نێو دیوانەکەوە و لەگەڵ حەمە عومەر دەموت
کوا ئێوارەی دوو چاوی پڕ گڕی شینت» چەند جارێک
نگ دەکرام بۆ نانخواردن، بۆ هاتنەدەرەوە لە ژوورەکە و
اتن بۆ هەیوانە فێنکە دڵگیرەکەمان، نەمدەتوانی وەڵامیش
ەمەوە و بڵێم نایەم، بۆیە خۆیان دەیانوت لەوانەیە شیعر
ووسێت و لێم دوور دەکەوتنەوە. پاش چەند ڕۆژێک،
سەمان لەبارەی دیوانەکەوە کرد لەگەڵ خاڵم، وتم خۆزگە
ەسێک ئەم شاعیرەی لە دەست خۆی دەپاراست. لەبەر
ەوەی زۆرم دەخوێندەوە سەبارەت بە شیعری ئازاد و
ێ وتیشم: هەست دەکەم شیعرەکانی ئەم شاعیرە لە
ووی ناوەڕۆکەوە زۆر بەهێز و ناخەژێنن، بەڵام لە
ووی تەکنیکەوە کەمێک پابەندی کۆنە، پێم وایە نووسین
ە ڕیتمی چوارینەکانی خەیام یان پابەندبوون بە قافیەوە
ا ئەو ناستە هەست پێ کراوە، بۆ شیعری هاوچەرخ و
ازاد ناگونجێن. سەیر لەوەدابوو تا ئێستا کە ئەم وتارە لە
ادی کۆچی دوایی ئەم هاوڕێ شاعیرەمدا دەنووسم، باسم
ەو هەستە سەیرە نەکرد بە خنکان، لە کاتی خوێندنەوەی
یوانی «لە غوربەتا» خنکانێک بوو بە تامی ئازاری ئەو
ەتەی کە دوای سیوپێنج ساڵ لە چاپ و بڵاوکردنەوەی
دیوانەکە، محەمەد عومەر عوسمان خۆی پێ کوشت،
خۆکوشتنەکەی ژەنەڕاڵی پاییز لە دیوانەکەدا بە وشە
تەواو بەرجەستە بووە، شاعیرەکە دواتر هیچی نەکرد،
جێبەجێکردنی وتەکانی خۆی نەبێت، کەم شاعیر لە جیهاندا
هێندەی حەمە عومەر ڕاستگۆ و بەوەفابوون بۆ هەستە
پەنهانەکانی. لە کۆتایی هەشتاکاندا چەند جارێک لە کۆڕی
هاوبەشدا لەگەڵ شاعیران (محەمەد عومەر عوسمان،
جەمال غەمبار، بەرزان هەستیار، هیوا قادر، دڵاوەر
قەرەداغی، عیرفان ئەحمەد، دڵشادی عومەرکاکی، ئەمین
محەمەد و سەلام مستەفا و... تاد)دا شیعرم دەخوێندەوە،
تەنانەت زۆربەی کات تاکە دەنگی مێینەی نێو کۆڕەکان
دەبووم. لە ڕێی ئەو کۆڕانەوە کە دەچووم بۆ گۆێگرتن
یان بەشداریم تێدا دەکردن، بە جیهانی شیعر و کەسایەتیی
شاعیرەکان ئاشنا دەبووم و زانیاریم کۆ دەکردەوە
لەسەر ڕوانین و بۆچوونی ڕەخنەگران سەبارەت بەو
شاعیرانە، هەر زوو گەیشتمە ئەو ڕاستییەی هەندێک
لەو شاعیرانە خاوەنی بەهرە و جیهانبینیی گەورە و
دەگمەنن، بەڵام بۆ من محەمەد عومەر عوسمان
ئەو دەنگە شیعرییەی ئەدەبی کوردیی بوو کە
گومان لەسەر توانای داهێنەرانەکەی نەبوو، پێشتر
لە دوورەوە خوێندبوومەوە و بە نیگەرانییەوە لە
ڕەشبینییە ئینسانییەکەیم دەڕوانی. ڕاستە ئەو
خەمە ئینسانییانە بەهۆی دۆخی ئەو سەردەم
و زەمانەوە ڕووبەڕووی ژمارەیەک لە ئێمەیش
دەبووەوە، بەڵام حەمە بە شێوەیەکی زۆر زیاتر
هەستیار و دڵناسک بوو، دوای دیوانی «لە
غوربەتدا»، کە یەکەم و دوادیوانی بوو، شیعری
ئەو بوو بە ویردی سەرزای گەنجانی شار و
خوێنەرە جددییەکان، ئەمە بۆ خۆی وایکرد
ئیرەیی ناوەندە ڕۆشنبیرییەکە وەک تەونی
جالجالۆکە گەمارۆی بدات. بۆ خۆم شایەدی
ئەو هەستی ئیرەییە کوشندەیەم، تەنانەت
یەکێکیشم لە قوربانییەکانی ئیرەیی بێ بەهرە
و بێ تواناکان، کاتێک دوای کۆڕێک لەگەڵ
چەند نووسەرێک ڕاوەستام و سەرسامیی
خۆم نەشاردەوە بە کاریگەریی داهێنەرانەی

شیعرەکانی، گوێم لە قسەی زۆر نەشیاو بوو سەبارەت بە کەسایەتیی ئەم شاعیرەمان. لەبەر ئەوەی دڵنیابووم بێ بەهرەکان هەموو ژیانیان تەرخان دەکەن بۆ ناشیرینکردن و شکاندنی بەهرەمەندەکان، باوەڕم نەکرد، چونکە ئەو سااڵنە سااڵوم لە هەر نووسەرێک بکردایە، یان سااڵوێکم لێ بکرایە نووسەرێکی دیکە دەبوو بە مووی لووت و هەوڵی دەدا وەک واعیزێک ئامۆژگاریم بکات تاوەکو دوور بکەومەوە و متمانە بە چواردەورەکەم نەکەم. دوای سااڵنێکی زۆر لەو وتی وتییانە، بە چاوی خۆم بینیم ژیان چ هاوڕێیەتییەکی دەگمەن و پڕ لە ڕێز و میهرەبانییەکی بێ وێنەی ژەنەڕاڵی پاییزی پێشاندام. هەر هیچ نەبێت ئەو هەرگیز لە ڕەگەزی ئەو گورگانە نەبوو کە لە پێستی مرۆڤدا بوون کەلبەیان لە گۆشت و خوێنی هاوڕێکانی خۆیان وەردەدا، بەاڵم ژەنەڕاڵە دڵبرێندارەکەی پاییز ڕۆژێ لە ڕۆژان ئازاری هیچ کەسێکی نەدا خۆی نەبێت. کەناری بێدەنگییەکی پڕ لە ویقاری گرتبوو، بەاڵم سال بە سال لەگەڵ گەورەبوونی برینەکانی ڕۆحیدا تووڕەتر و بە گەییتر دەردەکەوت.

دەتوانم بڵێم ناسین و نزیکبوونم لە محەمەد عومەر عوسمان بۆ ماوەی پچڕ پچڕ بووە، لە قۆناغی یەکەمدا خوێندنەوەی دیوانەکەی و ناسینی لە نزیکەوە لە سااڵنی (١٩٨٥ - ١٩٨٦)، لە قۆناغی دووەمدا (١٩٨٨ - ٢٠٠١) لەسەر ڕێگەی چوونم بۆ پەیمانگە و دواتریش بۆ زانکۆ لە دەوروبەری مەحکەمەی کۆن و کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا ئەو تا لای پاسەکان لەگەڵم دەهات و گفتوگۆمان دەکرد، نووسەرێکی ئەوەندە بەئاگا و ڕۆشنبیر بوو، لێیەوە فێر دەبووم بە دوای ئەو کتێبانەدا دەگەڕام کە ئاماژەی پێ دەدان، بەاڵم ئەو ڕۆژگارەی هەموو کاتەکانم بەخشی بە کارکردن لە کوردستانی نوێ و کوردسات بە تەواوەتی لەم هاوڕێ دێرینەم دابڕام، تا لە (٢٠٠٧)دا

کە بە تەواوەتی چوومە کوردسات و کوردستانی نوێم بەجێ هێشت، بیرم لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی ئەدەبیی ئاستبەرز و جیاواز لەو بەرنامە تەقلیدییانەی کە ئێستایش پێشکەش دەکرێن، کردەوە و ناوم لێنا (دژەباو)، یەکەم ناو بە بیرمدا هات بانگهێشتی بکەم بۆ وتووێژێکی پێشتر نەبیستراو و سەردەمیانە، بێگومان محەمەد عومەر عوسمان بوو، لەمێژبوو دیداری نەکردبوو، تا ڕادەیەک پەراوێز خرابوو، یان خۆی خۆیی پەراوێز خستبوو ئەوەیان نازانم، زۆر دڵنیا نەبووم کە قایل دەبێت بۆیە بە تەلەفۆن داوای دیدارم لێ نەکرد، بەڵکو وتم ئێمە لە هەشتاکانەوە یەکتر دەناسین بۆ یەکەمجار دەمەوێت ماڵەکەتان و دایکت و تەواوی خێزانەکەتان ببینم، زۆر خۆشحاڵانە ناونیشانەکەی پێ وتم، بە کامرێیە سپیەکەمەوە گەیشتمە گەڕەکەکەیان لە بەردەم دوکانێکی نزیک ماڵەکەیان پرسیارم لە دوکاندارەکە کرد، وتم ماڵی شاعیرێک لەم ناوەیە، دوکاندارەکە وتی: «نازانم شاعیرە یان نا، بەاڵم ئەو کەسەی تۆ باسی دەکەی بە زەرفی گەورە نوقڵ و بسکیت و شیرینی لای من هەندێجار بە قەرزیش دەبات بۆ منااڵنی ئەو مەکتەبەی نزیکمان و بەسەرياندا دابەشی دەکات.» سەرسامییەک دایگرتم، وەک ئەوەی شاعیری «لە غوربەتا» نەناسم دەمویست بیناسم و لە بەرنامەیەکی لەیادنەکراودا بیناسێنم، لە دەرگاکەیانمدا، برایەکی بە دارشەقەکانیەوە فەرمووی لێ کردم، دایکێکی زمانشیرین و خەندەیەکی جوانی سەر ڕوخساری ژەنەڕاڵی پاییز پێشوازییان لێ کردم. باسی بەرنامەکەم بۆ کرد، هەر لە ناوەکەیەوە تەسلیم بوو بە داواکەم و وادەی تۆمارکردنی بەرنامەکەم دانا، داوام کرد ژوورەکەی ببینم، هەستم کرد پێی ناخۆشبوو، بەاڵم دڵی منی پێ نەشکا، لەگەڵ دایکی بە قادرمەیەکدا سەرکەوتین بۆ ژوورێکی بچووک، کە هەورەبان بوو کرابوو بە ژوور، پەنجەرەی ژوورەکە شکابوو، هەوایەکی ساردی لێوە دەهاتە ژوورەوە، جێگەیەک لەسەر زەوی داخرابوو شووشەیەک شرووب لای سەرینەکەیەوە عەلادینێکی وەک محەمەد عومەر لاواز و کۆژاوە و پاکەتی جگەرە و هەندێ کتێب و شڵەژاویی ئەوم دیتەوە بەرچاو کە بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیشتوو وتی: ئەوە هەر دەڵێم ئەم

جەرەیە چاک دەکەمەوە... نازانم بۆچی ئەو خەفەتەم کرد
دڵی خۆمدا و سەیری تایبەتمەندییەکی شاراوەی ئەوم
د، کە هەموو هاتینەوە بۆ خواردەوە بەزۆر فرمێسکەکانم
شاردەوە لەبەر هەژاری و سەختیی ژیانی نا، بەڵکو
بەر ئەوەی بە خۆی و شووشەیەک ترشیاتی دەستی
بکیەوە بە ڕێی کردم و وتی کەس لە مااڵی ئێمە بەبێ ئەم
ارییەی دایکم نابێت بڕوا. ڕۆژی تۆمارکردنی بەرنامەکە
تم بە شوێنیدا و بردم بۆ ناو ئستۆدیۆ پڕ لە ئاوێنەکەی
رنامەی دژەباو، زۆربەی میوانەکانم شایەدن کە خۆم
چووم بە شوێنیاندا و دواتریش دەمهێنانەوە بۆ ناو شار
ن بۆ مااڵی خۆیان. زۆر سەرسام بووم بە شیعرێکی بە
ری (من ژەنەڕاڵی پاییزم) هەر لەبەر ئەوە لە بەرنامەکەدا
ژەنەڕاڵی پاییز ناوم هێنا و یەکەم کەسبووم بەو ناوە
نگی بکات، خۆشحاڵیشم لەو بەرنامەیەوە ژەنەڕاڵی پاییز
و بە ناو و نازناوی محەمەد عومەر عوسمان، لەبەر ئەو
اکەتێکی ئااڵتوونیی بە ڕەنگی گەاڵ و پشتێنێکی هەمان
ەنگم بەکارهێنابوو، ژەنەڕاڵی پاییز بە ئارامیی دەردەدڵی
ۆی دەکرد و شیعرێشی خوێندەوە، بیرمە لە بەرنامەکەدا
ی دەوتم کەژە گیان کە پێشتر لەسەر شاشە ئەو ئوڵفەتە
، بەرائەتە نەبینرابوو، دیدارەکە سەرکەوتنێکی گەورەی
ەدستهێنا و سەرەتای چەندین ئەڵقەی بەهێز بوو لە
یدار لەگەڵ دژەباوەکانی وەک: لەتیف هەڵمەت، مەزهەری
االقی، گەزیزە عومەر و زیرەک میرە و چەندانی تر. دوای
ەرنامەکە لە کوردساتەوە هێنامەوە، سەرەتا وتی لای
ایخانەی شەعب دامبەزێنە دواتر داوای کرد لای باخی
شتی سەیارەکە ڕابگرم، لەبەر ئەوەی دەیەوێت بچێت بۆ
ۆژنامەی هاوواڵتی، بە قسەم کرد چونکە بە گشتی زۆر
ڵخۆش دیاربوو، تەنانەت دووجار لە کاتی پەرینەوەدا
اوڕی دایەوە و خواحافیزیی کرد.
ەو شەوەی کە بەرنامەکە پەخشکرا ژمارەیەکی زۆر
ەلەفۆنم بۆ کرا بۆ دەستخۆشیی، ئەو شەوە و هەمیشەیش
ەکەم زەنگی تەلەفۆنەکەم پاش ئەوەی دژەباو پەخش دەکرا
ادە هێرۆ، بەڕێوەبەری کوردسات بوو، دەستخۆشیی لێ
کردم و وتی ژمارەی کاک حەمە عومەرم بدەرێ سبەینێ
سەی لەگەڵ دەکەم، سوپاسم کرد و دڵنیابووم ئەو خانمە
ازیزە دەیەوێت یارمەتی ژەنەڕاڵی پاییز بدات. هەر ئەو
شەوە تەلەفۆنم بۆ کرد و وتم دادە سبەینێ تەلەفۆنت بۆ
دەکات. ڕۆژی دوایی نازانم سەعات چەندبوو حەمە عومەر
تەلەفۆنی کرد و وتی لە بەیانییەوە تەلەفۆنەکەم بەرانبەر
خۆم داناوە و چاوەڕوانی زەنگی دادە هێرۆ دەکەم، دەڵێم
چۆن دەبێت لەناو ژاوەژاوی دەرەوەیابم و ئەو تەلەفۆن
بکات. وتم نازانم کەی بواری دەبێت تەلەفۆن بکات بەاڵم
خۆت مەبەستەرەوە، ئەو خانمێکی خاکی و دڵگەورەیە.
وتی قەینا چاوەڕوانی دەکەم. کاتێکیش دادە قسەی لەگەڵ
کردبوو تەلەفۆنی بۆ کردم و لە خۆشیاندا قسەکانی چەند
جارێک دووبارە دەکردەوە و دڵخۆش دیاربوو، ئەمەیش
منی دڵخۆشتر دەکرد. پاش ئەمە لە ژەنەڕاڵی پاییز
دوورکەوتمەوە بەهۆی سەرقاڵی کار و سەفەرمەوە بۆ
ئوردن بۆ ماوەی دە ساڵ، بەاڵم لە هەندێ شیعرمدا کە لە
ئوردن نووسیمن و لە سلێمانی لە دووتوێی کتێبێکدا چاپ کرا،
ژەنەڕاڵی پاییز بوونی هەیە و کارەکتەرێکی هێندە ئامادەیە
کە پێشبینیم کردووە حەمە عومەر کە هەواڵی مەرگم لە
غەریبییەکەمدا دەبیستێت کراسێکی ڕەش دەپۆشێت
و جگەرەیەک دادەگیرسێنێ، ئەمەم لە دیوانێکدا
باڵوکراوەتەوە کە (٢٠١٤) لە سلێمانی چاپ بووە.
بەداخەوە کە من مەرگی ژەنەڕاڵی پاییزم بینی و
هەواڵی خۆکوشتنەکەیم کاتێک بیست لە ئەڵمانیا
بووم بۆ ئەنجامدانی چەند کۆرێک، بەر لە کۆڕەکان
دواپەیوەندیم لەگەڵ ژەنەڕاڵی پاییز هەر نامەیەک
بوو کە ژنی برای ژەنەڕاڵی پاییز بۆی ناردم
نوسیبووی: «دیدارەکەتمان بینی لە بەرنامەی
"ڕەش و سپی"دا، ژەنەڕاڵی پاییز باوەڕ ناکات
تۆبێت و گەڕاوێتەوە بۆ کوردستان، ئەو بێتاقەت
و نەخۆشە لە فرسەتێکدا هەواڵی بپرسە.» لەبەر
ئەوەی بەگومان بووم لەوەی ئەوە ئەکاونتی
ژەنەڕاڵی پاییز بێت و لە خۆم دەپرسی ئەگەر
ئەکاونتی ئەوە بۆچی خۆی پەیوەندیی ناکات،
دەمویست ژمارەی تەلەفۆنەکەی پەیدا بکەم و
دەستم نەکەوت تا هەواڵی مەرگیم بیست و
وەکو هەموو کەس و هاوڕێ جوانەمەرگ و
شەهید و کۆڕاو و خۆکوشتووەکانم، هەڵی
مااڵوایی لێکردنیانم نەبووە و ناشبێت.

له غوربەتا؛
ورتەورتی پێشوەختە، بۆ فیگۆری داهاتوو

ڕەزا عەلیپوور



گوتراوە ئەو کاتەی دالغە و دڵەڕاوکێی نووسین، یا، ئەندێشە و هەستێک، زەینی دانەر داگیر دەکات، ووسین و بیدەنگبوون ئەستەمە، بە تایبەت گەر ئەو یایە بیهەوێت لە گوزەری شیعرەوە خۆی وەدیار بخات.

کردەی نووسین و نووسین بە چەشن و شێوەیەکی ەت، بۆ نووسەر و شاعیر، بە ئیرادە و دڵخوازانەیە؟ ۆ ناچاری و سەپاندنێکی چەندلایەنە و ئاڵۆزە بە گۆگەلی کۆمەڵایەتی و میژوویییەوە؟ لە باسوخواستی سینی داهێنەرانەدا پرسی "ستراتیژی نووسین" لقدار ەلوپۆدارە، بە کورتی دەکرێ بگوترێت لە ڕوویەکەوە سین و چۆن نووسین گەر بە زەبر و ناچاریی ڕەهایش ت هەڵبژاردنێکی بەتەواوەتی ئیرادی و ئازادانەش نییە، اتە بە پێچەوانەی نیگای یەکەم، نووسین -نووسینی ێنەرانە- بە پرۆسەیەکی پێچەڵپێچدا تێدەپەڕێت.

ەوەها جۆری دەربڕین و ڕێتۆریکا، چەندە ئیرادی هێندەش لە کۆمەڵە فاکتۆرێکی ئاڵۆز وەک پارادایم ۆتارە زاڵەکان و بەها ئەدەبییە باوەکان و... کاریگەری دەگرێت. سەبارەت بە کێشەی "لە غوربەتا"ی هەمە عومەر سمان پرس ئەوەیە لە دەیەی هەشتای زایینی سەدەی تەم کە زۆربەی شیعری کوردی، شیعری بەرهەنگاری و ی و سیاسییە، یان لانیکەم شیعری سەمبولی و ئاڵۆز و ڕمێونە، یاخۆ شیعری لیریکی پێمل و بێ ئازارە، چۆنە شیعری "لە غوربەتا" دەنووسرێت؟ بە زمانێکی دیکە؛ نێوان بەرداشی شیعری شاخ و بەرمێنبوونی دەقی هنگاری و زمانە شیعری جڤاتی، لەگەڵ شیعری ئاڵۆزکاو شیعری ڕەنگین و لیریکی ناو گۆڤار و ڕادیۆکانی سەر حکومەت بە زمانی سواو و هیچ‌نەکەر، ئەگەر دەقێک ەوێ خۆی لەو هەراوزەنایە جودا بکاتەوە دەبێ چۆن وسرێت؟

وەک کۆمەڵەشیعری لە غوربەتا.

ەن: پێش ڕاپەڕین، سەردەمی خەبات و دژایەتیی ەڵاتی بەعس. جەنگەی شەڕی ئێران و عێراق، ردەمی تێکئالانی ترسنۆکی و ئازایەتی، هیوا و بێهوایی، زەخی خۆبەدەستەوەدان و ڕاسان... لەو سەردەمە زەخییەدا شاعیری "لە غوربەتا" بە شێوەیەکی کەسەکی چاوەڕوانەکراو بە شیعرێکی جیاوازەوە لەگەڵ ئەو دۆخ و بەستێنەدا بەرەوڕوو بۆتەوە، ئاگاداری ئەوە نیم ئایا پێشتر کەسی دیکە لەم سۆنگەیەوە سەرنجی دەقەکانی کۆشیعری "لە غوربەتا"ی داوە یان نا، بەڵام تا ئەو شوێنەی خوێندبێتمەوە ڕەنگە لە میژووی شیعری نوێی کوردیدا هیچ شاعیرێک هێندەی حەمە عومەر عوسمان پارامێتر و تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانتیسیزمی ڕەشی لە دەقی خۆیدا بەرجەستە نەکردبێتەوە.

۳- بە پێچەوانەی پێناسەی زاڵی لای ئێمە، هەمووجار مەبەست لە ڕۆمانتیسیزم ڕەهەند و مانای لیریکی نییە. بە تایبەت ڕۆمانتیسیزمی ڕەش، کە لەو پێناسەیە دوور دەکەیتەوە و بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە ڕوانگەیەکی تاریک و تاڵ سەبارەت بە ئەدەب و جیهان لە سۆنگەی هەندێ چەمکەوە، وەک تەنیایی، داماوی، بێکەسی، دڵتەنگی لە ڕادەبەدەر، مێلانکۆلیا، مەرگدۆستی و کۆمەڵێ ڕێزی و ڕۆیشتنە ناو قاوخی خۆ و لەوێوە پەنابردن بۆ هەندێ تەسکین و ئارامیدەری وەک ئەلکول و ئەفیۆن و ماددەی هۆشبەر. تانوپۆی کێشەی "لە غوربەتا" بەو مۆتیڤانە تەنراوە کە بیزاریی پێرسۆنا و بێڕەری شیعر لە بارودۆخی ناوەوە و دەرەوەی خۆی نیشان دەدا.

ئەزقەزا فۆرمی زۆربەی شیعرەکان لە لێکدران و تێکتەنرانی ئەو دوو دۆخە پێک دێت، دۆخی عەینیی شاعیر و دۆخی زەینی، واتە لە زۆربەی شیعرەکاندا میزانسێن و فەزایەک کە شاعیری تێدایە و خوێنەر دەکێشرێتە ناوێەوە بە چەند دێڕ و سەرەقەڵەم بۆمان دادەڕێژرێت و بەرەبەرە باری ڕۆحی و دەروونی شاعیریش ئاوێتەی دەبێت. ئەگەر بە زمانێکی سینەمایی بدوێین، زۆربەی میزانسێنەکان لە موود و ڕەگەزگەلی فیلمی "نووار" پێکهاتوون، شەقامی چۆڵ و تەڕی لای ئێوارە، گۆڕستانی ساردی پڕ گەلای وەریو و و پاییزی پڕ لە تابووت، شەوی باراناوی و تەنهایی پشت پەنجەرە، بێ ئۆقرەیی شاعیر لە ناو ژووری بێدەنگ و نیوەڕووناکەکەیدا، بەڵام گرنگی دەقەکان لەوەدایە ئەم چنین و وەسفانە لە ڕۆڵی فەزاسازی و بەستێنەوە هەڵدەکشن و جیا لەوەی دەبنە دەرخەری

باری دەروونیی شاعیر، لە هەندێ شوێندا دەبنە ئاوێنەی بالانوێنی دەروونی شاعیر، لێرەدا ئێتر ئەو سنوورەی نێوان جیهانی عەینی و زەینی، دەرەوە و ناوەوە نامێنێت، ئەو تاریکی و و ساردییە، لە دەرەوە هەیە شتێکی جیا و دوور لە ناخی شاعیر نییە، بە پێچەوانەش ڕاستە، واتە ئەو کاتەی باسی ناخ و باری دەروونیی خۆی دەکات، هاوکات خەریکە هێلکاریی سیمای دەرەوە دەکات.

٤ـ کێبی "لە غوربەتا" لە کەم قەرەبالغترین و کەم جەماوەرترین شیعرەکانە، بوونەوەرەکانی ئەم جیهانە شیعرییە، جگە لە قەلەڕەش و سەگی وێل و چەند پەلەهەوری چڵکن و خۆری نەخۆش، یان یارێکی ڕۆیشتوو، زیندەوەری دیکەی تێدا نییە، مەگەر هێماگەلی پرابلیماتیکی وەک ڤان گۆک و یەسەنین.

شاعیری "لە غوربەتا" بە زمانێکی سادە و سارد و هاوکات سەمیمی دەدوێت، زمان ئاڵۆزییەکی ئەوتۆی نییە، شەفاف و زوڵاڵە، بەڵام بە پێکهاتە تازە زمانییەکان، بە پێدانی دەلالەتی جیاواز بە وشە، بە ڕیتم و مۆسیقای ناوەکی و... تا ڕادەیەکی قەبوولکراو زمان لە حاڵەت و کارکردی ئاسایی دوور دەکەوێتەوە، کێش و سەروایش بۆ ئەمە یارمەتیدەرن، سەروا بە نەرمی و لە جێی خۆیدا، بەڵام هاوکات ڕیتمێک و تاڕادەیەک نامۆیانە دەق گردوکۆ دەکاتەوە، لە زۆربەی شیعرەکانی "لەغوربەتا"دا لە ڕێگەی شیعرەوە و بە شیعر هەست و ئەندێشە و سۆز دەرنابڕدرێت، بەڵکو شیعرێک دەنووسرێت کە ئەوانەیشی لەگەڵدایە، ئەویش نەک بە ترساندن و تۆقاندنی خوێنەر لە ڕێگەی زمانی ئاڵۆز و دژوارەوە، یان بە فۆرمی گران و سەختەوە، یان بە پێدانی جوانیی باو و دڵرفێن و... بەڵکو بە ئیمازگەلی سارد و تار، زمانی سادە و ماناگەلی تاڵ و گەیاندنی خوێنەر بە ڕەهەندێکی لەوانەیە نەخوازراو و نامۆ و غوربەتی.

شاعیر لە زۆربەی دەقەکانیدا ئازارە تاکییەکانی خۆی دەنووسێتەوە، یان باشترە بڵێین شیعرێک دەڵێ کە دێڕ بە دێڕی بە ڕەنج هۆنراوەتەوە، نەک وەک کڕووزانەوە، یان دەنگەڵبڕین، بەڵکو وەک ورتەیەک، هەندێ شوێنیش وێرد و نزایەکی ژێرلێو، بۆیە دەتوانین بڵێین دەنگی شیعری "لە غوربەتا" جۆرێک مۆنۆلۆگە، قسەکردنی شاعیرە لەگەڵ خۆیدا هەر ئەم تۆناژ و ڕاوێژە، کاریگەریی تەنهایی و کەشوهەوای خەمناکیی شیعر زیاتر دەکاتەوە. قاڵبی شیعرە یەکەمەکان دووبەیتی (دوو دێڕ) یان "چوارنیودێڕ"ە هەر کامیان یەکەیەکی ماناین. مێعماری، یان ستڕەکتۆری دەقەکان وەک کۆمەڵە خانوویەکن لە پاڵ یەکدا دادەنرێن، هەموویان بە چەند مۆتیف یەک تێم دەڵێنەوە، لە کۆبەندا وەک کۆمەڵە نۆتێک مێلۆدییەکی دارک ساز دەکەن، لە زۆربەیاندا کێش بڕگەیی و سادەیە، لە هەندێ دەقدا وەک "پاییزی دەریا" و "دووەم نووح" و "ژمنەڕاڵی پاییز" و... بە کورت و درێژکردنەوەی دێڕەکان کێشەکان ئاڵۆزتر دەبنەوە.

٥ـ تیۆدۆر ئادۆرنۆ لە باسی شیعری لیریک و بابەتی جڤاتی، پێی وایە دەکرێ تەنانەت لە هەناوی شیعری لیریکیشدا مانا و دەلالەتی کۆمەڵایەتی دەربکێشرێت، کەواتە دەبێ دەرکێشانی ڕەهەندگەلی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە دەقی نا-لیریکی "لە غوربەتا" ساناتر بێت. ڕاستە شاعیر کەسەکی و بە بووتیقایەکی میانەڕەوانەی شیعرییەوە دەنووسێت و باسی ئازارە تاکییەکانی خۆی و پێرسۆنا ناسیاسییەکانی شیعری دەکات، بەڵام با ئەم دۆخە هەڵبگەڕێنینەوە و بپرسین ئایا هەر ئەمانە ئامازە و دەلالەت نین لە ماندوویەتی کۆمەڵگە و سەردەمێک کە هیواکان تێکشکاوە؟ ئایا بریندارییەک و ڕەنجێک کە پەستاوەتە ناو دێڕەکانەوە، لەو هاتن و چوونەی نێوان جیهانی عەینی و زەینی، دەلالەت نییە بۆ زەمەنێکی بریندار و سەردەمێکی ڕەنجبردە، ئایا ئەم نمایشی ڕەنجە بە بێ هیچ تۆناژێکی حەماسی، هیچ ئازایەتییەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیک، هیچ دەنگێکی دلێر و سەرکەوتوو و یان شادمان، ڕاستگۆیانەتر نوێنەرایەتیی ئەو سەردەمە بەرزەخییە ناکا؟ ڕەنگە سیاسیترین ئامازەی ڕادیکاڵی "لە غوربەتا" هەر ئەو نەبوونی دەنگە بێت، بوونی

ـتەورت و زەمزەمەی ژێرلێوی شاعیر لە کتێبی "لە
ـوربەتا" ئاماژەیە بەوەی سەردەم و کۆمەڵگەیەک دەژیەت
، ڕێگە دەنگەکان کپ کراون و لە پەراوێز خراون، جیا
و "ورتە و ویرە"یەی شاعیر لەگەڵ خۆیدا، هیچ دەنگێک
کۆشیعری "لە غوربەتا" نابیستریت، ئەمە بە جۆرێک
ەتوانێ ئاماژەیەکی بەجێ بێت بەو دۆخە ترسناک و
پەی تێیدایە بەرهەم هاتووە، ئەم ورتەورتە ڕاستگۆ و
خلاقمەندترە لە زۆر دەنگی دروشمئاسا، پڕحەماس یان
ـواننوێن. بە دیوێکی دیکەدا "لە غوربەتا" سۆزخوازی هیچ،
ـنانەت شینگێڕیش نییە، تەنیا دەکرێ بگوترێت زەمزەمەی
ـردی تێکشکاوان و پەراوێزخراوانە. نوتقە و گەرای
ـو دەنگەیە کە لە نێوان هەراوزەنای دەنگە بەرزەکاندا
ـدەبیسترا و ئێستە بە هۆی "لە غوربەتا"وە دەتوانین گوێی
ێ بگرین. ورتەیەکی پێش وادە کە دواتر زار و فیگۆری
ـۆی دۆزییەوە، ورتە و ویرەیەک کە لە پاش ڕاپەڕین
بە تایبەت لە پاش نەمانی دەسەلاتی سەددام فیگۆرە
ـەرگەردان و فلانۆرییەکانی خۆی لە ژمارییەک گەنجی
ـەراوێزنشین و خەمۆک، لە کۆلان و شەقامەکانی سلێمانی
هەولێر و دیکەی شارەکانی باشووردا دۆزیوەتەوە و
ـوانەیە تادێت ژمارەشیان زیاتر بێت.



محەمەد عومەر عوسمان

شاعیرێکی کەمنووس و پوختنووس

تەیب جەبار

ەمەد عومەر عوسمان شاعیرێکی دیاری دنیای ئەدەبی
ردی، شاعیرێکی جیاوازی دنیای شیعری کوردی.
اعیرێکی کەمنووس و پوختنووس، خاوەنی ئەزموونی
یەت بە خۆی لە شێوە و ناوەرۆکدا. شاعیرێک جیاواز
شیعردا، جیاواز لە هەڵسوکەوت و جلوبەرگدا. کوڕێکی
ێکەڵەی باڵابەرز، قژ درێژ، دەنگ بەرز، پێکەنین و قاقای
ێژ و بەرز، دڵساف و بێوەی و هەندێ جار تووڕە،
ووڕە لە زەمانە و هاوڕێی خراپ، تووڕە لە بەختی خۆی و
ڵلەتەکەی، هاوین و زستان جلوبەرگێکی سادە و جیاواز
جلوبەرگی هەموو هاوڕێکانی. پەیوەندییەکی باش و
ەیری لەگەڵ هاوڕێکانیدا هەبوو، خۆشەویستی هەمووان
و، کەس لێی زێز نەدەبوو.
اعیر، ناوەڕاستی ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو،
ەستی بە شیعرنووسین کردووە. مەیلێکی زۆری بۆ
ێنەکێشان هەبوو، چەند تابلۆیەکی کێشاوە زۆربەیان
ی برادەرەکانێتی، یەکێک لەو تابلۆیانە (کە بۆ هاوڕێی
ۆچکردوومان هونەرمەند سەروەت سەوزی کێشاوە)
ی منە. سوپاسی زۆر بۆ کاک (بەختیار سەعید) کە
ساڵی (٢٠٢٢) داوایەکی بڵاو کردەوە، کە هەرکەسێ
ابڵۆی محەمەد عومەر عوسمانی لایە بیگەیەنێتە دەستی،
ێشانگەیەکی چەند ڕۆژەی بۆ کردەوە. هیوادار و داواکارم
تێبینێک بۆ تابلۆکانی چاپ بکرێت.
اعیر، کەمنووس و پوختنووس بوو، ساڵی (١٩٨٥) یەکەم
ۆمەڵەشیعر و تاکە کۆمەڵەشیعری بە ناونیشانی (لە
ورەتا) بڵاو کردەوە. ئەو کۆمەڵەشیعرە تاکو ئێستا پێنج
جار چاپ و بڵاو کراوەتەوە، سێ جاریان خۆی لە ژیاندا
وو، دوای کۆچی دوایی لە (٢٠١٩/١٠/٢٢)دا دوو جاری
ر چاپ کراوەتەوە، من ئێستا چاپی دووەم و پێنجەمم
ەبەر دەستدایە، چاپی دووەم سیویەک شیعر لەخۆ
ەگرێت، چاپی پێنجەم کە لە لایەن برای شاعیر و نووسەر
ساڵح بێچار)ەوە کۆکراوەتەوە و ئامادەکراوە، سەرجەم
شیعرەکانی لەخۆ گرتووە، کە چلویەک شیعرە، لەوانەیە
شیعری تریشی مابێت.
ەم کۆمەڵەشیعرە بچووکە لە ساڵی (١٩٨٥)ەوە بووەتە
ڕێردی سەرزمانی گەورە و بچووکی شاعیران و نووسەران
و ئەدەبدۆستان، بە تایبەت لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی
کوردستان. ئەم کۆمەڵەشیعرە کۆمەڵێک خاسیەتی تایبەت
بە خۆی هەیە، کە لای کەم شاعیر هەیە، بۆیە وا ناودار و
جێی بایەخی نووسەران و خوێنەران بووە.
یەکێک لە خاسیەتە جیاوازەکانی شیعری محەمەد عومەر
عوسمان ئەوەیە، کە لە گەرمەی ئەو تازەکردنەوەی
شیعری کوردیدا، کە لە کۆتایی ساڵانی شەستەوە و سەرەتای
ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو هاتنەئاراوە، بە وازهێنان
لە شیعری عەموودی و جووت دێڕ و جووت سەروا و...
هتد، هاتنەئارای شیعری برگەیی و ئازاد و پەخشانەشیعر،
شاعیر پەنا دەباتە بەر کۆنترین شێوەنووسینی شیعر،
کە شێوەشیعری (چوارینە)یە. زۆربەی شیعرەکانی بەو
شێوەیە نووسیوە، شێوەشیعری چوارینە لە شاعیران
(بابەتاهیری هەمەدانی)ی کورد و (عومەر خەیام)ی فارس
بۆمان ماوەتەوە، زۆر لە شاعیرانی قۆناغی کلاسیک و
ڕۆمانتیک کەم تا زۆر پەنایان بۆ ئەم شێوەنووسینەی
شیعر بردووە و شیعریان پێ نووسیوەتەوە. بەڵام ئەم
شاعیرەمان بە شێواز و جیهانبینی تازەوە چی لە
دروستکردنی وێنەکاندا و چی لە بەکارهێنانی
زمانێکی پوخت و سفت و تایبەت بە خۆی،
جیاواز لە زمانی شاعیرانی پێش خۆی و نەوەی
خۆی، شیعرەکانی نووسیوەتەوە. لەو سەردەمەدا
پەنابردن بۆ نووسینی شیعر بە شێوەی چوارینە
لە لایەن شاعیرێکی گەنجەوە، جێگەی تێڕامان و
پرسیاری گەورەیە.
لەو چلویەک شیعرەدا، چوارده شیعریان بە
تەواوی بە شێوەی چوارینە نووسیوە، لەناویاندا
شیعرە ناودارەکەی (لە غوربەتا) کە درێژترین
شیعریەتی و لە هەشتاودوو چوارینە پێک
دێت. چوارده شیعری تریان تێکەڵە لە چوارینە
و کۆپلەی کورت و درێژ. سیانزە شیعرەکەی
تریان لەسەر شێوەی شیعری برگە نووسراوە
بە کۆپلەی کورت و درێژ. کەواتە زۆربەی
شیعرەکانی لەسەر شێوەی چوارینەن. شاعیر
لە سەرجەم شیعرەکانیدا پابەندی سەروا
بووە، سەروای جۆراوجۆری بەکارهێناوە.
زۆربەی شاعیرانی کۆن لە شێوەشیعری

چوارینەدا زیاتر پەیوەستن بەوەی سەروای دێڕی یەکەم و دووەم و چوارەم وەکویەک بێت، بەڵام شاعیر لە سەرجەم چوارینەکانیدا سەروای بەس بۆ دێڕی دووەم و چوارەم بەکارهێناوە. هەروا شاعیر لە سەرجەم شیعرەکانیدا پابەندە بە کێشی (پەنجە - برگە)ی کوردی خۆمالی و شیعرەکانی زیاتر بە کێشی چوار برگەیی و پێنج برگەیی نووسیوە. پاپەندبوون بەم سەروا و کێشە سەرچاوەی سەرەکی ئیقاعی دەرەکی شیعرەکانی شاعیرن، جگە لە ئیقاع و هارمۆنیای وشە و ڕستە و وێنەی شیعریی. زۆربەی ناونیشانی شیعرەکانی کورتن، تەنانەت ناونیشانی بیستویەک شیعریان یەک وشەیە.

خاسیەتێکی تری جیاوازی تری شاعیر لەگەڵ شاعیرانی تردا بەکارهێنانی وشەیە، شاعیر وەک هەر مرۆڤێکی تری کورد، شاعیر و ناشاعیر، هەمان ئەو وشانە بەکار دەهێنێت کە ئێمە لە ئاخاوتن و شاعیرانیش لە شیعرەکانیاندا بەکاریان دەهێنن، بەڵام بە داڕشتنێکی دەگمەن لەگەڵ بەکارهێنانی هەندێ وشە کە وشەی کوردی پەتین، بەڵام چی لە ئاخاوتن و چی لە نووسیندا زۆر بە کەمی بەکار دەهێنرێن، وەک وشەی (کەیل، ئەشک، کۆست، تەمومژ و... هتد) ئەمەش وای لێ کردووە بێتە خاوەن فەرهەنگی وشەی خۆی، ببێتە هۆی توندوتۆڵی زمانەکەی کە بۆ شیعر زۆر پێویستە. هەموومان دەزانین شاعیر ناوی خۆی نابوو (ژەنەڕالی پایز) و شیعرێکیشی بەو ناونیشانە هەیە، وشەی (پایز) یش زۆر بەکار دەهێنێت، لای شاعیر وشەی (پایز) هەر وەرزەکە نییە، بەڵکو لە هەر شوێنێکدا بەکاری هێنابێ، جگە لە ئاماژە بۆ وەرزەکە، دەڵالەتی تری هەیە، بۆیە نازناوی (ژەنەڕالی پایز) شایستەی خۆیەتی.

جیاوازییەکی تری شاعیر ئەوەیە لە شیعرەکانیدا بابەتی ڕۆژ و باو ناڵێتەوە، بەڵکو هەمیشە گەڕاوەتەوە بۆ جیهانی ناوەوەی خۆی، وەک مرۆڤێک باسی خەم و مەینەتی مرۆڤ دەکات. ئێمە لە باشوور لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە تاکو ساڵی (١٩٩١) لە شەڕێکی دەستەویەخەدا بووین لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا، ئێستاش لە پارچەکانی تری کوردستان شۆڕش و خەباتی چەکداری هەر بەردەوامە دژی داگیرکەرانی کوردستان، لەو پێناوەشدا هەزاران شەهیدمان داوە. زۆربەی شاعیران لەو ماوەیەدا و لە ئێستاشدا دەیان و سەدان شیعریان بۆ شەهیدان و نەبەردی پێشمەرگە گوتووە، بەڵام شاعیر جیاواز لە هەموویان شیعری بۆ بابەتی ئینسانی تاک نووسیوە، نەک بۆ شەهیدان و بەرهەنگاری-میللەت و پێشمەرگە، ئەو هەمیشە گەڕاوەتەوە بۆ ناخی خۆی و ئەو جیهانە ئاڵۆزەی کە تیایدا گینگڵی دەدا، کە هەمیشە تارمایی خۆشەویستی، مەرگ، خۆکوشتن، تەنیایی، گۆڕ، پایز و... هتد بەسەریەوە بووە و ئەوەی شاعیری لە نزیکەوە ناسیبێ دەزانێت کە شاعیر باریکی دەروونی تایبەت و جیاوازی هەبوو. لە گەرمەی ئەو دۆخەدا ئەو شیعری بۆ (یەسەنین، ڤان کوخ، بابەتاهیر، خەلیل حاوی، خانمی سوورپۆش و... هتد) نووسیوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە شاعیر لەگەڵ خەباتی ڕەوای میللەتەکەیدا نەبووە، بەڵکو هەمیشە لە بەرەی میللەتەکەیدا بووە، هەمیشە دڵسۆزی میللەت و نیشتمانپەروەر بوو، هیچ خراپی و ناپاکییەکی بەرانبەر بە میللەتەکەی نەکردووە، هیچ خاڵێکی ڕەش لە ژیانیدا نییە. تەنانەت دواشیعری کە لەم ساڵانەی دواییدا نووسی، بۆ شەرڤانانی ڕۆژئاوای نووسیوە، ئەمەش شیعرەکەیە:

شەرڤان

ئێستا ژیان وا دەخوازێ..
پەنابەردێ بکەم بە مال
ئێستا ژیان وا دەخوازێ..
شەهیدبوونم تارای سووری بووکێنی بێ
تفەنگەکەم ڕابڕێنم لە جێی منال!

هەروەها شیعرێکی تری کە بۆ جەنگ نووسیویەتی، کە چوارینەیەکی کورتە و جوانترین دەربڕینە لە جەنگ:

ەنگ
ر لە جەنگ دیم، ئافرەتێک بوو،
ەتا بڵێی نوورانی بوو
فسووس دوای جەنگ بینیمەوە،
ودارترین سۆزانی بوو!

وسین لەسەر جیاوازییە زۆرەکانی محەمەد عومەر
وسمان زۆری دەوێت و لێکۆڵینەوەی چڕوپڕی پێویستە،
ە ئێستا لەم وتارە کورتەدا جێگەی نابێتەوە، ئەگەر هەلمان
ڕەخسا لە دەرفەتێکی تردا دەگەڕێینەوە سەری.
دت بەخێر، شیعرت زیندوو، کاکە حەمەی نەمر و
ۆشەویستی هەموان.

گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد عومەر عوسمان

ئامادەکردن، هەڵبژاردن و نووسینەوەی: ڕۆژهار

م گفتوگویه هەڵبژاردەیەکە لە چوار گفتوگۆ، لە چوار رچاوە و کاتی جیاوازدا، "ڕۆژهار" کۆمەڵێک پرسیار و
لامی لێ هەڵبژاردوون و سەرلەنوێ نووسیویەتیەوە، ڵدراوە خەتێکی درامی بە هەڵبژاردنەکە بدرێ، کات بەشدارییەکی کاراش بێت لە دەرخستنی بەشێک بۆچوونەکانی محەمەد عومەر عوسمان. ئەمەش رچاوەکانە:

ڕۆژهار ڕامان، ژ: ٣، ٥ی ئەیلوولی ١٩٩٦.

ڕۆژهار سلێمانی، ژ: ٨، شووباتی ٢٠٠١.

ڕۆژهار زنار، ژ: ٨، تەموزی ٢٠٠٧.

ڕۆژهار لڤین، ژ: ٤٦، تشرینی دووەم، ٢٠٠٦.

بۆچ خۆت لەنێو دنیای شیعردا دۆزیوەتەوە؟

سەرەتا وێنەم دەکێشا، دواتر چیرۆکم دەنووسی، وجا بە تەواوەتی خووم دایە شیعر. شیعر بەوپەڕی ەیدابوونەوە پەلکێشی کردم بۆ لای خۆی، هەروەک وەی شیعرنووسین نوێژ بێت و شاعیریش کەسێکی بالاتر کەسانی ئاسایی، کە هەرواشە... ناشزانم وەسفی شیعر ەم ئاخۆ شیعرنووسین ئیلهامە و دادەبەزێ بۆ شاعیر ەک دەڵێن، یان ئیلهام نییە دەبێ تۆ سەرکەوی بۆ لای ەک کۆڵن وڵسن دەڵێ، یان ئەو بێدەنگییەیە کە بە قسەی ێنین وەک پۆل ڤالیری دەڵێ، یان هەموویانە پێکەوە. هێندە ەزانم شیعر چاوی سێیەمم بوو ئێستاش هەر ئەو چاوەیە ڕ بینین و تێڕامان لە هەموو ئەو دیاردانەی کەسانی اسایی نایبینن. گەر بیشیبینین، دەروونیان جۆش نادا... ەڵکی سادە تەنیا ئەو زامانە دەبینن کە خوێنیان لەبەر ەڕوا، بەڵام من ئەو زام و بریانە دەبینم بەبێ ئەوەی خوێنیان لێ بێت هەست دەکەم وەک دەریا قوڵن و وەک اڤگە خوێنیان لەبەر دەڕوا. لە ڕاستیدا سەرەتا وامزانی ەیعر ژیانێکی هێمن و پڕ لە ئاسوودەییم بۆ دابین دەکا، ەرەنگتر زانیم شاعیرێتی جەنگێکی بەردەوامە، هەمیشە شاعیر لەسەر شکاندنی گوڵێک لەگەڵ ڕەشەبادا بەشەڕ ێت و ئێستاش نازانم شیعر دێت بۆ لام یان من دەچم بۆ ای، یان لە یەک جیا نابینەوە.

***تۆ لەچاو ئەزموونی شیعریت بەرهەمت کەمە، هۆکەی چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

- کەمی بەرهەم چەند هۆکارێکی هەیە، لەوانە: ئەو جیهانبینییەی بۆ شیعر هەمە کە شیعر دەبێت بەو شێوەیە بێت، یان "هیوم"ئاسا نووسینی کۆپلەیەک شیعرم پێ باشترین لە دەیان شیعری ئاسایی، کە ئەمە لایەنی تەکنیک و دارشتنی وێنە و چەندین لایەنی تر دەگرێتەوە، یان "کیتس"ئاسا لە هەوڵی گەیشتن بە "موستەحیل"دا بم، هەروەک چۆن ئەو دەیویست ناوی خۆی لەسەر ئاو بنووسێ، لە لایەکی تریشەوە دوورکەوتنەوە لە زۆری‌وبۆری.

***تا چ ڕادەیەك ڕات لەجیلی شیعری خۆتە، ئایا پێت وایە بەپێی پێویست لە سەردەمەکە هاتبنە پێشەوە؟**

- ژدانۆفییەت و باوکسالاری لە ئەدەبدا غەدرێکی زۆری لە شیعری ئێمە کردووە، بە تایبەتی ئەوانەی شیعر وەک لافێتەیەکی سیاسی سەیر دەکەن و ڕۆشنبیری و تێڕوانینیان بۆ شیعر سنووردارە. جیلی شیعری من گەلێ شاعیری بەهرەدار و مژدەبەخشی گرتۆتە خۆی، تا ڕادەیەکی باش لە سەردەمەکە هاتوونە پێشەوە و بۆ کەسێ مەبەستی لێکۆڵینەوە بێت لە شیعری نوێ، بە هیچ جۆرێ ناتوانێ هەندێ ناو و دەنگ و ڕەنگی ئەم جیلە فەرامۆش بکات.

***لەگەڵ وەچەی پێش خۆتان لە چی یەکناگرنەوە و لە چیدا یەکدەگرنەوە؟**

- لەگەڵ وەچەی پێش خۆمان لەوەدا یەک ناگرینەوە کە هەندێکیان شیعر وەک لافێتەیەکی سیاسی دەبینن و دەیانەوێ شیعر چارەسەری هەموو کێشەکان بکا و وەڵامی هەموو پرسیارەکان بداتەوە و بە ناوی شیعری مولتەزیمەوە، شیعر بکەنە پاشکۆی سیاسەت و چەند لایەنێکی تریش. بەڵام لەگەڵ هەموو شیعرە جوانەکاندا یەک دەگرینەوە، هەموو ئەو شیعرانەی لە دوێنێ و ئێستا و داهاتووشدا هەر شیعرن.

***ڕەخنە تا چ ڕادەیەك بەسەری کردوونەتەوە و ملفی ئێوەی داوە؟ ئایا جیلی شیعری ئێوە لەبارەی ڕەخنەوە تا کوێ بەسەر کراوەتەوە؟**

ـ هیچ دیوانێکی شیعر بەقەدەر "لە غوربەتا" ڕەخنە و خوێندنەوەی ڕەخنەیی بەسەری نەکردووەتەوە، هەر لە سەرەتاوە لەسەر ئاستی بڵاوکردنەوە بە پلەی یەکەم برای بەڕێز کاک ئازاد عەبدولواحید کەم و زۆر لە نزیکردنەوەی شیعرەکان لە خوێنەر ڕۆڵێکی باش و بەرچاوی بینیوە، دواتریش کۆڕە ئەدەبییەکان و نووسینەکانی مەریوان وریا قانیع و ئازاد حەمە و یووسف حەیدەری و چەندانی تر هاوکات زۆر لەوانەی خوێندنەوەیان بۆ شیعر سەقەتە و لە وەڵامی بەشی پرسیارێکی تردا ئیشارەتم بۆ کرد، منیان بە ڕەشبین و گۆشەگیر داوەتە قەڵەم، کە وانییە و دیارە شیعر دەبێت هەروەک شیعر بخوێنرێتەوە و ڕەشبینی و گەشبینی زیادتر زمانی سیاسەتە و نابن و ڕووبەڕووی شیعر و ئەدەب و هونەر بکرێتەوە. دەبێت بزانین شیعر چۆن دەخوێنرێتەوە، بتوانین بگەینە ئەو ئەنجام و مەبەستانەی لەپشت شتەکانەوەن، بۆ نموونە وشەی "شەراب" لە شیعری خەیامدا مانای ئەوە نییە کە خەیام شەو و ڕۆژ لە مەیخانە کەوتووە، وەکو هەژاری موکریانی شاعیر دەڵێ، گەر بەو چاوە سەیری شیعری خەیام بکرێ، بەو پێیە دەبێت خەیام هەموو دەم سەرخۆش بووبێ و لە سەبەتەدا بردبێتیانە ماڵەوە، لە کاتێکدا خەیام وێڕای شاعیریی زانای فەلەک و زانای ماتماتیک بووە، هەروەها ڕاوێژکار و یاوەری پاشای سەردەمی خۆی بووە و خاوەنی مەنهەجی "شک"ە، پێش دیکارتی فەیلەسووف. من لە جیلی خۆمدا لە هەموویان زیادتر ڕەخنە بەسەری کردوومەتەوە، کە ئەمەش مانای ئەوە نییە ئەو ڕەخنانە هەمووی لە بەرژەوەندی من بووە.

بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەت، پرسیارێکت دێتە پێشەوە: ئایا دەقی شیعری چاک ئامادەیی هەبووە و ڕەخنە ئامادەیی نەبووە، یان ڕەخنەگری چاکمان هەبووە و شیعری چاک ئامادەیی نەبووە، بە هەرحاڵ، چەند ڕەخنەگرێکی هوشیار و بەتوانای لێ دەرچێ لە لایەن هەندێ لەوانەی ترەوە، هەرچەند بە ڕەخنەگر ناسراون، ڕەخنەکانیان لە پەند و ئامۆژگاری دەچێ و هەر لەو قاڵبەدا خۆلاونەتەوە! (ڕەشبینی، گەشبینی، شێوە و ناوەرۆک)، کە لە جێی خۆیدا بەکاری ناهێنن و بۆتە شێرپەنجەی ڕەخنەی کوردی.

***

***بە حوکمی ئەوەی زۆر دەربارەی مەرگ و ژیان و پرسیارەکانی بوون و خودا و ڕۆح دەدوێیت، هەندێ کەس تۆ بە سۆفییەکی شاعیر دەزانن، ئایا تۆ قبووڵتە وەك متمسەووفێك سەیر بکرێیت؟ یاخود چی هاوبەش هەیە لەنێوان تۆ و پێشەوایانی تەسەووفدا؟**

ـ من ئەگەر سۆفییەکی شاعیر بم، یان شاعیرێکی سۆفی، قبووڵم بێ یان نەبێ خەڵکی ئازادن لە بۆچوون و ڕوانینیاندا بۆ من. بەڵای منەوە سۆفیگەری مانایەکی زۆر فراوانتر دەگرێتە خۆی لەوەی تۆ لە ڕێگەی شێخێکی دیاریکراوەوە یان لە ڕێی ڕێباز و تەنیا ئایینێکەوە ببیتە سۆفی، دەکرێ نەک هەر لە ڕێگەی ئیسلامەوە بەڵکو هیندۆس بیت و سۆفی بیت، مەسیحی بیت و سۆفی بیت، ئەگەر لەو ڕێگەیانەی تردە سۆفی بیت دەشێ زاراوەکە بگۆڕێت، بەڵام جەهەرەکە وەکو خۆیەتی. هەردەم دەتوانرێ دکتۆرێک یان زانایەک بە عەشق و سووتانی بەردەوامی بۆ کارەکەی، بە چاوی سۆفی سەیر بکرێت. دەشێت کەسێکی وەک ئەرنستۆ چێ گیڤارا بە سۆفییەکی گەورە بدەینە قەڵەم، کە خۆی خەڵکی ئەرژەنتینە و بە هاوکاری کاسترۆ کوبای ڕزگار کرد و هەموو بستێکی ئەم زەمینەی بە خاکی خۆی دەزانی.

چەندین خاڵی هاوبەش لەنێوان خۆم و پێشەوایانی وەک جونەیدی بەغدادی و شێخ مەعرووفی کەرخی و شێخ حەسەنی بەسڕی و بایەزیدی بەستامی و هاتفی ئەسفەهانی و... دەبینمەوە.

ژۆرجار باس لە شێخ عوسمانی سیراجەدینی بیارە کەمیت و خۆشەویستی خۆتی بۆ دەردەبڕیت، پەیوەندیت م شێخە گەورەیەوە چۆن بووە و نهێنی ستایشکردنی چیدایە؟

ئەو زاتە حەکیم و زانایەکی لەخۆبووردوو و پەناگای ژاران بوو، بەدەر لەوەش ڕێزی لێ دەگرتی ئەگەر چەوانەی ئەویش بیرت بکردایەوە. بەر لە کۆچی ایشی لە تورکیا هەرکەسێ ڕووی بکردایەتە تەکیەی بوە پشتوپەنا بۆی، ئیتر ئەو کەسە نوێژی بکردایە یان یکردایە و لە هەر نەتەوەیەک بووایە، هەموو ئەوانەی لاتیان جێدەهێشت لای ئەو دەمانەوە و میتی تورکیش ەرمیان لێ دەکرد و بە حزووری ئەو نەیاندەتوانی ڕاقییەک لە خانەقاکەیدا قۆڵبەست بکەن. من چەند جارێک و زاتەم دیوە، خۆشم ویستووە و خۆشی ویستووم، لە بەغدا بوو حەزی کردووە پێی لێ نەبڕم و داوای یعرەکانی کردووم، دیوانەکەم پێشکەش کردووە و کە ی وەرگرتووم ناوپەتیە سەر دڵی... وەسفی کەسێکی وا من ناکرێ.

سەبارەت بە ژیانی تایبەتیت، تۆ وەک شاعیرێک لە ژیانی ایبەتیشدا تایبەتمەندییەکی زۆر جیاکەرەوەت هەیە، یا ئەمە پەیوەندی بە شاعیربوونتەوە هەیە، یان جۆرە مڵبژاردنێکە کە خۆت بە ویستی خۆت هەڵتبژاردووە؟

من شاعیرم تەمسیل لەگەڵ کەس ناکەم، دەمامکم لە ووداً نییە، شیعر دەنووسم شیعریش دەمنووسێتەوە، کرێ لێدانی دڵ و هاتوچۆی خوێن لە دەمارەکاندا لێک یا بکرێتەوە. شاعیر دەبێت ڕاستگۆ بێت، فرۆغ فرۆخزاد ەڵێت: "کەسانێک هەن تەنیا ئەو ساتانە شاعیرن کە یعرەکەی تێدا دەنووسن، درۆ دەکەن بە دەوروبەیەک پڵاو ەنالێنن." زۆر شاعیرمان هەیە بریندارێکی نەگەیاندووەتە ەستەخانە، پارووی دەمی خۆی نەداوە بە هەژارێک، وێرێکی لە شەقام نەپەڕاندووەتەوە، نەچووەتە ۆپێشاندانێکەوە، تەنیاوتەنیا پاڵەوانی سەر کاغەزە و یچی تر. هیچ شاعیرێ ئەوەندەی من لەناو کۆمەڵانی ەڵکدا هەڵسوکەوتی نەکردووە، زۆرجار شەرم گرتوومی ە دەرۆزەکەرێک داوای پارەی لێ کردووم و پێم نەبووە، لە زۆربەی کاتدا بەتەنیا نانم پێناخورێ. باشتر بوو بەشی دووەمی پرسیارەکەتان لە مەریوان وریا قانیع و بەختیار عەلی و برادەرانی تر بکردایە. بە هەرحاڵ، هەمیشە ویستوومە ئەو مرۆڤە بم وەک چێخۆف دەڵێت: "پیاوی گەورە شەرم لە سەگەکەشی دەکات."

***ئایا ئەو غوربەتەی لە شیعرەکانتدا دەیبینین، لە ژیانی تایبەتی خۆتدا بوونێکی وا قوواڵی هەیە؟**

ـ مایەی خۆشحاڵیمە کە ئێوە بە قوواڵی دەڕوانێنە غوربەتی ناو شیعرەکان، گومان لەوەدا نییە کە شیعر هونەرە و جێگەی ڕاهەکردن و لێکدانەوە نییە، ئەمە کاری وتار و پەخشان و نووسینی ترە، هەر لەبەر ئەوە شیعرەکان چەمکێکی بچووکترن لە غوربەتی ژیانی خۆم و هەر ئەوەندەش تەعبیرم لە غوربەت کردووە کە لە زمانی شیعردا جێگەی بووبێتەوە.

***مەرگ و ژیان دوو تایبەتمەندی جیاوازیان لای تۆ هەیە وەک ئەوەی لای شاعیرانی تر هەیە، تۆ چۆن دەڕوانیتە ژیان و مەرگ؟**

ـ سەبارەت بەو تایبەتمەندییەی کە زۆر جیاوازیم هەبێت لەگەڵ شاعیرانی تردا، ئەمە خۆی وەڵامە و لەبەر دەستی خوێنەردایە. لە ئەفلاتوونەوە تا ئەمڕۆ بێ لە دەربڕینی شاعیرانە تەعریفێکی مەنتقی بۆ ژیان نییە، کەسمان بە خواستی خۆمان نەهاتووینەتە ژیانەوە، مەبەست لە هاتنمان چی بوو. هەندێ دەربڕینی ئایینیش قەناعەت بە من ناکەن، کە دێینە سەر مەرگیش لێرەدا هەست دەکەم ئەو شیعرەی "ئەتونیۆ مەتشادۆش هیچ کۆمەکێکمان پێ ناکات، کە دەڵێت: "ئێمە جگە لە میوەی پێگەیشتووی پایز هیچی تر نین کە دەستی پایز دەمانکاتەوە." نەک میوەی پێگەیشتووین، بەڵکو بە هەزارانمان ناگەینە ئەو ساتەی کە چرۆش بکەین. زۆربەی جار هەنارێک بە دارەوە زۆر کەم شانسی ئەوەی دەبێ بەر لە کرێنەوە جوان پێگەیبێت، یان بەر لە پێگەیین دەوەرێ یان لاڕەشە لێی

دەلەت گوران وتەنی: "وەلی کوچی ژیان کۆچێکی پڕ سیحر و پڕ ئەفسوونە: لە یەک سەرچاوە دوو قەترە: یەکی لێڵە، یەکی ڕوونە!" لە فەلسەفەی هیندیشدا، کە لە فەلسەفەی یۆنانی کۆنترە و تەمەنی بۆ دە هەزار ساڵ زیادتر لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، ژیان خۆی لە خۆیدا ئازارە و ئەوەی ناومان ناوە چێژ و خۆشی لە فریودانێک زیادتر هیچی تر نییە. بۆ نموونە دەڵێین خۆر ئاوابوو، لە ڕاستیدا خۆر ئاوا نابێت، ئەوە چاومانە فریومان دەدات و سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا ئەم دیاردەیە دروست دەکات.

لە شیعری "خۆکوشتن"دا من وەک بابەتێک بە شێوەیەکی تایبەتی موعالەجەی خۆکوشتنم کردووە، لەسەر ئەم شیعرە کاتی خۆی خەیاڵپڵاوەکان بێتاقەتیان کردم، ئەوانەی پێیان وایە دەبێت بە خواستی ئەوان بنووسی و پێیان وایە تۆ دەبێت بە شیعرێک بە چیرۆکێک هەموو دنیا بگۆڕی، وەکو ئەوەی قۆناغەکانی کۆمەڵ خەباتی درێژخایەنی نەوێ و کاتێک چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی و چینایەتی لە شیعرێک دەخوازن، دەیانەوێ تۆ بە شیعرێک دنیا هەڵگێڕیتەوە و وەکو ئەوەی کێشەکان بە ئەندازەی نەخۆشییەکی سەرماخواردەگی ئاسان بن و بە چەند دەنکەحەبێک کۆتایی پێبێت. بە هەرحاڵ، لە کاتی خۆیدا یەکەم لێکۆڵینەوەی بونیادگەری لەسەر شیعری کوردی دەربارەی شیعری "خۆکوشتن" بوو، کە مەریوان وریا قانیع بڵاوی کردەوە لە سێ ژمارەی ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق (ژمارە: ۱۰۰، ۱۰۱، ۱۰۲) بە ناونیشانی (ئەفسانەی خۆکوشتن لە شیعری "خۆکوشتن"ی محەمەد عومەر عوسماندا) و با خۆیتەر خۆی بگەڕێتەوە سەر ئەو لێکۆڵینەوەیە.

***پەیوەندیت لەگەڵ هاوڕێ نێرینەکانتدا چۆنە، بەتایبەتی تۆ هاوڕێی نزیکی چەند ڕۆشنبیری وەک ڕێبین هەردی، بەختیار عەلی، مەریوان وریا قانیع و چەندانی تر بووینت؟**

- ئەو هاوڕێیانەی ناوت بردن هەموویان ئازیز و خۆشەویستی منن، لەم ڕۆژەدا هەریەکەیان سەرقاڵی ژیان و خەم و پرۆژەی خۆیانن و هەرکەسە ئێستا کار بۆخۆی دەکات و ئەو ڕۆژگارانە ڕۆیشت، کە جگە لەم ناوانەش هاوڕێکانی ترم مێزی چایخانەیەک، یان یانەیەک کۆمان بکاتەوە و گفتوگۆ لەسەر کێشەی یان بابەتێکی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بکەین، بەداخەوە زۆربەیان شەهیدبوون، یان بە نەخۆشی مردن، یان کۆچیان کرد بۆ هەندەران. لەناو ئەو ناوانەی سەرەوەش کە هێناتن بەختیار عەلی دێرنترین هاوڕێی منە و هەر لە سەرەتای نووسینەوە شەو و ڕۆژ پێکەوەبووین، لە سلێمانی، لە بەغدا، لە ئێران، ئەوەتەی چووەتە ئەورووپا تەنیا کارتێکم لەوەوە پێگەیشتووە، لە هاتنەوەکانیشیدا بۆ چەند دەقیقەیەک یەکترمان بینیوە.

***

***بەختیار عەلی هاوڕێیەکی نزیکت بووە، ئەم یەکترناسینەی تۆ و ئەو بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

- لە هەشتاکان بەختیار هاوڕێمە، لە بەغدا و ئێران و سلێمانیش زۆربەی کات بەیەکەوەبووین، بەختیار کوڕێکی بە هەڵوێستە و سەرەتا قوتابی بوو لە بەشی ئەندازیاری جیولۆجی لە زانکۆی هەولێر، ئەوە بوو وابزانم ساڵی ۱۹۸۳ کە خۆپیشاندانی قوتابیان ڕووپدا، ئەو کاتە هاوڕێیەکی تریشمی لەگەڵدا بوو بە ناوی سەرداری حاجی عوسمان، کە ئەوکات ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو، ئەو شەهید کرا و بەختیاریش لە کاتی خۆپیشاندانداڕێژنەیەک گوللەی کلاشینکۆف بەر دەستی چەپی کەوت کە ئێستا سەقەت بووە. بەختیار ئەو کاتە وەکو شیعر لەلای من نەیگوتووە شیعر دەنووسم، بەڵام بەختیار متابەعەی هەبووە بۆ ئەدەب و شیعر و نووسین، سەرەتا کە یەکترمان دەبینی، جارجار ئەو شیعرانەی خۆمم بۆ دەخوێندەوە کە لە سەرەتادا دەمنووسین، خۆی سەرسامی پێشانداوە بەرانبەر بە شێوازی شیعر لای من، خۆی پێی گوتووم کە سەرەتا کاریگەر بووە بە من و شیعری "لە غوربەتا"ی چەندین جار خوێندووەتەوە.

یت ئەوەش لەبیر بکەین کە بەختیار لەناو مالەکەی
زیدا کورەتاقانەیە و کوڕی کاک شێخ عەلی بەرزنجییە
ئەندامی لیژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی عێراق بوو.
م کوڕە لەگەڵ چاوکردنەوەیدا کتێبخانەیەکی گەورەی
بەر دەستدا بوو، بەردەوام خوێندوویەتیەوە، تا خۆی
گەیاندووە، ئێتر تا بەر لە سەفەرەکەی بۆ ئەورووپا بە
یان شەو ڕۆژ بەیەکەوەبووین، گفتوگۆمان کردووە و
ڕوڕامان گۆڕیوەتەوە، ئەو خوێنەرێکی زۆر جددی و
ندوونەناس بووە، بەردەوام حەزی کردووە بەرهەمی
ۆی بەر لە بڵاوکردنەوە، وەکو "گوناە و کەرنەڤاڵ" و
و جۆرە شیعرانەی بۆ من بخوێنێتەوە و ڕای من بزانێ
رانبەریان، دوو هاوڕێی زۆر زۆر نزیکی یەکتریش بووین،
ۆژگارێک من و بەختیار لە بەغدا ملوانکەی مێخەکمان
ۆشتووە لە ئیمام مووسای کازم.

•••

سەبارەت بە سلێمانی چی دەڵێیت؟

سلێمانی ئەو دایکە ئازیز و خۆشەویستەیە کە ناتوانین
ەرگیز لە یادی بکەین، من کە باپیریشم لە شاری سلێمانی
دایک بووە، دوورکەوتنەوەم لە سلێمانی وەکو دەرهێنانی
اسیەکە لە ئاو، سلێمانی ئەو شیعرەیە کە تا ئێستا
منووسیوە.

وانترین یادەوەریشم لەم شارەدا ئەو ڕۆژانە بوو کە
وێستگەی پاسەکاندا چاوم بۆ ئەو لەیلایە دەگێڕا کە
اوەکانی دوو گەلای پاییز بوون.

ەوانی پاییزی ئەم شارە هەمیشە لە ئەندێشەمدایە و وای
ێ کردووم نەک خۆشەویستیم بەتەنیا بۆ دانیشتووانەکەی
ت، بگرە لەوە زیادتریش کە لە چاوی زەردی سەگی
ەرجادە و شەقامەکاندا چاوانی خۆشەویستەکەی خۆم
ر دەکەوێتەوە.

محەمەد عومەر عوسمان و مەنفابوونی ڕۆحی

هیوا عەلی ڕەشید

ک لەو شاعیرانەی مەنفابوونی ڕۆحی لەناو
ڕەکانیدا بە ئاشکرا بەدی دەکرێت محەمەد عومەر
مانە، ئەم شاعیرە لەناو شیعرەکانییەوە بە ئاشکرا
ت بە نامۆبوونی ئەو غوربەتە ڕۆحییە دەکرێت کە
تاپای شیعرەکانی گرتووەتەوە و لەناو هەریەک لە
ڕەکانیدا تراژیدیایی ئەم مرۆڤە بەدی دەکرێت، کە تا
د نیگەرانی و قەلەقی لە ڕۆحیدا شاردووەتەوە و چەند
ت بە غوربەتکردن لەناو دەروونیدا دێت و دەچێت
بەند هەڵهاتن لە ژیان لەناویدا بە تۆخی خۆی پیشان
ات. دیوانی "لە غوربەتا"، کە دیوانێکی شاعیرە و هەر
ناونیشانەکەیەوە تراژیدیای غوربەتی ئەم شاعیرەمان
دەردەکەوێت و هەر لە ناونیشانەکەیەوە دەتوانین وەکو
ێک دەرگاکانی کارەساتاوی ئەم شاعیرە بکەینەوە و
ینە ناو ئەو دنیا پڕاوپڕ لە مەرگەساتەی، کە شاعیر
خۆی دروست کردووە. لە شیعرەکانییەوە دەردەکەوێت
ی شاعیرە تەنیایی جەستەی کرۆشتووە و نامۆیی و
ربەت لە دەروونیدا بارگە و بنەیەکی گەورەی خستووە
دەوارێکی گەورەی هەڵداوە، هەست دەکەی ئەم شاعیرە
نیشتمان ناژی، بەڵکو لە دوورگەیەکدا دەژی بێ مرۆڤ و
سمان و خۆر، دەڵێی لە کوخێک دەژی بێ سێبەری بالای
زیی و بێ چرا و بێ مانگەشەو و بێ نالەی کوکوختی و بێ
ڕیەی ئەستێرە. ئەم شاعیرە لەناو شیعرەکانیدا تراژیایەک
وست دەکات کە بە قوواڵی هەست بەو مەرگەساتەی
ڕۆف دەکرێت و ئەو دااڵنە داخراوانەی ڕۆحی مرۆڤ
کاتەوە کە بۆنی مەینەتی و کارەسات و برین و تەنیایی
ن دێت. شاعیر لە شیعرەکانیدا بە قوواڵی ڕۆچۆتە ناو
رز و کەڵەبەرەکانی نەستی مرۆڤەوە، هەموو ئەو چرکە
ەماوی و ئەو چرکە نیگەران و ڕاڕایی و درزدۆنگیانەی
ڕۆف نیشان دەدات کە لە قوواڵیی ڕۆحدا پەنهانە و
باوەڕوانی ئاوێنەیەک دەکات بۆ ئەوەی خۆیان پیشان
دەن و ئەڵبوومی ناخە داڕزاو و پڕ لە تراژیدییەکانمان
ۆ بگێڕنەوە. "تەنیایی و مەرگ و پاییز" سێ کۆچکەی
ماهێنانی شیعری ئەم شاعیرەیان پێکهێناوە و بێ ئەم سێ
چەمکە شاعیر ناتوانێت دامەزرانی خۆی دەربخات و بێ ئەم
سێ تێرمە (term) هەرگیز ناتوانێت شیعر بنووسێت و
چرکە شیعرییەکانی ناخی خۆیمان بۆ دەربخات.

ئای چەندە مەیلم لە گریانێکە...
دڵ و جەرگمی تیا بتوێتەوە
تەنیام تەنیام... کەس نییە باوەش...
بۆ ئەم ئازارەی من بگرێتەوە...

ئەم شاعیرە هیچ گۆشەیەک لە دیوانەکەیدا نییە تەنیایی
ێن نەچۆڕێ و بیمارییەکی قوواڵ خۆی بەدیار نەخات، ئا
ێرەدا تێدەگەین کە "تەنیایی و نووسین" دووانە و چمکێکی
بەیەکەوە نوساون لای شاعیر و هەرگیز بەبێ ئەم دووانە
نایەتە دی. نووسین و تەنیایی یەکترێ تەواو دەکەن و
هەریەکەیان تەواوکەری ئەوێتریانە، وەکو مارگریت
دۆراس دەڵێت: "تەنیایی جۆرێکە لە نووسین."[1] ئالێرەوە
دەگەینە ئەوەی کە شاعیر نووسین و تەنیایی لە یەک مارە
کردووە بۆ ئەوەی لە تێکەڵبوونی ئەو دووانەوە وەچەی
داهێنان بکەوێتەوە و دیوان بخاتەوە. تەنیایی ئەوەندە
سیفەتی زاڵی شیعرەکانی ئەم شاعیرەیە، بۆیە بووە بە
ڕەهەندێکی یەکجار تۆخی داهێنان لای و تەنیایی بۆتە
ڕێنشاندەری شیعر بۆی. تەنیایی ئەو دارشەقەیە
کە شاعیر شیعرەکانی خۆی بە ڕاستەشەقامەکانی
"خوڵقاندن"دا دەپەڕێنێتەوە بۆ دوورگە نسرمەکانی
خەیاڵ و ئەندێشە.

مردن پێم ئەڵێ تۆ تەواو شێتی
وشە جێی ژانتی تیا نابێتەوە
سەرخە سەر سنگم... چاوانت لێکنێ...
کەس نییە فرمێسک بخوێنێتەوە...

تەنیایی و دووڕەڕێزی ئەم شاعیرە، ڕۆحی
شاعیریان هەڵاهەڵا کردووە و مەنفابوونی
یەکێکە لە دەرئەنجامە زۆر قووڵەکانی و
یەکێکە لەو ڕەهەندانەی، کە شیعری ئەمیان پێ
دەناسرێتەوە.

بەپاییزکردنی وەرزەکان (ژەنەڕاڵی پاییز)
پاییز یەکێکە لەو ناوانەی کە لەپاڵ ناوی
شاعیردا دادەنرێت و هەرگیز هەرگیز لێی

1 مۆدێرنەکان، ڕامین جهانبەگلو، و. ئازاد
بەرزنجی، هەولێر ٢٠٠١. ل٢١١.

جووداو نابێتەوە، پایز دەتوانرێت بە نازناو و شوناس و پێناسەی ئەم شاعیرە دابنرێت و دەتوانرێت لە ناوەکەی خۆی زیادتر پێی بناسرێتەوە و پێی دیاری بکرێت. ئەمەش بە قوڵی ئەوەمان لا دەچەسپێنێ کە ڕەنگانەوە و داکەوتەی سایکۆلۆژیەتی شاعیرە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیدە تراژیدیایەی دەربارەی ژیان هەیەتی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خەمە گەورەیەی دەروونی شاعیری هاڕیوە و تا سەر ئێسقان بەناو ڕەگەکانی نەستیدا چووەتە خوارێ، یان ڕەنگدانەوەی سیحر و جوانی و ئیستاتیکای پایز و ڕەنگدانەوەی ئەو ڕۆمانسی و ئەو خشپەخشپەی مۆسیقای گەلایانەیە کە وەرز پڕ دەکات لە نۆتە و هۆڵی باخچە پڕ دەکات لە سەمای هەڵوەرین، یان ئەو جلوبەرگە ئاڵتوونییەی کە دیمەنی ژنێکی قەشەنگ و نەرمونیان و ڕازاوەی پێدەبەخشێت و مرۆڤ دەخاتە سەر کەلکەڵەی جوڵە و لەرینەوەی بە جۆش، یاخود ڕەنگانەوەی پیری و هەڵوەرینی جوانی و بێوەفایی ڕۆژگار و بێمرەوتی ژیان و تەنیابوون و لێکەوتەبوونە، کە ئەمە بینینەوەی وێنەی شاعیر خۆی بێ لەناو گەلاکاندا و مەرگی خۆی لەناو ئەو گەلایانەدا ببینێتەوە. بۆیە شاعیر دەیەوێ هەموو وەرزەکان لەناو پایزدا کۆ بکاتەوە و ژیانێکی پڕ لە سیحر و ناز و جوانی و پیری لەناو یەک بۆتەدا بشێلێ و لە تابلۆیەکی شیعریدا لە پەڕەموویچی بێتە دەرێ. بۆ ئەوەی لە پایزەوە دیمەنی ئەو ئافرەتە بێنێتەوە یادی کە جێی هێشتووە و ئیستاش لەناو درەختی هەڵکەندراوی دەروونیدا بۆ یادگاری هەر ماوەتەوە.

بۆ چوار وەرزی ساڵ نابێتە پایز!؟
تا نیگای ئەوم هەردەم نیشان دا
ئەو نیگایەی لە سنگما ئەسووتێ و
چەخماخە ئەدا لە ناخی گیاندا...

هەر لێرەوە شاعیر دەیەوێت پایز ببێتە مایکرۆفۆنی دەنگی و لە جێی خۆی قسە بکات و بدوێ، کە ئەم ڕەنگدانەوەی ناخە شەکەت و ماندووبووەکەیەتی، کە نامۆبوون و تەنیایی و مەنفای ڕۆحی بە ئاشکرا تەنگی پێ هەڵچنیوە و ناخی شاعیری خوراندووە و کردوویەتی بە کانگای برین و ئازار.

منم ژەنەرالی پایز...
منی هەرگیز ئۆقرەنەدیو
ژەنەرالم، ژەنەرالی هەزارەها داری ڕووت و
ملیارەها گەلای تەزیو
منم ژەنەرالی پایز...

"تا لە میتازمان (meta language) و میتامانا (meta sens)ی پایز قوڵ بێتەوە، زێتر لەباری دەروونی و ئەنتۆلۆژی شیعری نزیک دەبێتەوە، واتە لەوە دەگەین کە بۆچ بە ئازار و خەمەوە ڕۆچووەتە نێو جوانی پایز و جەستەی سیمانتیکی شیعرەکەشی بۆ تەرخان کردووە"[2]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەژەنەرالبوونی پایز، واتە بەژەنەرالبوونی شاعیر، ئەو دەلالەتەمان لا دروست دەکات کە چۆن شاعیر دەیەوێت خۆی بکات بە خاوەنی هەموو گەلاکان و دەیەوێت پرسەی هەموو گەلاکان خۆی سازی بکات و خۆی ببێتە دوایین ئیمپراتۆریەتی گەلا دوای دیکتاتۆری پایز، هەربۆیە وەکو لەتیف هەڵمەت لە "گەلاوێژی نوێ"دا دەڵێت: "ئەم شاعیرە ئەوەندە لەگەڵ گەلادا تێکەڵ بووە، وای لێهاتووە هەر شاعیرێک شیعرێک لەسەر گەلا و پایز بنووسێت، یەکسەر دەڵێت ئەو شیعرە هیی منە و کێ لە منی دزیوە." ئەمەش ئەو پڕوپاگەندەیەی "ژەنەرالی پایز" یان "دیکتاتۆریەتی گەلا" پشتڕاست دەکاتەوە و دەیەوێت هەموو گەلا و پایز و ئەو وەرزە بکات بە مۆڵکی خۆی.

پایز لە دنیای شیعری وێلبووما..
ئاسمانێکە پڕ لە گەردەلوولە
پایز لە خوێنما مۆمە و ئەسووتێ..
پایز لە دڵما زامێکە قوواڵە...

ژیان لەناو خۆکوشتندا (لە ڕۆحەوە بۆ هەڵفڕین)

---

2 ئازاد حەمە، ڕەهەندی تێڕامان و جەستەی وتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ، سوید ١٩٩٥. ل١٤٧.

عیر لەناو نیگەرانییە قوولەکانی خۆیدا بەردەوام
یت، بەردەوام مەنفای ڕۆح لە دەروونیدا گینگڵ دەدات
بەردەوام خوێنی جەستەی شکاو و هەڵاهەڵابووی لێ
ڕوات و بەردەوام بریندار دەکرێت و بە بەردی تەنیایی
گۆشەگیری، بەردەوام پرسە بۆ گەڵا دادەبەستێ و
دەوام بەسەر کۆچی ناوادەی پاییزدا دەگری. بۆیە
عیر بەتەواوی ئارامی لێ هەڵدەگیرێ و قڕیا ناکەوێ ئەو
موو میحنەتە لە دەروونیدا کۆ بکاتەوە و ئەم هەموو ئازار
بریتە لەناو خۆیدا هەڵبگرێ، بۆیە زۆر بە غەمباریەوە
باری خۆکوشتن دەدات و موچرکەی مەرگ دەمارەکانی
امی ڕادەچڵەکێنێ و دەیخاتە سەر سەمای مردن و
ڕبوون. خۆکوشتن لای شاعیر ئەو تەزووەیە کە ئێتر
ئەبەدی شاد دەبێت بەو دەستگیرانە پرچزەردەی کە
لایە و ژیان پێش ئەوەی بیهێنێ، ڕەشەبا لێی دەستێنێ.
خۆکوشتن مانای لەناوبردنی خودی مرۆڤ دەگرێتەوە،
ئەویش لە هەردوو وشەی (sui) بە مانای خود یان من
وشەی (coeden) بە مانای دەیکوژێت پێک دێت، کە بە
ستی ئاماژەیە بۆ ئەو کەسەی کە خۆی دەکوژێت."3 لای
میل دۆرکهایم خۆکوشتن بەرئەنجامێکی ڕاستەوخۆی
ەدەی مرۆڤە بەرانبەر بە خودی خۆی، چ بە نیگەتیڤ
ن پۆزەتیڤ، کە ئەو کەسەی بەرانبەر بە خودی خۆی
نجامی دەدات. بەرئەنجامەکەی دەزانێت و لە بەرچاویەتی،
ە ئەویش مردنە، کە دۆرکهایم لە کتێبی "خۆکوشتن"دا بە
شکرا ئاماژەی بۆ کردووە و بە تێڕوانینێکی سایکۆلۆژیانە
ی کۆڵیوەتەوە و لە هەموو ئەو فاکتەرە ئابووری و
یاسی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیانەی کۆڵیوەتەوە کە
ەبنە هاندەرێکی سەرەکی بۆ ئەو کردە دژەخودییە. لای
ڕۆیدیش ئەم کارە لە ئەنجامی کێشمەکێشمی نێوان (ئیرۆس
Eros) و (ساناتۆس (Thanatosدا دەکەوێتەوە، کە بە
مەرکەوتنی (هێزی ساناتۆس) ئەم جەنگە دەکەوێتەوە و لە
ەنجامدا مردن دەبێتە دواڕین بەرئەنجامی. شاعیریش بەم
یەشنە وەسوەسەی خۆکوشتن بەیان دەکات.

لە نیوەشەوان... هانا بۆ مەرگ، مەرگی خۆم ئەبەم
ڕوخسارێکی کاڵ... لە دوورەوە دێ... کاڵ هەروەکو تەم
یەتا دێ تۆخ و تۆختریش ئەبێ...

لەپڕا ئەڵێم: ئای... خۆ هاتووە!
سەری ناوەتە سەر پەنجەرەکەم
زردە ئەیگرێ و زۆر بە خامۆشی... لە سیمای مردووم...
ورد ئەبێتەوە...

وەسوەسەی مردن و وەسوەسەی خۆکوشتن لەناو هەموو
دێڕەکانی ئەم قەسیدەیەدا، کە بە ناوی "خۆکوشتن"ەوەیە
بە ئاشکرا دیارە و لە هەڵێک دەگەڕێ خۆی بکوژێت و
چەقۆکە لەسەر سینەی گەڵای وەریوی خۆی بچەقێنێ،
بەڵام هەمیشە تارمایی ژیان تارمایی ئومێد دەستی چەقۆی
پێ دادەگرێت و ئومێدێک دەگێڕێتەوە بۆی، لەو خەیاڵ
و وەسوەسە نیگەتیڤ و دژ بە خودە ڕزگاری دەکات،
واتە لەناو بیری خۆکوشتندا لای شاعیر هەمیشە تارمایی
و سێبەری ئومێدێک حزووری هەیە و هەمیشە چەقۆی
تووڕەیی پێ دادەگرێت و لەو دااڵغە نیگەتیڤە پەشیمانی
دەکاتەوە، وەکو لای کۆڵن وڵسۆن دیارە کە دەڵێت: "تەنیا
ئومێدێک بەسە بۆ زاڵبوون بەسەر خۆکوشتندا."
کامۆ، کە فەلسەفەکەی بە فەلسەفەی "خۆکوشتن"
ناسراوە، دەستنیشانی ڕەوشتی مرۆڤایەتی دەکات
و لای وایە کە "پێویستە مرۆڤ ژیانێکی پڕ بژی."4
بەبێ ئەوە مرۆڤ پێویستە بە خۆکوشتن (پڕبوونی
lapassion)ی خۆی تەواو بکات، ڕەنگە لای
شاعیریش کەڵکەڵەی پڕبوون فاکتەری بەهێز بێت
بۆ ئەم بیرکردنەوەیە.

جارێکی تریش هانا بۆ چەقۆ ڕەشەکەم ئەبەم...
چەند ساتێک نابا... بەر لە مردن... دەگەڕێتەوە
سیمای تۆخ... تۆختر... تۆخ ئەبێتەوە
سەرلەنوێ دەستم سارد ئەکاتەوە
کوشتنی خۆمم بیر ئەباتەوە...5

ڕ دانا مەلا حەسەن، خۆکوشتن، گۆڤاری سۆسۆلۆژیا، ژ: ١،
.٧١

4 الیبر کامی، عبدلغنم حنفی، ل١٦٢.
5 سەرجەم نموونە شیعرییەکان لەم
سەرچاوەیەوە وەرگیراون: . لە غوربەتا، محەمەد
عومەر عوسمان، چاپی یەکەم، سلێمانی
.١٩٨٥

ڕەهەندەکانی شیعری محەمەد عومەر عوسمان لە دوو نامەی ئەکادیمیدا

هەڕێم عوسمان

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

ڕەهەندەکانی شیعری محەمەد عومەر عوسمان

نامەیەکە

ڕۆخۆش محەمەد ئەسرۆڵا

بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمان و ئەدەبی کوردیدا

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی ڕاپەڕین - کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت

ئەزموونی شیعریی محەمەد عومەر عوسمان

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت - زانکۆی ڕاپەڕین کراوە
بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمان و ئەدەبی کوردیدا.

لەلایەن

قادر غفور قادر

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی – کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت – زانکۆی ڕاپەڕین (٢٠١٤ - ٢٠١٥)

بەسەرپەرشتی

پ.د. علی طاهیر حسێن

سالی خوێندن

٢٠٢١ زایینی

٢٧٢١ کوردی

ک باسی میژووی ئەدەبی کوردی دەکەین، شیعر
ترین و دیارترین ژانرە ئاوڕی لێ دەدەینەوە. لەم
ووەدا پۆلێنی جیاوازمان بەپێی قۆناغ و قوتابخانە و
و ڕێباز و گرووپەکان هەیە، بەڵام زۆرجار شاعیرێک
ی بووەتە قوتابخانە و ڕابەری قۆناغێک، لەپاڵ ئەمەشدا
دین شاعیرمان هەیە کە بزر و پەراوێزە، محەمەد عومەر
سمان لەناو ئەو میژووەدا دەنگ و پێگەیەکی دیاری
ە، کە سەرەڕای کات و شوێن و کەمی نووسینی نەک
نەبووە، بەڵکو لە دیارترینەکانە. لەم کورتەنووسینەدا
ڕ لە دوو نامەی ماستەر لەبارەی ئەزموونی شیعریی
.ەمەوە.

ەزموونی شیعریی محەمەد عومەر عوسمان" نامەیەکی
ستەری (قادر غەفور)ە، ساڵی ٢٠٢١ بە سەرپەرشتی
.د. عەلی تاهیر حسێن) پێشکەشی کۆلێژی پەروەردەی
ڕەتی زانکۆی ڕاپەڕین کردووە. نامەکە لە سێ بەش
ێهاتووە و پشتی بە چەند میتۆد بەستووە.
شی یەکەم، لە دوو تەوەر پێکدێت، لە یەکەمدا ژیان و
رگی شاعیر و پێگە و ژینگەی کۆمەڵایەتی و جیاوازی
گەڵ شاعیرانی هاوچەرخ باسکراوە، لە تەوەری دووەم،
وڕی لە ڕەهەندی دەرونی دیوانی "لە غوربەتا" داوەتەوە.
یعرەکانی شاعیر پڕن لە بۆنی "غوربەت، ژان و نازار،
ئومێدی، مەرگ و خۆکوشتن و گۆڕ و تابووت..."، ئەمە
گە لەوەی شەیدای پاییز و سروشت و لادێ بووە و
یعرەکانی لەگەڵ شار نێوانی باش نییە. تۆیژەر باسی
یاوازی شاعیر لەگەڵ شاعیرانی هاوچەرخی دەکات و
ڕچوونی چەند نووسەر لەبارەی شاعیر دەخاتەڕوو.
وێژەر پێی وایە محەمەد عومەر لە سەردەمی بەعسیشدا
یعرەکانی نەکردە قوربانی هەڵچوونێکی کاتی، لەبری
ەتەوە و خاک و شۆڕش، سەرقاڵی شیعراندنی پاییز بوو،
ەبری پرسی جەماوەری، تەنیایی خۆی شیعراند، ئەو
جیهانبینییەکی جیاوازی لە شاعیرانی هاوچەرخی هەبوو،
ەبەر ئەوەیە "لە غوربەتا" بووە قۆناغ و قوتابخانەیەکی نوێ.
شیعرەکانی شاعیر بە گەردوونی و خۆشی بە عارفێکی
یاخی و تەنیاترین و غەمبارترین شاعیر و شاعیری هەموو
ئەوەکان دەبینێ.
لە تەوەری دووەمدا تۆیژەر چەمک و پێناسەی دەروونناسی
و پەیوەندی بە ئەدەبەوە دەخاتەڕوو، پاشان ئاوڕ لە
ڕەهەندی دەروونیی شیعرەکان دەداتەوە. دەروونناسی ئەو
زانستەیە کە لە ڕەفتار و بیر و یاد و هەست و هەڵچوون و
پاڵنەرە دەرونییەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە. تۆیژەر بەشێوەی
پراکتیک ئاوڕ لە چەمکەکانی "ڕەشبینی، خەم، یاخیبوون،
نامۆیی و نەرگسییەت" دەداتەوە.

لەجیاتی بۆنی لالەی کۆساران
قوولایی سینەم کەیلە لە بۆسۆ
بە هەر لایەکدا چاو ئەگێڕم من
هاوارە، تەرمە، مردنە، گلکۆ

شاعیر وێڕای بارودۆخی جەنگ و تەرمبارانی شار، هەژاری
و نەداری کە پارەی جگەرەی پێ نییە و خوشکەکەی بە
فرۆشتنی بازنەکانی دیوانەکەی بۆ چاپ دەکات، هەروەها
تەنیایی شاعیر کە تا مردیش ژیانی خێزانی پێکنەهێنا و
ڕەشبینانە دەیڕوانی، لەبەر ئەوە سەرتاپای شیعرەکانی
پڕن لە وشەی ڕەشبینانە:

ئای چ ڕۆژێکی شووم و غەمناکە
کە خۆر خنکاوە لە تەم و مژا
شاعیرێ بەدیار تەرمی خۆرەوە
ئەگری و زستانی هاتووە بە گژا

بەشی زۆری شیعرەکانی شاعیر ڕەشبینی و غەم
و تەنیایین، کە ئەمە لە ناونیشانی شیعرەکانیشیدا
ڕەنگی داوەتەوە: "خۆکوشتن، کۆست، یەسنین،
لە غوربەتا، کارەسات، ونبوون، هەواری
چۆل..." لە تەنیشت ئەمانەشدا یاخیبوون دیوە
تەواوکەرەکەی ڕەشبینی و تەنیاییە، کە شاعیر
یاخی لە داب و دەستوورە کۆمەڵایەتی و
سیاسی و کەلتووری و تەنانەت ئەدەبییەکانیش
دەوەستێتەوە. شاعیر لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ:
"دەسەڵاتی حزبی بەعس ئەشکەنجەی دام و
دەسەڵاتی کوردی سەری سپی کردم". یاخیبوونە
ئەدەبییەکەشی دەکرێت لە ژەنەڕاڵی پاییزدا
بیبینینەوە، کە جیهانبینی ئەدەب و شیعری
کوردی تا لە غوربەتا هەر پاییزتەرێن بووە،
بەڵام شاعیر دەبێتە ژەنەڕاڵی پاییز
منم ژەنەڕاڵی پاییز

منی هەرگیز ئۆقرەنەدیو
ژەنەڕاڵم، ژەنەڕاڵی هەزارەها داری ڕووت و
ملیارەها گەڵای وەریو

بەشی دووەم، سێ تەوەرە: پاییز و خەزان، نۆستالژیا و خۆکوشتن لە دنیابینی شاعیردا. پاییز وەرزە دڵخوازەکەی شاعیرە و زۆرترین پانتایی شیعری داگیر کردووە، چونکە وەرینی گەڵاکان تەنیا نیشانەی پاییز نییە، بەڵکو دنیایەک وێنە و ڕیتمی نوێ لە پاییزەوە لەدایک دەبێت، کە لە شینی بۆ گەڵاکان تا سەرکردایەتی پاییز بەشێکن لە جیهانبینی نوێ و جیاوازی شاعیر. هۆگری شاعیر بۆ پاییز وێڕای لادانی لە ڕیتمی باو، عاشقبوونی شاعیریشە بە کۆچێکی چاو و پرچزەردی پاییزی:

لەیلاکەم چاوی دوو گەڵای زەردە...
وتم... تۆ چیت کرد ئەی هاوڕێی ئازیز؟
ئەو کۆچی کرد و تۆش چاویت سووتاند
بۆ گڕ بەرئەدەی لە گەڵای پاییز؟

نۆستالژیا ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو یان ترس لە نەگەڕانەوەیە، واتە حەسرەت و ئاخهەڵکێشان بۆ یادەوەرییە خۆش و ناخۆشەکانی ڕابردوو، "لە غوربەتا" لە ناونیشانەکەوە بۆ زۆرێک لە شیعرەکانی غوربەت و ڕاکردن لە ئێستا و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و منداڵی تیا دەبینین. تۆیژەر جۆرەکانی نۆستالژیای وەک دووری لە نیشتمان، گەڕانەوە بۆ سروشتی... بە نموونەوە باسکردووە و دواتریش ئاوڕی لە خۆکوشتن داوەتەوە، کە شاعیر هەر لە سەرەتاوە ئەم پرسە جێگەی ڕامان و شیعرییەتی بووە و ئاڵای سپی لە بەرانبەر ژیاندا وەک زۆرێک لە شاعیرانی دنیا هەڵکردووە.

ئای کەی بێ چەقۆی ژێر سەرینەکەت
لە قوڵپی خوێنتا گەرم بێتەوە
یان مردن بمرێ و لە ژوورەکەتا
هەوری خۆکوشتن بڕەوێتەوە

بەشی سێیەم، ئەم بەشە بۆ شیعرییەتی دەقەکانی شاعیر کە شەش تەوەرە: (ناونیشان، دەستپێک، زمان و وێنە و مۆسیقای شیعری و ئاسۆی چاوەڕوانی) تەرخانکراوە. زاراوەی شیعرییەت لە ڕەخنەی کوردیدا یەکەمجار عەزیز گەردی لە حەفتاکان بەکاریهێناوە، بەڵام بە درێژایی میژوو لە ئەرستۆوە تا ڕەخنەی هاوچەرخ واتا و مەبەستی جیاوازی پێ دەربڕاوە. تۆیژەر شیعرییەت لە ناونیشانی شیعرەکانی شاعیر دەردەخات کە لە سێویەک ناونیشان پێکدێت، پێی وایە ناونیشانەکانی "لە غوربەتا"وە نزیکن و ڕەنگدانەوەی ژیانی شاعیر و ناوەڕۆکی شیعرەکانی و شۆڕشە شیعرییە پاییزیەکەیەتی. سەبارەت بە زمانی شیعریش تۆیژەر پێی وایە زمانێکی شیعریی ڕوون و قوڵی هەیە، کە ئەرکی جیاوازی واتایی و شیعری بە وشەکان بەخشیوە، لەبەر ئەوە بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی ئاڵۆزی و تێکشکاندنی زمان بە بنەمای شیعرییەت دەبینێت، شاعیر بە سادەیی زمان قوڵی واتا و شیعرییەتی داهێناوە. هەرچی وێنەی شیعرییە لەبەر ئەوەی شاعیر خۆی شێوەکار بووە، ئەوا وێنە شیعرییەکانی ناوازە و نوێن، ناکرێت جوانییەکانی پاییز بەبێ خوێندنەوەی شیعرەکانی ئەزموون بکەین، هاوکات وێنە شیعرییەکان ئەرکی هزرین و ڕامان و پرسیارمان لا دەوروژێنن.

من یووسفم... یەعقووبیشم...
یوەم لە بنی بیردایە و نیوەم ئەگری
کوانێ ئۆقرە؟ کوانێ ئارام؟
کراسی یووسف بۆ یەعقووب.
یەعقووبێکی ژێر هەرەس و ملیۆنێ زام.

دواتر تۆیژەر باسی مۆسیقای شیعرەکانی دەکات، کە گۆڕانی کێش دیارترین تایبەتمەندی مۆسیقای شیعرەکانیەتی، کە گوزارشت لە شپرزەیی و نائارامی ڕۆحی شاعیر دەکەن، هەرچی سەروای شیعرە زۆرێک لە سەرواکانی بەکارهێناوە، بەڵام دیارترینیان سەروای چوارینە، هەروەها دژیەک و ڕەگەزدۆزیشی زۆر بەکارهێناوە. لە کۆتایی ئەم بەشەدا تۆیژەر بەپێی تیۆری "ئاسۆی چاوەڕوانی" دوو دەقی "لە شانشینی پاییزدا" و "کۆست" دەخوێنێتەوە و ئەنجامی نامەکەی بە یانزە خاڵ

مخاتەڕوو.

ماستەرنامەی دووم بە ناونیشانی "ڕەهەندەکانی شیعری حەمەد عومەر عوسمان"ە. کە (ڕووخۆش محەمەد) سالی ٢٠٢ بە سەرپەرشتی (پ.د. محەمەد ئەمین عەبدوللا) شکەشی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی دووە. نامەکە لە دەروازە و سێ بەش پێکهاتووە و تی بە میتۆدی میژوویی و کۆمەڵایەتی لەپاڵیدا وەسفی-یکاری بەستووە. لە دەروازەدا ئاوڕی لە زۆرێک لەو وسین و تێڕوانینەوانە داوەتەوە کە لەبارەی شاعیرەوەن بۆچوونی خۆیشی خستووەتەڕوو.

شی یەکەم، لە دوو پار پێکدێت، هەر پارێک بۆ سێ س تەرخانکراوە. سەرەتا چەمک و زاراوەی ئەزموون ئەزموونی شیعری لە ڕێگەی فەرهەنگ و بۆچوونی دیب و ڕەخنەگرانەوە دەخاتەڕوو، بۆ نموونە چیخۆف ڵێ: "ئەگەر ویستت بنووسیت، پێویستە بچیتە شەقامەوە". خنەگرێکیش دەڵێ: "پێویست ناکات شاعیر لەناو زموونێکدا ژیابێت، تاوەکو بتوانێت وەسفی بکات، ئەوەندە سە کە تێبینی کردبێت." لێرەوە سێ جۆر ئەزموون زموونی خودی، ئەزموونی گشتی و ئەزموونی تێکەڵ) ن دەکات. لە خودیدا بیر و سۆز و خەیاڵی شاعیر مایە، لە گشتیدا گوزارشت لە بابەت و خەمی کۆمەڵ کات بەبێ ئەوەی هەست و سۆزی خودی تێکەڵی دەقەکە ێت، لە تێکەڵدا هەست و سۆزی تێکەڵ بە بابەتەکانی مەڵ دەکرێت و لە دەقدا ڕەنگدەداتەوە، لەم سێ جۆرەوە، موونی شیعریش بۆ سێ جۆر دابەش دەکات: (ناوەکی دەرەکی و تێکەڵ)، هاوکات باسی بابەتەکانی ئەزموونی عریی تێکەڵ کە (میژوو، کۆمەڵایەتی، سروشت و ەوەیی و نیشتمانی)ن، دەکات.

پاری دووەمدا ئەزموونی شیعری شاعیر بەسەر ئاتەوە، کە پاش گرووپی ڕوانگە و گۆڕی و پێشڕەو لە ستاکاندا توانیویەتی بازنە و ئەزموونێکی نوێ دابهێنێت، شیعرەکانی لە پرسە بوونخواز و خودییەکانەوە بۆ سی بابەتی و گەردوونی دەچن، ئەمەش شیعرییەتی ەکانی پاراستووە، هەرچەند فۆرمی شیعرەکانی یدییە، بەڵام ناوەڕۆکی نوێ و فۆرمی تێهەڵکێشی بۆ ناوەڕۆکە دامەزراندووە، ئەمەش وایکردووە هونەرێکی نوێ بە دەقەکانی ببەخشێت، لەبەر ئەوە ئەزموونەکەی کودەتایەکی شیعرییە، چونکە لەو سەردەمەدا پرسی سیاسی و ئایدۆلۆجی باڵادەست بووە، بەڵام ئەو خۆی لە شیعری بەرگری و نەتەوەیی بواردووە و گوێی بۆ دەنگ و ئازاری ناخی خۆی گرتووە. تۆێژەر لەسەر بنەمای ئەو سێ جۆر ئەزموونە (خودی، بابەتی و تێکەڵ)، خوێندنەوە بۆ شیعرەکانی شاعیر دەکات، لە ئەزموونی شیعرە خودییەکانیدا پرس و چەمکی ژیان و مردن بەسەر دەکاتەوە.

دوالیزمی "مەرگ و ژیان" لە کۆی ئەزموونی شیعری شاعیردا زەق و بەرجەستەیە، بناغەی زمان و وێنە شیعرییەکانیەتی، ئائومێدی لە ژیان سەرچاوەیە بۆ بیری خۆکوشتن، کە لای شاعیر ڕەهەندێکی فەلسەفی و دەرونی وەرگرتووە و شیعرەکانی بوونەتە سەکۆی ئازار و خەم و تەنیایی و جێگەی خۆکوشتنیان گرتووەتەوە:

من کەناری شیعرم بەسە، باوەشم بۆ بگرێتەوە
گەر هاتوو، بیستت خۆم کوشت بزانە کە
نەمتوانیوە شیعرێک بڵێم... ئازارمی تیا جێبێتەوە

تۆێژەر پێی وایە هەرچەند زۆرینەی شیعرەکانی شاعیر ئەزموونی خودی و ناوەکین و ژان و ئازاری خۆی کردووە بە شیعر، بەڵام لە ئەزموونی دەرەکیش بێبەش نییە و لەو شیعرانە زۆرتر سوودی لە ڕەمزی خۆماڵی و بیانی وەرگرتووە. هاوکات ئەزموونی تێکەڵیش بەشێک لە پێکهاتەی شیعرەکانی پێکدێنێت، بۆ نمونە لە شیعری "با" هەست و سۆز و هەڵچوونی تێکەڵی با دەبێت و دەبێتە هاودەمی، چونکە ڕەمزی خۆشەویستیە و دواتر دەبێتە ڕەمزی [illegible]، لەبەر

ئەوەی پەیامەکەی ناگەیەنێتە خۆشەویستەکەی.

بەشی دووەم، لە دوو پار پێکدێت لە یەکەمیان، پرس و چەمکی نامۆیی و لە دووەمدا وەرزەکانی سال لە شیعرەکانی شاعیر شیکار دەکات. تۆیژەر پێی وایە نامۆیی لە شیعری کوردی ڕەنگدانەوەی فراوان و زەقی هەبووە، دوو جۆر لە نامۆییشمان هەیە، نامۆیی شوێن (جوگرافیا) و نامۆیی ڕۆحی، کە شاعیران لە ناوەوەی نیشتمان هەست بە نامۆییەکی قوول دەکەن تا ئاستی ڕەشبینی و هیچگەرایی دەڕوات، لە ماستەرنامەکەی قادر غەفووریش باسی نامۆیی شوێن و سروشت و وەرزەکان کراوە، لەبەر ئەوە ئەم تۆیژەرە ڕوو لە نامۆیی ڕۆحی و دەروونی دەکات:

خۆم غوربەتم لێم مەپرسە... چییە غوربەت؟

ژیانی من ئاوارەیی و تەنیایی و لێکدابڕانە

شوناسی شاعیر خۆی غوربەتە، لە زێد و نیشتمانداو مەنفای ڕۆحی دەچێژێت و لە گۆشەنیگایەکی و بوونخوازیی و ڕۆمانسی ڕەشبینانەوە لە بوون و گەردوون دەڕوانێت و ڕۆحی خۆی تێکەڵی ڕۆحی گەردوون دەکات، لەبەر ئەوە شیعرەکانی لە ڕۆحەوە بۆ ڕۆحن، واتە ڕۆحدۆێتن، لێرەوە تۆیژەر چوار جۆر نامۆبوون (نامۆیی لە بوون، لە خود، سۆزداری و ئایغنی) لە شیعرەکانی شاعیر بەسەر دەکاتەوە.

لە پاری دووەم، تۆیژەر پێی وایە سروشت بەگشتی لە شیعری شاعیران ڕەنگدانەوەی قوولی هەیە، لای محەمەد عومەریش ئەم کاریگەرییە دەبینین، بەڵام لەناو وەرزەکانی سال بەتایبەت پاییز و زستان دەبینین، تەنانەت پاییز دەبێتە شوناس و ڕابەری شیعری، هەرچی زستانە پەیوەندی بە چیرۆکی ناسینی خۆشەویستەکەیەوە هەیە، کە لەم وەرزەدا لە دەستی دەدات و دابڕان ڕووەدات، بەڵام پاییز وەرزی خۆزگە و یەکگرتن نەک وەرین و دابڕانە:

بۆ چوار وەرزی سال نابێتە پاییز؟

تا نیگای ئەوم هەردەم نیشان دا

بەشی سێیەم، ڕوخساری شیعرەکانی شاعیر بەسەر کراوەتەوە و لە دوو پار پێکهاتووە، لە یەکەمدا باسی دووبارەکردنەوە و لادانی زمان، لە دووەمدا باسی کێش و سەروا کراوە. تۆیژەر لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ڕەخنەگران کۆکە کە فۆرم و ناوەڕۆک لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکیدان و بێ یەک نایانکرێت. سەبارەت بە لادان تۆیژەر پێی وایە شاعیر بە لێکدانی دوو وشە یەکیان ماددی و ئەویدی مەعنەوی وشەی نوێی داهێناوە، بۆ نموونە: "پەپوولەی وەنەوز، خوێنی باراناو..." هەروەها کێشی سەرجەمی شیعرەکانی کە چلویەک پارچەشیعرە دیاری کردووە، هەرچی سەبارەت بە سەروایە، ئەوا مامەڵەیەکی جیاوازی لەگەڵ سەروادا کردووە و سێ جۆر سەروای ئاسایی، ئازاد و واتایی بەکارهێناوە. لە کۆتاییشدا تۆیژەر بە چواردە ئەنجام کۆتایی بە نامەکەی هێناوە.

حەمە عومەر عوسمان
ئایکۆنی پاییز و خەمباریی

هیوا قادر

حەمە عومەر عوسمان ـ هیوا قادر
کۆڕێك لەسەر ئارسەر ڕامبۆ لەلایەن هیوا قادر و ئەحمەد ڕەزا ـ هۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانی ١٣/٥/١٩٨٧

که خستیانه ناو گۆڕەکەیەوە و بۆ دواجار بە ڕاکشاویی بەجێیان هێشت، من نیگام لەسەر ڕوخساری بوو، خامەکەی سەر دەموچاوی بە جۆرێک توند گرێدرابوو، تەواو هێڵەکانی دەموچاویم لەژێرپدا دەبینی، بەڵام من دەمویست ئەو هێڵە بهێنمە پێشچاوی خۆم کە لە دواهەناسە و خۆڕاتەکانیدا کەوتووەتە سەر ڕوخسارە خەمبارەکەی، یان ئەو وێنەیە ببینم کە دواجار لەسەر گلێنەی چاوی بەجێماوە.

لە کۆتاییدا حەمە عومەر نامەکەی خۆی بە دەستی خۆکوشتندا نارد، نامەیەک کە تەنیا دەگاتە دەستی مردن و ناگەڕێتەوە بۆ ژیان، کەسیش ناتوانێت ئەو ڕستانەی ناوی وەک خۆی بخوێنێتەوە. ئەمەش ئەو نهێنییەیە کە هەمیشە خۆکوشتن وەک جەوهەرێک لەناو خۆیدا هەڵیدەگرێت، جەوهەرێک چەند هەوڵی چوونەژوورەوە و ناسینی بدەیت، ئەو هێندەی تر داخراوتر و ناڕۆشنتر دەبێت.

سەرباری ئەم هەموونادیارییەی دەوری خۆکوشتنیان داوە، خۆکوشتنی حەمە عومەر عوسمان بۆ من، هێندە جێگەی ڕاچڵەکین و سەرسوورمان نەبوو، چونکە هەمیشە هەستم دەکرد ئەو دەمێکە پەیمانێکی لەگەڵ مردندا بەستووە، ڕۆژێکیش دێت ئەو پەیمانە دەهێنێتە دی. خۆکوشتنی حەمە عومەر عوسمان پڕۆژەیەکی دواخراو بوو، ئەمەش تەواو بە کەسایەتییە بێباک و لامووبالات و تەنیاکەیەوە دیار بوو. خۆکوشتن لای ئەو جۆرێک بوو لە هەڕەشەیەکی بەردەوام لە ژیان، هەڕەشەیەک لە بەرانبەر هەموو ئەو مەرجە کۆمەڵایەتی و کولتوورییانەدا، کە ئەو بە نابەدڵی لە ناویدا دەژیا و نەیدەتوانی بیانگۆڕێت.

زمانە شیعرییەکەی حەمە عومەر، بە جۆرێک بارگاوی بوو بە کۆمەڵێک خەیاڵ و دەستەواژەی ئەوتۆ کە تا ڕادەیەکی زۆر هیی خۆی بوون، ئەمەش وایکرد هەر لە سەرەتاوە جۆرێک لە دابڕان لە نێوان خۆی و زمانی شاعیرانی وەچەی خۆیدا دروست ببێت. ئەو ئیقاعە خەمبارەی لە چوارینەکان و شیعرەکانیدا هەبوون، نەزمی سەیرکردن و خوێندنەوەی ئەو بوون بۆ سروشت و بۆ دنیا، ئەو مانا شیعریانەشی کە بۆ پاییز و دڵشکان و مردن بەکاری دەهێنان، پێشتر لەناو وێنەی شیعریی کوردیدا بەو جۆرە بەکارنەهێنرابوون. ئەمانە هەمووی وایان کرد حەمە عومەر عوسمان بە زەمەنێکی کەم و بە دیوانە تاقانەکەی "لە غوربەتا" بتوانێت ببێت بە دەنگێکی تەواو نوێ و تایبەت.

تەنیاییەکەشی تەنها تەنیاییەکی ڕۆشنبیریی و ئیختیارکراوی خۆی نەبوو، بەڵکە لەگەڵیدا هەستکردنێکی قوڵیش بوو بەو تەنیاییە وجوودییەی کە مرۆڤ تیایدا دەژی و هەرگیز ناتوانێت لێی قوتاربێت، ئەم بێ ئاسۆیی و تاریکبوونە بەردەوامە، سەیرکردنی دنیا بەم تێڕوانینە خەمبارانەوە، ئەویان کردبوو بە کەسایەتییەکی دیار و بەرچاو، بەڵام لە هەمانکاتیشدا نەگیرە. زمان و ئەدگاری لە کەسی تر نەدەچوو، ئەو خۆبوون و لەکەس‌نەچوونە، وایکردبوو زۆرینەی کات لە باری کۆمەڵایەتیدا کێشەی بۆ دروست بکات و هێندەی تر تەنیا و تووڕەتری بکات. لە ساڵەکانی بەخشش و پڕبەرهەمی شیعری حەمە عومەردا، پێچەوانەی زۆر لە شاعیری تر، بێ دوودڵییەکی زۆر دەیتوانی چێژ لەو سەرکەوتنانەی خۆی ببینێت، درک بەو جیاوازییە گەورەیەش بکات کە لەگەڵ شاعیرانی تردا هەیەتی، بەداخەوە ساڵە دڕەوشاوەکانی نووسینی ئەو کەمتربوون لە ساڵەکانی تری نەنووسین، ئەم حاڵەتەش تا دەهات دەهەریتر و تووڕەتری دەکرد. بەڵام لە ناوەوە شاعیرانە دەژیا و بەردەوام هەڵگری ئەو دیدە شاعیرانەیە بوو بۆ دنیا. گەر بەراوردی باری دەروونی حەمە عومەر عوسمان بکەین لەو دوو قۆناغەدا، لە سەروەختی نووسینیدا تا ڕادەیەکی زۆر جێگیرتر و ئارامتر بوو، بەراورد بە قۆناغی نەنووسینی، کە تووشی جۆرێک لە ئاڵۆزی دەروونی کردبوو، کە ڕەنگە نەنووسین بەشێک لە پاڵنەری خۆکوشتنەکەی بووبێت، سەرباری ئەو هەموو دڵشکان و شکستانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا پیایدا تێدەپەڕی. هەموو ئەو ئازار

که خستیانه ناو گۆڕەکەیەوە و بۆ دواجار بە ڕاکشاویی بەجێیان هێشت، من نیگام لەسەر ڕوخساری بوو، خامەکەی سەر دەموچاوی بە جۆرێک توند گرێدرابوو، تەواو هێڵەکانی دەموچاویم لەژێرپدا دەبینی، بەڵام من دەمویست ئەو هێڵە بهێنمە پێشچاوی خۆم کە لە دواهەناسە و خۆڕاتەکانیدا کەوتووەتە سەر ڕوخسارە خەمبارەکەی، یان ئەو وێنەیە ببینم کە دواجار لەسەر گلێنەی چاوی بەجێماوە.

لە کۆتاییدا حەمە عومەر نامەکەی خۆی بە دەستی خۆکوشتندا نارد، نامەیەک کە تەنیا دەگاتە دەستی مردن و ناگەڕێتەوە بۆ ژیان، کەسیش ناتوانێت ئەو ڕستانەی ناوی وەک خۆی بخوێنێتەوە. ئەمەش ئەو نهێنییەیە کە هەمیشە خۆکوشتن وەک جەوهەرێک لەناو خۆیدا هەڵیدەگرێت، جەوهەرێک چەند هەوڵی چوونەژوورەوە و ناسینی بدەیت، ئەو هێندەی تر داخراوتر و ناڕۆشنتر دەبێت.

سەرباری ئەم هەموونادیارییەی دەوری خۆکوشتنیان داوە، خۆکوشتنی حەمە عومەر عوسمان بۆ من، هێندە جێگەی ڕاچڵەکین و سەرسوورمان نەبوو، چونکە هەمیشە هەستم دەکرد ئەو دەمێکە پەیمانێکی لەگەڵ مردندا بەستووە، ڕۆژێکیش دێت ئەو پەیمانە دەهێنێتە دی. خۆکوشتنی حەمە عومەر عوسمان پڕۆژەیەکی دواخراو بوو، ئەمەش تەواو بە کەسایەتییە بێباک و لامووبالات و تەنیاکەیەوە دیار بوو. خۆکوشتن لای ئەو جۆرێک بوو لە هەڕەشەیەکی بەردەوام لە ژیان، هەڕەشەیەک لە بەرانبەر هەموو ئەو مەرجە کۆمەڵایەتی و کولتوورییانەدا، کە ئەو بە نابەدڵی لە ناویدا دەژیا و نەیدەتوانی بیانگۆڕێت.

زمانە شیعرییەکەی حەمە عومەر، بە جۆرێک بارگاوی بوو بە کۆمەڵێک خەیاڵ و دەستەواژەی ئەوتۆ کە تا ڕادەیەکی زۆر هیی خۆی بوون، ئەمەش وایکرد هەر لە سەرەتاوە جۆرێک لە دابڕان لە نێوان خۆی و زمانی شاعیرانی وەچەی خۆیدا دروست ببێت. ئەو ئیقاعە خەمبارەی لە چوارینەکان و شیعرەکانیدا هەبوون، نەزمی سەیرکردن و خوێندنەوەی ئەو بوون بۆ سروشت و بۆ دنیا، ئەو مانا شیعریانەشی کە بۆ پاییز و دڵشکان و مردن بەکاری دەهێنان، پێشتر لەناو وێنەی شیعریی کوردیدا بەو جۆرە بەکارنەهێنرابوون. ئەمانە هەمووی وایان کرد حەمە عومەر عوسمان بە زەمەنێکی کەم و بە دیوانە تاقانەکەی "لە غوربەتا" بتوانێت ببێت بە دەنگێکی تەواو نوێ و تایبەت.

تەنیاییەکەشی تەنها تەنیاییەکی ڕۆشنبیریی و ئیختیارکراوی خۆی نەبوو، بەڵکە لەگەڵیدا هەستکردنێکی قوڵیش بوو بەو تەنیاییە وجوودییەی کە مرۆڤ تیایدا دەژی و هەرگیز ناتوانێت لێی قوتاربێت، ئەم بێ ئاسوێی و تاریکبوونە بەردەوامە، سەیرکردنی دنیا بەم تێڕوانینە خەمبارانەوە، ئەویان کردبوو بە کەسایەتییەکی دیار و بەرچاو، بەڵام لە هەمانکاتیشدا نەگیرە. زمان و ئەدگاری لە کەسی تر نەدەچوو، ئەو خۆبوون و لەکەس‌نەچوونە، وایکردبوو زۆرینەی کات لە باری کۆمەڵایەتیدا کێشەی بۆ دروست بکات و هێندەی تر تەنیا و تووڕەتری بکات. لە ساڵەکانی بەخشش و پڕبەرهەمی شیعری حەمە عومەردا، پێچەوانەی زۆر لە شاعیری تر، بێ دوودڵییەکی زۆر دەیتوانی چێژ لەو سەرکەوتنانەی خۆی ببینێت، درک بەو جیاوازییە گەورەیەش بکات کە لەگەڵ شاعیرانی تردا هەیەتی، بەداخەوە ساڵە درەوشاوەکانی نووسینی ئەو کەمتربوون لە ساڵەکانی تری نەنووسین، ئەم حاڵەتەش تا دەهات دەهریتر و تووڕەتری دەکرد. بەڵام لە ناوەوە شاعیرانە دەژیا و بەردەوام هەڵگری ئەو دیدە شاعیرانەیە بوو بۆ دنیا. گەر بەراوردی باری دەروونی حەمە عومەر عوسمان بکەین لەو دوو قۆناغەدا، لە سەروەختی نووسینیا تا ڕادەیەکی زۆر جێگیرتر و ئارامتر بوو، بەراورد بە قۆناغی نەنووسینی، کە تووشی جۆرێک لە ئاڵۆزی دەروونی کردبوو، کە ڕەنگە نەنووسین بەشێک لە پاڵنەری خۆکوشتنەکەی بووبێت، سەرباری ئەو هەموو دڵشکان و شکستانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا پیایدا تێدەپەڕی. هەموو ئەو ئازار

پەنگخواردنەوانە، بۆ شاعیرێکی وەکو محەمەد عومەر
ویستیان بە گوزارشتکردن و بە تێکستکردنیان بوو.
ساتە نائومێدەکانیدا بە جۆرێک باسی لە خۆکوشتن
کرد وەک ئەوەی خۆکوشتن بتوانێت ببێت بە جێگرەوەی
وسین، یاخود بتوانێت وەلامێک بێت بۆ ئەو هەموو ئازاری
ۆزیی و بیرکردنەوە بەردەوامانەی کە تەواو ماندوویان
دبوو، لەگەڵ ئالوودەبوونیشیدا تا دەهات تەریکتر و
ریکتر دەبوو. بەڵام هەموو ئەم گرفتانە نەبوونە هۆی
وەی ڕۆژێک لە ڕۆژان وا لە حەمە عومەر عوسمان بکەن
کستێک بنووسێت کە لە ئاستی تێکستەکانی تریدا نەبێت،
زۆر دانیشتندا خۆی بە ئارسەر ڕامبۆ بەراورد دەکرد،
ئەویش ساڵەکانی بەخششی نووسین و درەوشانەوەی
ک تەمەنی نووسینی ئەو کورت بوون.
ە کۆتایدا حەمە عومەر عوسمان ئەو پەیمانەی لەگەڵ
دندا بەستبووی هێنایە دی، خۆی کوشت، ویستی مەرگی
ی وەک دواهەمین قەسیدە، وەک دواهەمین وەلامێک
بەردەم داڕمانی بەهاکان و تووڕەبوونەکانی خۆیدا
وسێت و بۆ دواجار بەجێمان بهێڵێت.

دن پێم ئەڵێ.. تۆ تەواو شێتی
ئە جێی ژانتی تیا نابێتەوە
ەرخە سەرسنگم.. چاوانت لێک نێ
س نییە فرمێسک بخوێنێتەوە

هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی محەمەد عومەر عوسمان

هێڵکاری: سامان ڕەش

خۆکوشتن

کەی بێ چەقۆی ژێر سەرینەکەت..
ی خوێنتا گەرم بێتەوە؟
ردن بمرێ و لە ژوورەکەتا..
ی خۆکوشتن بڕەوێتەوە؟
***
ۆشەوان.. هانا بۆ مەرگ.. مەرگی خۆم ئەبەم
ساریکی کاڵ.. لە دوورەوە دێ.. کاڵ هەر وەکوو تەم
دێ تۆخ و تۆختریش ئەبێ-
ا ئەڵێم.. ئای.. خۆ هاتووە!
ی ناوەتە سەر پەنجەرەکەم
دە ئەیگرێ و
ـ بەخامۆشی.. لە سیمای مردووم.. ورد ئەبێتەوە-
ش چەقۆکە ئەشارمەوە..
رەت لە بیری خۆکوشتن ئەکەم
ـ دەڵێم- گیانە.. ئاگر لە گیانی تەزیوم بەردە-
دڵ و سینەی پڕ لە ئازارم لەت و پەت نەکەم
ردە ئەیگرێ و
ـ هەنگاوێکیش بەرەو ڕووی دەنێم-
جێم ئەهێڵێ-
سیمای کاڵ.. کاڵتر.. کاڵ دەبێتەوە
یسان ژوورەکەم کەیل ئەبێتەوە لە زایەڵەی گۆڕ-
ەزاران تابووت.. لەناو چاوانما- ئەخوێتەوە
ە تەم و مژا.. پەل دەهاوم و
جارێکی تریش هانا بۆ چەقۆ ڕەشەکە ئەبەم-
چەند ساتێک نابا.. بەر لەمردنم.. دەگەڕێتەوە
سیمای تۆخ.. تۆختر.. تۆخ ئەبێتەوە
سەرلەنوێ دەستم سارد ئەکاتەوە
کوشتنی خۆمم بیر دەباتەوە

نوێژێك لەبەر بارانا

ئەوە هەورەکان دەست و پەنجەیان لە یەک ئاڵا و
لەو دیو جەنگەڵی چری هەورەوە-
خۆر وەکوو چرای کوختیەکی لادێ کز و بێ تینە
بارانیش دای کرد... ئەوە بارانە؟.. یان خوێنی سپی
چۆراوگەی زامی هەوری ژێر دەمی شمشێری تیژی
بڕووسکەی شینە؟
***
ئای چەند شەیدای ئافرەتێکم لە باران بێ..
پەریزادەی با و بۆران بێ..
کەوتمە مەڕەکەبێ گوناهەوە..
دەرم بێنێ و بمداتە بەر ڕێژنەی ئەشکباری
کە سەراب بوو بە مەنزڵم..
مەمکیم بۆ بکاتە دوو کانی و
پرچی بە کەپری مرواری
ئەم ئێوارەیەش هەمان ئێوارەی جاری جاران بوو-
بەڵام پەیکەری شەقامێکی بەر تاوە باران بوو
ڕێبواری وتی.. وەرە ژێر چەترم
وتم نەء هاوڕێ- حەز ئەکەم هێندە بچووک
ببمەوە-
هەتا تنۆکێ ئەبێ بە قەبرم!
بە شێتی زانیم-
منیش لە سایەی ئاسمانی نوقم لە شین و شۆڕا-
دەفتەری تەڕبووی شیعرم ئەگەڕچی..
پیتەکانی گشت کاڵ کاڵ بوونەوە
دڵم لە پەری باران نەتۆرا
بەخێلیم ئەبرد بەو تنۆکانەی..
بە شان و ملی کچەکانەوە ڕێچکەیان ئەبەست
لە خۆم ئەپرسی.. بۆ نمەی باران وەکوو ملوانکە
ناهۆنرێتەوە و
بۆ وەکوو بازن ناکرێتە دەست؟
باران بە زمانێ ئەدوێ کەس پێس ناکا
باران ساتێ تۆڕە دەبێ گوڵ سپس ناکا
باران لە میحرابی دڵما مۆمی نوێژی
هەڵکردووە
پێستم وەکوو شەختە- بیریشم لەلای

هەتاوێ نییە..
لەودیو جەنگەڵی چری هەورەوە..
کە وەکوو چرای کوختێکی لادێ کز و بێ تینە
باران شەرستە ئەکا.. ئەوە بارانە؟.. یان خوێنی سیی..
چۆراوگەی زامی هەوری ژێر دەمی شمشێری تیژی بڕووسکەی شینە؟

سلێمانی - شەوی ۱۹۸۸/۱/۲۹

ژەنەڕاڵی پاییز

منم ژەنەڕاڵی پاییز..
منی هەرگیز ئۆقرە نەدیو
ژنەڕالم...ژەنەڕاڵی هەزارەها داری ڕووت و
ملیارەها گەڵای وەریو
***
منم ژەنەڕاڵی پاییز...
کاسکێتەکەی سەرم هەورە و
ئەستێرەکانی سەر شانم چەند گەڵایەک بە
ڕەنگی زیو
پاڵتۆی بەرم کزەبایە و
شمشێرەکەم لقی درەختێکی ڕزیو
***
منم ژەنەڕاڵی پاییز
خوێنێکی زەرد بەنێو دەمارما دەگەڕێ
و
چاوم هەر وەک هەور نمناک
تەنیا من بووم کە لە تابووتی شووشەدا
چەندین گەڵام سپارد بە خاک
***
منم ژەنەڕاڵی پاییز
من بووم لەگەڵ زریانی بیرچوونەوەدا... کەوتمە جەنگ و
زۆر گەڵام دەرهێنا لە چنگ
من بووم شەوی گەڵاکانم...
خستە ژێر باڵی تریفە و ورشەی گزنگ
***
منم ژەنەڕاڵی پاییز
پاییز بەبی من هەتیوە و
من بووم وتم بەڵێ تەرمی نسێی سەوزە...
گەڵای وەریوی کۆچکردوو
تەنیا منم کە لە میحرابی پاییزا...
بۆ گیانی زیندووی گەڵاکان..
نوێژی شەهید دانەبەستم...ناوی نانێم نوێژی مردوو

سلێمانی - شەوی ۱۹۹۰/۲/۲۸

ئەترسم دڵ ببێتە پارچەیەک سەهۆڵ

تۆ خۆتم لێ مەشارەوە
ئەترسم دڵ ببێتە پارچەیەک سەهۆڵ..
بەدەم کزەی ئێوارەوە
***
تۆ خۆتم لێ مەشارەوە
من لەگەڵای زەردی پاییز..
زۆر بێ نەوا و غەریبترم
لە کزەبا تەزیوترم
***
تۆ خۆتم لێ مەشارەوە
بیرتە بە زەردەی ڕوانینەکانت..
هەڵمت لە بەفری دڵم هەڵسان و
منت خستە شوێن ساماڵی گیانت؟
***
تۆ خۆتم لێ مەشارەوە
بڕوانە پەڵەهەورەکان..
گەرچی نەدیدەن.. گەرچی نەناسیاو..

ست دەنێتە دەست
نیشتمانی ئاوارەییدا-
بن بە ڕێژنەی گریانێکی خەست
••
ی خۆتم لێ مەشارەوە
ترسم دڵ ببێتەپارچەیەک سەهۆڵ-
دەم کزەی ئێوارەوە

باران ئاوازی خورپەی لێ ئەدا
بەڵام ئاخ لە دەست نالەی جودایی
لە کۆچکردنی بێ مالئاوایی
هێشتا زستان بوو
سروشت سەرگەرمی نمەی باران بوو
چەند ڕۆژێ ئێتر لە دوای بینینی
لە چاوما وێن بوو شێوەی شیرینی

سلێمانی - ١٩٧٦

جەنگ

ر لە جەنگ دیم
فرەتێک بوو،
ەتا بڵێی نوورانی بوو
فسووس دوای جەنگ بینیمەوە
وداترین سۆزانی بوو!

شیعرێکی بڵاونەکراوە

یوانی "لە غوربەتا" هەر زوو محەمەد عومەر عوسمانی
ەك دەنگێکی نوێ و جیهانێکی جیاواز پێ ناشنا کردین،
منگێك کە جەختی لەسەر ناخ و جیهانی ناوەوە دەکرد.
مستنووس و دەقی کۆنی شاعیرانمان چۆنیەتیی
مرپەرین و سەرەتاکانیانمان بۆ دەردەخەن، ئەم دەقەی
حەمەد عومەر عوسمان لە دەفتەرێکی کۆندا دۆزراوەتەوە،
ەناسەی سەرەتاکانی شاعیری پێوە دیارە.

چەتری پاس و بیرەوەری

اران هێنایە ژێر چەترەکەوە
انمانی نووسان بە یەکترەوە
ا ئەهات باران خوڕتر دایئەکرد
ەڵکی ڕاو ئەنا بۆ ژێر چەترەکە و
یاتر شانمانی لە یەک توند ئەکرد
اران دوو گیانی نامۆ و تەزیوی ئاگر تێبەر دا

خۆکوشتن، پڕۆژەیەکی دواخراو
خۆکوشتن وەک شیعرێکی نەنووسراو

حسێن لەتیف



ئەنجام ئەو بڕیارەی کە دابووی خستیە بواری جێبەجێشی کرد چاوەڕوانی ئەوەی د لەسەر شانۆی ژیان پەردەی لێ دابدرێتەوە، بەڵکو ، پەردەکەی لەسەر خۆی دادایەوە. ئەو زانی هاتن سەر تەختەی شانۆیەک ناوی ژیانە، هەڵبژاردەی خۆی بەڵام ڕۆیشتن دەبێت ئیشی خۆی بێت، بژاردەی خۆی

ن بەرهەمی ڕێکەوتە، ژەنەڕاڵی پایزیش بەرهەمی ەوتی سپێرمی باوک و هێلکۆکەی دایکێک بوو، سوپاس ڕێکەوت ئەگینا ئێستا ئێمە لە دیوانێک شیعرمان کەم وو. بە پێچەوانەی لەدایکبوون کە ڕێکەوتە، ئەو بڕیارە سەکەی دا و چارەنووسی خۆی دیاری کرد.

ەوێت سەرنجتان بۆ ئەو مەرگە ڕابکێشم. لە نووسینێکی ا مەرگەکەیم وەک شیعرێک ناساند، ئەمە ستایشکردنی ڕگ و خۆکوشتن نییە، هێندەی هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن شیعری ئەو لە ڕێگەی مەرگەکەیەوە بە پێچەوانەشەوە وڵێکە بۆ تێگەیشتن لە مەرگی ئەو لە ڕێگەی یعرەکانیەوە، مەرگە ناسروشتییەکەی. تەنیایی و مەرگ خۆکوشتن، بابەتی سەرەکی شیعری ئەون، بەتایبەت ۆکوشتن پڕۆژەیەک بووە لە جیهانە شیعرییەکەی ئەودا وبەرێکی فراوانی هەیە. هەوڵدەدەم بە گەڕانەوە بۆ ەمکی «کەسێتی چەمکسازی»1.

ڵۆزی، لە خۆکوشتنەکەی و جیهانە شیعرییەکەی ئەو یک ببمەوە. ئەو چەمکە دۆڵۆزییە کۆمەکمان دەکات بۆ گەیشتن لە ڕەهەندە شیعرێکەی خۆکوشتنی ژەنەڕال.

جیل دۆڵۆز و گۆتاری پێکەوە لە وەڵامی پرسیاری (فەلسەفە ییە؟)دا، باس لەوە دەکەن فەلسەفە داهێنانی چەمکە، بە پێچەوانەی گشت ئەو پێناسانەوە بۆ فەلسەفە کراون لە ێژووی فەلسەفەدا. هەندێک فەلسەفە بە خۆشەویستی بۆ انایی پێناسە دەکەن، هەندێکی تر بە بیرکردنەوە، هەندێکی ر بە هونەری پرسیارکردن. ئەم دوو فەیلەسووفە نوێیەی ەرەنسا، پێناسەیەکی تریان بۆ فەلسەفە خستەڕوو، ئەویش خولقاندنی چەمکە. چەمک بە واتای ئەو چوارچێوەیەی ۆچوونەکان ڕزگار دەکات لەوەی بەتەنها زۆر وتن بن، بەڵکو دەیانکات بە مەعریفە. زیاتر لەوەش کە فەلسەفە

داهێنانی چەمک بێت، فەیلەسووفیش بە داهێنەری چەمک یان چەمکساز ناو دەبەن. کەواتە فەیلەسووف کەسێکی چەمکسازە.

فەیلەسووف کەسێتییەکی چەمکسازیی هەیە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش قسە لەسەر فەلسەفەی نیتشە و ژیانی دەکەن. بە باوەڕی دۆڵۆز لە کتێبێکیدا بە ناوی «نیتشە»، نیتشە زیاتر لە کەسێتییەکی چەمکسازی هەبووە، زەردەشت، عیسا، سۆکرات، ئەمانە کەسێتییە چەمکسازێکانی نیتشە بوون، لە پەنای ئەوانەوە دیدە فەلسەفییەکانی دەربڕیوە. لە پەنای عیساوە قسەی لەسەر ئایین کردووە، لە پەنای سۆکراتەوە قسەی لەسەر حەقیقەت کردووە، ئێنجا «شێتی» کەسێتییەکی تری چەمکسازی ئەو بوو، بەڵکو شێتیی دوایین کەسێتی چەمکسازیی ئەو بوو. لە کتێبی «عەقڵی شیعری»2دا، ئامانجم بۆ ئەوە کردووە ئەگەر فەلسەفە داهێنانی چەمک بێت، ئەوا شیعر داهێنانی وێنەیە، ئەگەر فەیلەسووف چەمکساز بێت ئەوا شاعیر وێنەسازە، ئەگەر چەمک بۆ گواستنەوەی دیدگاکان بێت لە ڕووبەری بۆچوونەوە بۆ ڕووبەری مەعریفە، ئەوا وێنە گواستنەوە دیدگاکانە لە چوارچێوەی دەقەوە بۆ شیعر، شیعر بە واتا داهێنەرانەکەی. ژەنەڕاڵی پایز بۆ بەرهەمهێنانی وێنەی شیعری، کەسێتی وێنەسازی هەیە. جیهانی شیعری هەر شاعیرێک، نیشاندانی بونیادی عەقڵی و دەروونی شاعیرەکەیە. ئەگەر ڕۆلان بارت و بەر لەویش فردریک نیتشە وتیێتیان شێوازی هەر نووسەرێک نووسەر خۆیەتی، ئەوا بە دڵنیاییەوە، جیهانی شیعری هەر شاعیرێکە شاعیرەکە خۆیەتی.

بە هەمان شێوەی نیتشە کە لەپشت زەردەشت و عیسا و سوکراتەوە فەلسەفەکەی ڕاگەیاند. ژەنەڕاڵی پاییزیش لەو شیعرانەیدا بۆ «ڤانکوخ، یەسەنین، بابەتاهیر، نووح»3 نووسیونی، لە پەنای هەریەک لەو کەسێتییانەوە دیدی خۆی

1- جیل دولوز و فليكس غوتاري، ترجمة و مراجعة وتقديم :مطاع ماهر الفلسفة،ط1،سنة1997.

2-حسێن لەتیف، عەقڵی شیعری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سال ۲۰۲۱

3 -مەحمەد عومەر عوسمان، لە غوربەتا، چاپی دووەم، سال: ۲۰۰۲.

بۆ ژیان لە فۆرمی شیعردا خستووەتە ڕوو. هەندێک لە دەقە شیعرییەکانی ئاماژەن بۆ بونیادی عەقڵی و دەروونی ئەو. دوایین کەسێتی چەمکسازی نیتشە شێتییەکەی بوو، دوایین کەسێتی وێنەسازی ژەنەڕاڵیش خۆکوشتنەکەی بوو. نیتشە بەهۆی کەسێتی چەمکسازیی شێتیەکەوە لە کۆمەڵگە دوورخرایەوە، ژەنەڕاڵی پاییز گریمانی ئەوە دەکەم بەهۆی دوایین کەسێتی وێنەسازیکەیەوە، بە جۆرێتر لەدایک ببێتەوە.

تەنیایی، مەرگ، خۆکوشتن، سێ ڕەگەزی گرنگ و بنەڕەتیی جیهانە شیعرییەکەی ژەنەڕاڵی پاییزن. ئەو سێ تێمایە پڕۆژەیەکبوون بۆ شیعرنووسینی ئەو، تا ئەو ڕادەی شیعرێکی نابینیەوە خاڵی بێت لە یەکێک لەو تێمایانە. ئەو کاتانەشی باسی عەشق دەکات نەغمە و تارمایی مەرگ زاڵ دەبێت بەسەریدا:

خۆزگە ئەمتوانی گۆ لە خۆم بەردەم.
دووکەڵم ببێ بە تارای سەر ڕووت
یان بمرم و سەگ لە لاشەم تێربێ..
دنیای ڕوانینم مردنە و تابووت.

بەڵام ئەم نووسینە دەخوازێت پتر لەهەر شتێکی تر لە خۆکوشتنەکەی شاعیر تێبگات. بۆ ئەمەش دواندنی دەقەکانی ئەو باشترین سەرچاوەن.

ژەنەڕاڵی پاییز، لە دەقێکدا بە ناوی (یەسەنین)نووسراو، لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکی ڕۆح و دەروونی ستارنەگرتووی یەسەنینەوە، باس لە بێ ئۆقرەیی ڕۆح و دەروونی خۆی دەکات. یەسەنین لە گوندەوە دەچێتە شارێکی گەورەی وەک سانپترسبۆرگ، ئەوانەی باسی ژیاننامەی یەسەنینیان کردووە بۆچوونی جیاوازیان لەبارەی سروشت و کەسێتی ئەو شاعیرەوە هەیە. هەندێک بە کەسێکی باوەڕدارپەسنی دەدەنەوە، گوایە بەهۆی باوەڕداربیەوە لەلایەن بەلشەفیکەکانەوە دژایەتی زۆر کراوە، هەندێکیش دەڵێن ئالوودەی مەی و مەیخانەکان بووە، پەیوەندی سۆزداریی بەرفراوانیی لەگەڵ زیاتر لە ئافرەتێکدا هەبووە، دواجار هاوسەرگیریشی کردووە. کاتێکیش خۆی کوشتووە هاوسەرەکەی بەرگەی ژیانی دوای ئەوەی نەگرتووە و لەسەر گۆڕەکەی یەسەنین خۆی کوشتووە.

بە وردبوونەوە لە دیوانە بچووک بەڵام گەورەکەی تێدەگەین ژەنەڕاڵی پاییزیش لە ژیانیدا زیاتر لە جارێک عاشق بووە، لە دەقی (ڕەهێڵە)دا دەڵێت:

کوا ئێوارەی دوو چاوی پڕ گڕی شینت؟
سەرم کەیلی تەم و مژە... شەویش داهات
جەستەم تەزیو... تۆ لە کوێ ی تا هەوری ئەمشەو.
لە ساماڵی چاوەکانتا... وچانی بات؟

لەو کۆپلەی یەکەمی شیعرەکەدا ئاماژەیەکی زیرەکانە بۆ ڕەنگی چاوی ئەڤیندارەکەی دەکات، گڕی شینی چاوی ئازیزەکەی، تا کۆتایی ئاماژە نییە بۆ گڕێکی جوان و بێ دووکەڵ، بەڵکو کە باس لە ساماڵی چاوی ئەڤیندارەکەی دەکات وشەی شین مانا و ڕەهەندە شێوەکارێکەی خۆی وەردەگرێتەوە.

لە شیعری (لە غوربەتا) کە بووە بە ناونیشانی دیوانەکەیشی، ڕاستەوخۆ باس لە عەشقی خۆی بۆ کچێک دەکات کە چاوی زەرد بوو:

ڕۆژێکی پاییز... مە ست بووم... ئەلەرزیم..
لەناو باخێکا نوقمی خەزان بوو
هاوڕێیەک کۆشی گەلای داگیرسان..
گڕی گەلای زەرد بۆ تینی گیان بوو

*

لەیلاکەم چاوی دوو گەلای زەردە
وتم... تۆ چیت کرد ئەی هاوڕێی ئازیز؟
ئەو کۆچی کرد و تۆش چاویت سووتان..
بۆ گڕ بەرنەدەی لە گەلای پاییز؟

ژەنەڕاڵی پاییزیش وەک یەسەنین سەرەڕای زیاد لە جارێک عاشق بوون، هاوسەرگیری کرد، بەڵام هەر زوو تەنیا کەوتەوە. ئەو لە خۆڕا نەبوو یەسەنینی کرد بە ناونیشانی شیعریکی خۆی، ئەوان نزیکایەتی ڕۆحییان

یەکتردا هەبوو، هەردووکیان لە تەنیایی هەڵدەهاتن و
بان دەتوانی لەناو ئەو دەزگایەدا بژین کە ناوی خێزانە،
دەزگایەش نەیتوانی کۆتایی بەتەنیایی ئەوان بهێنێت،
یێت خێزان تەنیابوونێکی بە کۆمەڵی مرۆڤ بێت بۆ
یران. دواجاریش ژەنەرالی پایتز بەو شێوەی لە ڕووی
ی ڕۆحی و کۆمەڵایەتییەوە لە یەسەنین چوو، کۆتایی
یشی هەروەک ئەوبوو. یەسەنین لە ئێوارەی ڕۆژی
ی دیسەمبەری ١٩٢٥ خۆی کوشت، ژەنەرالی پایتز لە
ی گەلارێزانی سالی ٢٠١٩ خۆی کوشت. ژەنەرالی پایتز
. زوو جارێ خۆکوشتنی خۆی داوە، بەڵام لە پەنای
سەنین)ەوە، بۆیە هەروا تێپەڕی و کەس هەستی بەو
ارە دراماتیکییەی ئەو نەکرد:

لۆمەی من مەکەن...

. لەڕۆچوونم
.م کوشت کە زانیم
.ڕێکم نزیک لە ئاوابوونم

ندە سەرسامی یەسەنین بوو، تەنانەت شێوازی
کوشتنەکەیشی لاساییکردنەوەی ئەوی پێوە دیارە.
سێتی دووەمی وێنەسازیی ئەو ڤانکوخە، لە یەکێک لە
یعرەکانی خۆیدا کە ناوی «ڤانکوخ»ە، چیرۆکی ژیانی
نکوخ دەگێڕێتەوە، چیرۆکی عاشقبوون و دڵشکانی
دەوروبەرەکەی، لە دەرکردنی لە کەنیسە، لە ژیان
ۆی. ڤانکوخ شێوەکارێکی بەناوبانگی هۆڵەندییە، تابلۆی
ەوی ئەستێرەکان، بەتەنیشت تابلۆی گوڵەبەڕۆژە،
تاتەخۆرەکانەوە، لە بەناوبانگترین تابلۆکانیەتی. تابلۆکە
ۆندێکی هێمن و بێدەنگ لە قوڵایی شەودایە، لەژێر
سمانێکی پڕ لە ئەستێرەدا، گێژەڵوولکەیەکیش دەبینرێت.
ەستێرەکانی ناو شەوی تابلۆکە دەشێت وەک هێمایەک
ۆ ئومێد و ڕۆشنایی دەروون لێک بدرێتەوە، ئومێدێکن لە
.وور و لە قوڵایی ئاسمان و شەودا. ئەو گێژەڵوولکەیش
.ەشێت وەک ئاماژەیەک بۆ شڵەژان و دڵخێکی نائاسایی
ڕۆحی لێک بدرێتەوە. پەرستگە تاریکە دەرکەوتووەکەش
هێما بێت بۆ ژینگەی کولتووریی و پەروەردەیی ڤانکوخی
نیگارکێش، قەشەیش نەیهێشت بڕواتە ژوورەوە:
قەشەش پێ ی وتم.. مەیە کەنیسە

پێڵاوەکانت جێ و ڕێ پیس ئەکات

ژەنەرالی پایتزی شاعیر پاشخانێکی ڕۆشنبیریی لە بواری
هونەری شێوەکاریدا هەیە، وەک لە خۆیم بیستووە زیاد
لە جارێک کە ئەو چەندین تابلۆی کێشاوە، بەڵام بەهۆی
نەبوونی جێگەیەک بۆ هەڵگرتنیان، بەخشیونی بە دۆستانی
خۆی. ژەنەرالی پایتز لەو شیعرەدا کە بۆ ڤانکوخی
نووسیوە، لەناو تابلۆ بەناوبانگەکانی ڤانکوخدا ئەو بەتەنها
ناوی تابلۆی (شەوی ئەستێرەکان)ی بە ناڕاستەوخۆیی
هێناوە، بەناوبانگترین تابلۆیەتی:

لە تابلۆی شەوا... هێشووی ئەستێرەم...
بەخشی بە چڵی شەوی بێدوایی
ڤانکوخ دواجار خۆی کوشت، بەڵام بەر لە خۆکوشتنەکەی
ڕایگەیاند: «جەستەی من مۆڵکی منە، ئازادم لەوەی چی
لێدەکەم»، پاشان فیشکێکی ناوە بە خۆیەوە. خۆکوشتنی
ڤانکوخ، بووە بە مایەی بەدەنگهێنانی دەروونناسێکی
وەک سیگمۆند فرۆید و وتی: «پێدەچوو زیاتر بژیایە،
ئەگەر ئەڤین و ئامێزی ئافرەتێکی هەبووایە». هەمان
ئەو تەنیاییە قوڵەی ڤانکوخ کە فرۆید ئاشکرای
کردووە، شاعیرەکەی هاوڕێمان ژەنەرالی پایتزی
تێدا ژیاوە:

کەچی ژووانی یار نەیزەکن بوو...
کشا و مامەوە لە گەڵ تەنیایی

ژەنەرالی پایتز لە ڕووی بونیادی دەروونی
و عەقڵییەوە، ئامادەبووە بۆ خۆکوشتن، بەڵام
هەرگیز ڕاستەوخۆ ئەوەی لە شیعردا نەوتووە،
بەڵکو ناڕاستەوخۆ ئەوەی داوە بە گوێماندا
کە ڕۆژێک دادێت ئەویش خۆی دەکوژێت. لە
ڕێگەی شیعرەوە، هەوڵی بیانووهێنانەوە بۆ
خۆکوشتنەکەی دەدا:

کە خوێنی خۆمم ڕشتە تابلۆوە...
کە زانیم ئێتر خۆر لێم هەڵنایەت...
من گوڵەی مەرگم نا بەخۆمەوە...
چونکە (بەدبەختی کۆتایی نایەت)

ژەنەرالی پایتز دەیەوێت لە پەنای ڤانکوخەوە
ڕەوایی بە خۆکوشتنی خۆی ببەخشێت.

چونکە نە بەدبەختی ڤانکوخ و نە تەنیایی ژەنەڕالی پاییز هیچیان کۆتاییان پێ نایەت.

بە دروستی سیوپێنج ساڵ پاش نووسینی ئەوە شیعرەی بۆ ڤانکوخی نووسیوە، لە ئێوارەیەکی پاییزی ساڵی ٢٠١٩دا خۆی کوشت. جیاوازی نێوان خۆکوشتنی نێوان ئەم دوو داهێنەرە لە جیاوازی تەکنیکەکانی خۆکوشتندایە، یەکیان بە فیشەک و ئەویتریان بە خۆهەڵواسین بە حەبل. هەریەک لە یەسەنین و ڤانکوخ، ئاوێنەیەکبوون و ژەنەڕالی پاییز خۆی تیایاندا دەبینییەوە. ئەو دەرکەوتەیەکی ڕۆحی ئەوانبوو لە زەمان و زەمینە و زمانێکی تردا. ئەوە کۆمەڵگەی ئێمە و دەزگا کولتوورییەکانی ئێمەبوو درکی بەوە نەکرد ئەم شاعیرەمان لەسەر کەناری خۆکوشتنە!

شاعیر و تیۆریستی شانۆیی، ئەنتوان ئارتۆ لە کتێبێکیدا بە ناوی» کۆمەڵگە ڤانکوخی کوشت»4 تەواوی کۆمەڵگەکەی و دەزگا کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ڕۆژگارە تاوانبار دەکات بە کوشتنی ڤانکوخ، چونکە کۆمەڵگە ڤانکوخی فرێدابوویە دەرەوەی خۆیەوە، تێڕوانینەکانی بۆ ژیان وایانکردبوو وەک تەنێکی نامۆ سەیر بکرێت، تەنانەت ئەو کاتەی پارچەیەک لە گوێی خۆی بڕی خستیانە نەخۆشخانەی دەروونییەوە. تەنانەت ئارتۆ کە بەرگری لە ڤانکوخ کرد هەر خۆیشی بەهۆی تێڕوانینە ناباوەکانییەوە، دوارۆژەکانی ژیانی لە نەخۆشخانەی عەقڵی بەسەربرد! ئەگەر کۆمەڵگەی هۆڵەندیی ئەو ڕۆژگارە و دەزگا کولتووریەکانی، ڤانکوخیان گەیاندبێت بە خۆکوشتن، ئەوا کۆمەڵگەی کوردی و دەزگا کولتووریەکانی ئێمەیش پێویستە باجی وێژدانیی بدەن، چونکە ئەو هاوارە شیعرییانەی ئەم شاعیرەمان بە گرنگ وەرنەگرت، شتێکمان نەکرد بۆ پەشیمانکردنەوەی

لە خۆکوشتن!

جیل دۆلۆز کە لەگەڵ فلیکس گۆتاری، خاوەنی چەمکی کەسێتی چەمکسازییە، لە باڵەخانەیەکەوە خۆی فڕێداوەتە خوارەوە و بەو هۆیەوە گیانی لەدەست داوە، هەندێک ئەم خۆکوشتنە بە خۆکوشتنێکی فەلسەفیانە ناو دەبەن، وەک ئەوەی لە شوێنێکدا ئیتر وەڵامێکی بۆ پرسیارە فەلسەفییەکانی پێنامێنێت. ئایا دەشێت خۆکوشتنی ژەنەڕالی پاییز هەر دۆخێکی شیعری بێت و زمان لەوە زیاتر بەهانایەوە نەڕۆیشتبێت؟

ئەو تەنیاییەکی قوڵ دەژیا، قوڵتر لەوەی سیگمۆند فرۆید پێی وابوو ئەگەر ڤانکوخ باوەشی ژن و ئەفێنێکی هەبووایە زیاتر دەژیا، ژەنەڕالی پاییز لە چاوپێکەوتنێکی ڤیدیۆیدا وتوویەتی: «تەنیایی بە سەرینێکی دوو کەسی کۆتایی نایەت!» ئەو قسەیەش بڕێکی زۆر لە ڕاستی تێدایە، چونکە مرۆڤ بەتەنیا دێتە دنیاوە و بەتەنیاش لێی دەڕواتە دەرەوە. نەخێر مرۆڤ نایەتە دنیاوە، بەڵکو فرێدراوەتە ناوبەوە، ژەنەڕالی پاییز چاوەڕوانی ئەو دەستەی نەکرد لە دنیا بیباتە دەرەوە، بەڵکو خۆی ڕێگەی گەڕانەوەی گرتە بەر، بە شوێنپێی یەسەنین و ڤانکوخدا ڕۆیشت و بۆ یادگاریش لە دوای خۆی، دیوانێکی بچووک بەڵام گەورەی بۆ بەجێهێشتین. خۆکوشتنی ژەنەڕالی پاییز پرۆژەیەکی تاکەکەسیی و بڕیارلێدراوی ئەو بوو، بەڵام درەنگ جێبەجێی کرد.

ئیمیل سیۆران، کە بە نووسەرێکی ڕەشبین ناسراوە و بەردەوام باسی خۆکوشتنی کردووە، بەڵام هەرگیز خۆی نەکوشت و هەشتاوچوار ساڵ ژیا، بەڵکو هەمیشە باسی لەوە کردووە مادام ئیرادەی خۆکوشتنت هەیە، جارێ دوایبخە، دوایبخە بۆ کاتێکی تر. ژەنەڕالی پاییز چل ساڵێک پرۆژەیەکی خۆکوشتنەکەی دواخست، جارێک بە خۆمی وت: «خۆم ناکوژم، من بەتەنها مووڵکی خۆم نیم، نامەوێت ئەو سوێبە بچێتە دڵی دایکمەوە!» ڕۆژەکان هاتن و ڕۆیشتن، دایکی ژەنەڕالی پاییز، ژیانئاوایی لێکردین، ژەنەڕاڵم بینیەوە، پێکەوە ڕۆیشتین بۆ لای پزیشکی ددان، بۆ ئەوەی ددانی چارەسەر بکات، چەند ڕۆژێک دواتر هەواڵی خۆکوشتنەکەیم پێگەیشت، ئایا کەسێک بیەوێت خۆی بکوژێت ڕ نیازێکی بە چوونە پزیشک هەیە بۆ

4 - انطوان ارتو، ترجمه و تقدیم: عیسی مخلوف،ط١، ٢٠٢١.

.انجاککردن؟ ئایا ئەمە نیازی دریژەدان بە ژیان نییە؟
،گەر زمان دەفرێک بێت ئایدیاکانمانی تێدا هەڵبگرین،
،وا ئازارگەلێک هەن لە هیچ دەفرێکدا جێیان نابێتەوە
نابینرێن ئەمجۆرە ئازارە، لای کارل یۆنگ بە ئازاری
،بێنراو ناو دەبرێت. ئازاری نەبێنراو هەر کەسەکە
،ۆی لەگەڵ ئازارەکەیدا دەژێت، ئازارە نەبێنراوەکەی
،ەنەڕاڵی پاییز دەشێت ژیانئاواییکردنەکەی دایکی بێت، کە
،هۆیەوە چل ساڵێک پڕۆژەی خۆکوشتنەکەی دواخست.
،لام دایکی ژیانئاوایی نێکرد و ئەم هیچی بۆ نەنووسی!
،ەنگە ئازارە نەبێنراوەکەی ژەنەڕاڵ هێندە گەورەبووبێت
دەفری زماندا جێگەی نەبووبێتەوە، یەکێک لە عاریف
شاعیرە گەورەکان بە ناوی ئەلنیفەری لەبارەی زمان
ڕوانینەوە وتوویەتی: «کە ڕوانین و ڕوانگە فراوان
،بن، ئەوا گوزارشتکردن بەرتەسک دەبێتەوە.»5 دەشێت
ئاتەوەختی بەر لە خۆکوشتن وێستبێتی شتێک بڵێت، بەڵام
مان کۆمەکی نەکردبێت:
،گەر هاتوو بیستت خۆم کوشت بزانە کە...
،متوانیوە شیعرێ بڵێم ئازارمی تیا جێبێتەوە

1- محمد بن عبدالجبار بن الحسن النفری، تاریخ الاصدار:٢٠١٨.

پیاوێك له هەور*

به بیانووی تابلۆكانی ژەنەڕاڵی پاییزەوە

داستان بەرزان



گە ئەمتوانی دڵم دەربێنم...
ێ بتکێنمە سەر شوێنپێکانی
ک شوێنپێی سوور... بەسەر بەفرەوە...
ییەک نییە... شان با لە شانی.
ئەڕاڵی پاییز-

و ژەنەڕاڵ

وەریی من لەگەڵ شاعیر (محەمەد عومەر عوسمان)
راو بە (ژەنەڕاڵی پاییز) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نەوەتەکان،
ئەوکات منداڵێکی حەوت بۆ هەشت ساڵان بووم، بەو
ی کاکە حەمە لەگەڵ چەند شاعیر و هونەرمەندێکی
ەی ئەو ڕۆژگارەدا، هاوڕێی نزیکی باوکم (بەرزان
ەر) بوون.
ەنگی و غەمگینییەکەی ئەو دەستەیە لە هاوەڵانی باوکم،
منێکی منداڵ لەو قۆناغەدا شتێکی سەرنجڕاکێش بوو،
ابیەت کە دەمبینین بۆ ماوەی درێژ لە ژوورێکی ماڵی
ڕمدا وەک ئەوەی خەڵوەت بکێشن دەمانەوە و ڕۆژ و
ویان بەڕێدەکرد، ئەو کاتانە هەندێک ورتەورتی نێوان
یان و دەنگی گۆرانییەکانی داریوش نەبێت هیچی دیکەیان
ەدەبیستراا من دەنگی (داریوش و شیعر)م بەهۆی
انەوە ناسی، ئەفسوونی ژووڕە پڕ لە دووکەڵەکەی ماڵی
یر و هەرێەک لەو کەسانەی ئەو ڕۆژانە تێکەڵ بە دەنگی
یوش تاکو ئێستاش لە منداکاریگەرییان هەیە!
ەوە ناچێت کەس هەبێت کێشەی لەگەڵ شاعیربوونی
حەمەد عومەر عوسمان)دا هەبێت، شاعیربوونێکی چڕ
بەرجەستە لە تەواوی ژیانیدا، شاعیربوونێکی پەتی
بێگەرد کە لەگەڵ یەکەمین بەرکەوتنت بە قسە هەرە
ادەکانی لە گیانیدا بەدیار دەکەت! ئاخر ئەو لە جۆری
و شاعیرانەبوو، نەک تەنیا لە میانی شیعردا، بەڵکو لە
ەرجەمی ژیانیدا شاعیربوو، بگرە بۆ خۆی فیگۆرێکی
یعریی بوو، وشە بوو باڵی گرتبوو، زۆرینەی کات بە
ەقام و کۆڵان و باخچەکانی شاردا دەگەڕا، هەر لە
ووڕەوە بە شێوازی جلوبەرگ و ڕۆیشتن و تەنانەت
ێشانی جگەرەکەیدا، لانیکەم دەتبینی کەسێکی گشتی و
اسایی نییە، کاتێکیش زیاتر لێت دەڕوانی درکت دەکرد،
یاوێکە نزیکە لەگەڵ ئازارە خودیی خەمە مرۆییەکانیدا

دەبێتە هەورا هەورێکی خەست بۆ بارینێکی بەخوڕ...
پیاوێکی باڵابەرز وەک سنەوبەر، بە پاڵتۆیەکی دریژی
کاپیەوە کە لە ڕەنگی گەڵای زەردی پاییزی دەکرد، قژێکی
سپی کە زۆرینەی جار دریژ بەسەر شانەکانیدا پەرش،
پانتۆڵێکی قوماشی ڕەش یان قاوەیی... نزیک لە پانتۆڵەکەی
مایکۆفسکی، پێڵاوێکی چەرمی خاوێن لە پێیدا. جگەرەیەک
بە دەستی ڕاستییەوە، کە ئەنگوستیلەیەکی زیوی نەقیمدار
لە یەکێک لە پەنجەکانیدا بوو، پەنجەیەک کە دەتگوت
چڵەدارێکی وشکەوەبووە، هەندێک جار دەستبەندێکی
زیویش لە مەچەکی باریکی هەمان دەستیدا، شل و شۆڕ
دەینواند، بە هەنگاوی دریژ و لەسەرخۆ دەڕۆیشت، بە هێمنی
لە دەوروبەری دەڕوانی و خەمی لە زۆر شت دەخوارد،
شتە هەرە فەرامۆشکراوەکان، ئەوانەی زۆرینەی خەڵکی
نایانبینن، منداڵێکی دەستگیر، ژنێکی پیری کۆمەوەبووی
دەستی هەژاریی، پیرە پیاوێکی لێقەوماو... تاکو دەگەیشتە
دزێوییەکانی دەستەڵات، لەوێشەوە بۆ دایکی، پاشان
خەمی ئەو هاوڕێیانەی لە ئەنجامی نالەباری ژیان
ستەمیان لێکرابوو... بیرمە زۆرجاران باسی شەهید
(بەکر عەلی و باوکم)ی دەکرد، وەک دوو قوربانی
دەستی نادادییەکانی ڕۆژگار.
ئەوەی لە (ژەنەڕاڵی پاییز)دا بۆ من هەمیشە
جێگەی ڕامان بوو، مرۆڤ بوو، مرۆڤێکی شاعیر،
مرۆڤێک هاکا لەتاو تەنیایی بووە سەهۆڵ، هاکا
بووە درەختێکی سەرمابردووی دەم ڕەشەبا،
شاعیرێک کە گیانی شیعرەکانی لە گیانی خۆیدا
هەڵگرتبووە و بەبێ بوونی هێڵێک لە نێوانی خۆی
و شیعردا، ئەزموونێکی ژیانێکی شاعیرانەی
دەکرد... شاعیرانە بیری دەکردەوە.. شاعیرانە
دەپەیڤی، بەو دەمانەشەوە کە تووڕەییەکەی
سەری دەکرد، ئەو وەک شاعیرێک تووڕە دەبوو،
وەک شاعیرێک گلەیی دەکرد و خەونی دەبینی
و باشی سەردەمەکەی دەکرد، کە دەکرێت بڵێن:
محەمەد عومەر شیعر دەژیا، کە بەداخەوە ئەو
دۆخی شیعر ژیانە لەلای ئەو ببووە جۆرێک
لە بەدبەختی، چونکە لە وەها کۆمەڵگەیەکدا
کە بەهای تاکایەتی مرۆڤ هیچ شوێنێکی

نییە، کارێکی سەختە بتوانیت شیعر بژیت!
ئەو زۆر جیاواز لە زۆرینەی ئەوانەی وەک شاعیر ناسیومن و پاشان نیوانێکی زۆرم بەدیکردووە لەگەڵ خۆیان و شیعرەکانیاندا، بە ڕادەیەک بۆ ساتێکش هەستم نەکردووە، هەمان ئەو مرۆڤە بن کە ئەو شیعرانایان نووسیون! ئەو شیعربوو!

ژەنەڕاڵ و نیگارکێشان

ئەوەی لەم دەرفەتەدا دەیخەینەڕوو، دیوێکی دیکەی داهێنەرانەی (ژەنەڕاڵی پاییز)ە، جیاواز لە شیعر، چونکە وەک ئاشکرایە ئەو زیاتر وەک شاعیر ناسرابوو، لەوەشدا ئەوەی مایەی سەرنج بوو ئەو لەنێو زۆرینەی چین و توێژەکاندا ناسرابوو، بەو هۆیەشەوە خەڵکێکی زۆر خۆشیان دەویست و ئارەزوویان لە قسە و شیعرەکانی بوو، بەڵام کەمترین کەس ئاگاداری لایەنێکی دیکەی بەهرەی ئەو بوون، ئەویش هونەری شێوەکارییە، لەناو ئەو هونەرەشدا نیگارکێشان، کە لە زۆرجار لەو جارانەی لەگەڵی دانیشتووم و سەبارەت بە خولیانی خۆی قسەی کردووە بە ڕوونی پێوەی دیاربووە لەپاڵ شیعرەکانیدا هاوکات تابلۆکانیشی بۆ گرنگ بوون، بەڵام ئەوەی هەمیشە وەک جۆرێک لە پرسیار لە منداڵ دروست دەبوو، چۆنە تاکو ئێستا بیر لە کردنەوەی پێشانگەیەک بۆ تابلۆکانی ناکاتەوە؟ بەڵام دواتر بیرم لە تاقانە دیوانەکەی دەکردەوە کە سااڵنێکە چاپی لە بازاڕدا نەماوە و بە شێوەی کۆپی دەستاودەست دەکات و ئەو ئامادە نییە چاپێکی نوێی بکاتەوە، تێدەگەیشتم کە کەسێکی بێباکە لە بەرانبەر نمایشکردنی کارەکانیدا، چ شیعر، چ تابلۆ، ئەو بێباکییەش لە بێباکییەکی داهێنەرانەوە سەرچاوەی دەگرت. چونکە زۆربوون لەو کەسانەی توانای داهێنانی گەورەیان هەبووە و کەچی لە چۆنێتی گەیاندنی داهێنانەکانیان بە ئەوانیتردا خەمسارد و کەمتەرخەم بوون، بەو جۆرەش خەڵکی بە تامەزرۆییەوە گەڕاوە بە شوێن بەرهەمەکانیاندا، بە پێچەوانەی زۆرینەی ئەوانەی زۆر لە بەردەست و چاودا بوون و بە چەندین جۆری جیاجیا کاریان لەسەر نیشاندان و پێشکەشکردنی تواناکانیان کردووە و خەڵکی پێشوازییەکی ئەوتۆی لێنەکردوون.
ئەوەی گرنگی تابلۆکانی ژەنەڕاڵی پاییز دەردەخات ئێستایە، ئەوەتا ئێمە پاش مەرگی و بەو هەموو نادیارەی لایەنی شێوەکاریی ئەو تەواوی ئەو کارانەی بەردەستبوون کۆمان کردنەوە و لە چەندی سااڵی ڕابردوودا لە پێشانگەیەکدا خستمانە بەرچاو، هاوکات کارەکانی بە شێوەی سکان ئارشیفکراون کە ئەوەش ڕێگەیەکی باشە بۆ پاراستن و گەیاندنیان، ئەمەش ڕەنگە بەهای لای کەسانی خۆی هەبێت، بەتایبەت ئەوانەی لە داهاتوودا بیانەوێت کار لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی ناوبراو بکەن.
لە یەکێک لەو جارانەی سەردانم کرد بۆ شوقەکەی لە گوندی ئەڵمانی، لە یەکێک لە ژوورە چۆڵەکانی ئەوێدا چەند تابلۆیەکی نوێی نیشاندام کە وتی: هەندێکیان تۆزێکی تر کاریان ماوە، ئەگەرچی من لەو کەسانەم ئیشەکانم لە سەرەتادا کێشەیان نییە، بەڵام دواتر کە زیاتر دەستکارییان دەکەم دەبنە یەک پارچە کێشە، تاکو ئەو ئاستەی چیتر ئیشەکە بە کەڵک نامێنێت، یەکێک لەو تابلۆیانەی لەو ڕۆژەدا بینیم کارێک بوو ڕووبەرێکی زۆری لە ڕەنگی سوور پێکهاتبوو، کە ڕەنگێکە هونەرمەندانی ئەو بواره هەروا بە ئاسانی ناتوانن ڕووبەری زۆری کارێکیانی بۆ تەخان بکەن، ئەمەش لە ڕووی ڕوانین و بنەماکانی ڕەنگ و دنیابینییەوە هۆکاری خۆی هەیە و ئەم نووسینەی تایبەت نییە بەو باسە، بەڵام لە بیرمە سەرجەمی کارەکان ڕەهەندێکی پاییزانەیان تێدا بەرجەستە دەبوو، بۆ ئەوانەی کە شیعری ئەویان خوێندبێتەوە هەر بە بینینیان دەزانێت کە ئەمانە کاری هەمان ئەو کەسەن کە شیعرەکانی (لە غوربەتا)ی نووسیوە، یاخود کەسێکە کە کاریگەرە بە دنیا تایبەتەکەی ئەو کە ڕوانینە لە ژیان لە پەنجەرەی پاییزەوە، دواجار تابلۆکانی هاوشێوەی پارچەی بەجێماوی شیعرەکانی ئەون، بە وردبوونەوە

، بۆ دەرکەوێت قسەی دڵی ئەون بەڵام لە جیاتی وشە
ـطـچە و ڕەنگ و هێڵ کێشاونی، دەکرێت بڵێین تەواوی
کانی ئەم شاعیرە بڕگەی کورتی شیعرین و هەر زوو
.نیا تایبەتەکەی خۆیان بارگاوییمان دەکەن و لەگەڵ
بوونەوەی زیاتریاندا قوواڵتر دەمانبەنەوە بۆ ناو کەشی
ەرە پاییزییەکانی دیوانی (لە غوربەتا).

ێت چاوت لەسەر تابلۆیەکی بێت و خەیاڵت بۆ هەندێک
ەرەکانی نەچێت، بگرە هەندێک تابلۆی بە جۆرێکن کە
ست دەکەیت تەواوکەری هەمان کەشی شیعرەکانین،
پێچەوانەشەوە لە بەشێکی زۆری شیعرەکانیدا
ی سازاندنی وێنەشیعرییەکان بە جۆرێکن لەگەڵ
ێندنەوەیاندا هاوشێوەی تابلۆیەکی بینراو لە بیری
ێنەردا خۆیان دەنەخشێنن. وەک ئەو بڕگەیەی لە شیعری
ڕست)ەوە بۆ سەرەتای ئەم نووسینە وەرمانگرتووە،
ەندەی ئاگاداریش بم هەر خۆی ئەم دیمەنە شیعرییەی
دۆتە تابلۆیەکی هونەریی.

ِاجار کۆی هێڵ و ڕەنگەکان لە کاری ژەنەڕاڵی پاییزدا
توانایەکی تەواو شاعیرانەوە مامەڵەیان لەتەکدا کراوە،
یە دەبینین کارلێکێکی تەواو شیعرییان کردووە و بینەر
گەڵ تەماشاکردنیدا بە ڕوونی درکی پێ دەکات! لەبەر
ەوەی تابلۆ و شیعر لای ئەو دووانەیەکی سەرەکی بوون
ۆ گوزارشتکردن لە جیهانە تایبەتەکەی خۆی و لەو
ەونگەیەشەوە لە نێوانی ئەو دووانەدا جیاوازییەکی بەرچاو
ەبوو، شیعر بنووسێت یاخود تابلۆ بکێشێت لە ئەنجامدا
ڕۆڤێکی بەهرەمەندە کە پاییز بۆتە تێمای کارکردنی و
ە چەندین گۆشەنیگای جیاوازەوە گەڕاوەتەوە سەری و
وانیویەتی ڕەهەندی دیکە و ڕوانینی تر بە پاییز ببەخشێت
کە پێشتر هیچ نووسەر یان هونەرمەندێکی کورد وەها
ەمەڵەیەکی لە تەک ئەم وەرزەدا نەکردووە.

ژەنەڕاڵی پاییز مرۆڤێک بوو بۆ شیعر سازابوو، ئەو
هەرچەندە کەمی نووسی، بەڵام بە جۆرێک کاریگەربوو،
توانیویەتی لەنێو سەردەمەکەی خۆیدا و سەبارەت بە
شیعری نوێی کوردی دەنگ و ڕەنگێکی تایبەت و جیاواز
بێت، شاعیربوونی ئەو لە کۆی تابلۆکانییدا زیاتر خۆی
تەواو دەکات، تەنانەت لەو چەند چیرۆکە کەمەشیدا کە لە
سەرەتاکانی نووسینیدا نووسیونی ئەم پیاوە هەر شاعیرە،
بەرچاوترینیان چیرۆکێکە بە ناوی (هەور)، کە بە ڕوونی
دیدە شاعیرانەکەی لە سەرجەم ڕەگەزەکانی چیرۆکەکەدا
ڕەنگی داوەتەوە، سەرەنجام هەرکام لە هۆکارەکانی
دەربڕین بۆ ئەوێکی پاییزنشین، ڕوانینن بوو لە جیهان لە
پەنجەرەی پاییزەوە!

ژەنەڕاڵ و تابلۆکانی

گرفتی ژەنەڕاڵی پاییز لە بواری تابلۆکێشاندا ئەوەبوو کە
هەرگیز نەیدەتوانی بۆ ماوەیەکی بەرهەمەکانی هەڵبگرێت،
بەڵکو وەکو خۆی دەیگوت: پاش ماوەیەک بە هەر هۆیەک
بێت لەناویان دەبات، کە ڕەنگە ئەوەش لە نیگەرانییەکی
هونەرمەندانەی ئەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، چونکە کاتێک
لێم پرسی: بۆچی؟ گوتی: چونکە بە تێپەڕبوونی کات لەبەر
چاوم دەکەون و ئەو ئارەزووەی سەرەتام بۆیان نامینێت
و هەستەکەم دەتوانم کاری باشتر بکەم!

لەو سۆنگەیەوە ژەنەڕاڵی پاییز زۆربەی کارەکانی
بەخشیونەتە هاوڕێ و دۆست و کەسانی دەوروبەری،
تەنانەت کاتێک ویستمان کارەکانی لە پێشانگەیەکدا
کۆ بکەینەوە ماوەیەکی بەرچاوی ویست تاکو
کارەکان لە بەشێک لەو کەسانە وەربگرین کە
بەرهەمی ئەویان لابوو، دواجار ئەوەش دەکرێت
تایبەتمەندییەکی ناباوی ئەو بێت وەک نیگارکێش،
کە لە ڕاستیدا سەبارەت بە هونەرمەندانی شێوەکار
کارێکی نامۆیە کەسێک بەوجۆرە مامەڵە لەگەڵ
بەرهەمەکانی خۆیدا بکات! چونکە هێندەی لە
هونەرمەندانی نیگارکێشم بینیوە و بیستووە،
قورسترین کارێک بەخشینی تابلۆیە بە کەسانی
تر بگرە ئەو کارانەشی فرۆشتوویانن، هەر نەبێت
مەبەستیان بووە بزانن بە کێی دەفرۆشن؟ بۆ چ
مەبەست و چ شوێنێکی دەوێت؟ ئەگەر ئەمانەیان
لەلا پەسەند نەبووبێت ئەگەر زۆرە تابلۆکەی بە
پارەیەکی زۆریش پێنەفرۆشن.

ئەوەندەی لە هاوڕێ نیگارکێشەکانم بیستووە
ئەوان زۆرجار تابلۆکانیان وەک منداڵێکی
خۆیان دێنە بەرچاو، بۆیە ئاسان نییە بوار
بدەن بۆ هەر جێیەک و کەسێک بشێت

تابلۆی بدەنی! هەڵبەت لای کاکە حەمەش وەها ئاسان نەبوو، وەکو پێشتریش سەرنجم خستەسەر بەخشین بۆ کەسانێک کە مەبەستی بووبێت، خۆشبەختانە بۆ خۆم یەکێک لەو کەسانە بووم کە دوو تابلۆی قەبارە بچووکی خۆی پێبەخشیم، بەڵام باش لە بیرمە بە سەختی ئەو بڕیارەی دا، چونکە جگە لەوەی هەمیشە منی وەک برازایەکی خۆی تەماشا دەکرد، بەتایبەت پاش مەرگی باوکم کە دەیگوت: ئێمە لە بەرزان تۆمان بۆ بەجێماوێت. هاوکات بۆخۆی هات لەگەڵم بۆ ماڵەکەم کە ئەو کات شوقەیەک بوو، تاکو بزانێت لە کوێدا و چۆن و بە چی تابلۆکان هەڵبواسێت، هەر خۆیشی هەڵیواسی و داوای کرد لەو شوێنەدا بمێنێتەوە.

مەرگ و کۆتایی ژەنەراڵ

ژەنەراڵی پابیز لە پاش خۆی دیوانێکی شیعریی بە ناوی (لە غوربەتا)ی بۆ جێهێشتووین، دیوانێک لە گێڕانەوەی پابیزدا هێندەی ئینجیل لە باسی (چیرۆکی مەسیح)دا غەمگینە، وشەکانی هێند لە دڵەوەن ژانیان زۆر زوو بە دڵ دەگات! دیوانێک لە ڕۆژگارێکدا دەنووسرێت شۆکێکی گەورەیە کەسێک بتوانێت بەو ئەندازەیە دەنگی شیعریی خۆی لە هەمووان جیا بکاتەوە! ئەوەش وا دەکات (مامۆستا شێرکۆ بێکەس) بە تاقانە دیوانی ئەدەبی کوردی ناوی بهێنێت.

لەپاڵ شیعرەکانی نێو دیوانی (لە غوربەتا)دا تابلۆکانی ژەنەراڵی پابیز ئەگەر بایەخیان پێبدرێت و لە کۆڕاسەیەکی شایستەدا کۆ بکرێنەوە، هاوتای ئەزموونە شیعرییەکەی پەیامی پابیزانەیان تێدا بەرجەستەیە!

دواجار مەرگ لەگەڵ کۆتاییدا بۆ کەسانی وەک ژەنەراڵی پابیز دوو شتی جیان، چونکە دەکرێت مەرگ لە ساتێکدا مرۆڤ لەم ژیانە بەرێتەدەرەوە، وەک بوونی فیزیکی، بەڵام هەرگیز ناتوانێت ئەو ڕووبەرە بسڕێتەوە کە مرۆڤ لەناو ژیاندا بە بوونی خۆی مانای پێبەخشیوە، بە تایبەت ئەگەر بێت و کەسەکە بەهرەدارێکی هاوشێوەی ژەنەراڵ بێت، ئاخر ئەو ڕاستە چیتر خۆی لێرە نییە، لێ وشە پابیزییەکانی چی؟ ئەی تابلۆ خەونئامێزەکانی؟ ئەی تووڕەیی و هاوار و نائومێدیی و سەرکێشییەکانی؟ ئاخۆ چ مەرگێک دەتوانێت دەنگدانەوەی داهێنەرانی وەک (ژەنەراڵی پابیز) لە جیهاندا بۆ هەمیشە ڕابگرێت؟ بەتایبەت مەرگێک بە ویستی خۆت بێت لە هەمبەر ئەودا دەبێت چی بێت لە خواستێکی خودیی زیاتر، مەرگێک لەتەک شیعر و تابلۆ و ژیانی ئەودا کۆی بەسەرهاتی شاعیرێکی ناوازەیان تەواو کرد، بەسەرهاتی شاعیرێک بۆ هەمیشە لەنێو دڵی پابیزدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

*هنزیکە لە دێرەشیعرێکی شاعیری ڕووسی (مایکۆفسکی) یەوە.

محەمەد عومەر عوسمان
لە فەرهەنگی جیاوازیدا

خەسرەو میراودەلی

له دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لەپال بوونی شاعیرانێکدا کە خەونی شیعرییان لەنێو بازنەی چەند بابەتێکی باو و گشتیدا بووە، لە خەمی نەتەوەیی ناسیۆنالیستییانەوە، بەرەو گوزارشتە مەئلوفەکانی جوانییەکانی ژن و ڕەنگانەوەی کەرەستە و بابەتەکانی ناو سروشت لە دەقەکانیاندا، لەوێوە ڕووەو بابەتی کۆمەڵایەتی، شاعیرێک دێتە ناوەوە بە دەنگ و ڕەنگی تەواو جیاواز و تایبەتمەندەوە. بە زمانێکت ڕوون و ڕەوان، بە وێنەی ناوازەی شیعریی و بە توانایەکی باشی تەوزیفکردنی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە، گوزارشت لە بابەتگەلێک دەکات کە ئاسان نییە بەم جۆرە زمانە سادەیە و بەو ڕێتمە موزیکە دەرەکی و ناوەکییە زاڵەوە، ئاراستەی وەرگر بکرێن.

خەم ئەنتۆلۆژی و نوخبەوی، زمان سادە و جەماوەری. لە باسوخواسی مەرگدا ژیان بەبەر شیعردا دەکات، لە سەروەختی قسەکردنیدا لەسەر پاییز، بە بەهاری زمان ئاشنامان دەکات. ئەو دەمەی لە وەرینی گەڵا دەدوێ، هاوڕێ لەگەڵیدا گەڵای ئەفسووناوی درەختی زمانمان نیشان دەدات.

لە سەردەمێکدا کە شاعیران و ڕووناکبیرانی، بە کۆ بیریان دەکردەوە و دەستەجەمعیانە بڕیاریان دەدا، هەمووان بە جۆرێک لە جۆرەکان لەسەر شێوازێکی باوی تێڕوانین بۆ شتەکان و دەربڕین لێیان ڕاهاتبوون، شاعیرێک دێت و بە تەنیا بیر دەکاتەوە. لەگەڵ سەلماندنی جیاوازبوونی خۆیدا، پێداگری لەسەر تاک دەکات، بەوەدا کە شاعیر دەبێت وەک خۆی بیر بکاتەوە و بپەیڤێت، بە تەنیا تێڕامان بکات و مامەڵەی جودا لەگەڵ وشە و بەکاربردنی زماندا بکات.

ئاوێنەی دەقەکانی ئەو ڕەنگدەرەوەی ئەوەن، ئەگەر دوو شاعیر وەک یەک بیر بکەنەوە و بنووسن، بە هەمان بیرکردنەوە و هەمان ئاست و فۆرمی دەربڕینەوە، ئەوا پێدەچێت یەکێکیان زیاد بێت! نەخوازەلا گەر هەزاران وەک یەک بیر بکەنەوە و بدوێن!

ئەو ناڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت، قەیرانی کۆمەڵگەرایی لە بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی دەقدا، کەوتنە دوای شێوازی باڵادەستی هزرین و دەربڕین، بە شێوەیەکی مسۆگەر مێگەلگەرایی بەدوادا دێت. هەر بۆیە ئەو لە ڕێگەی فەردانیەتی خۆیەوە دەخوازێت تێمان بگەیەنێت، ئێمە بۆ ئەوەی بەڕاستی شاعیر بین، دەبێت وەک تاک بیر بکەینەوە، بۆ ئەوەی کۆمەڵ لە قەیرانەکانی دەرباز بکەین، پێویستە تاک بە کێشە ئیندیڤیجوالییەکانی خۆیەوە سەرقاڵ بێت، نەک لە سایە و سێبەری کۆمەڵدا بیر بکاتەوە و دەقی ئەوانی دیکە کۆپی و کاوێژ بکات و هەمووان لە خۆی ڕازی بکات! نیگەرانی و پرسیار، گومان و گینگڵدان، دوودڵی و ڕاڕایی بەرانبەر ئەو دەقەی بەرهەممان هێناوە، هەرگیز لەپال بیرکردنەوەی مێگەلیانەدا نابنە خاوەنی مال، چونکە لە بنەڕەتدا بەرهەمی سووتانی ناو تەنیایی و توانەوەی هەناوی تاکایەتین. خۆ دیارە خەمە وجوودییە قوواڵەکانیش خەمی تاکەکەسیانەن، مرۆڤ وەک تاک ئازارەکانیان دەچێژێت و وەک خودێکی سەربەخۆ لەتەکیاندا دەژی.

قەیرانە ڕاستەقینەکانی شیعر، قەیرانی ئەنتۆلۆژین، کێشەی گەورەی سایکۆلۆژین، نەک کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی. لەنێو ئەو قەیرانانەشدا، مردن و غەریبی، یان ئیغتراب، واتە نامۆبوون، لەتەک تەنیایی، دیارترینی قەیرانە وجوودییەکانن:

سینەی پڕ ئاهم.. هەورێ تیا ئەگری و
لە چاوانمەوە... باران داناکا!
عومریشم بەفری بەر هەتاوێکە..
هەر ئەبێ بە شوێن مردنا ڕاکا (لە غوربەتا: ل: ٣٣)

مردن لێم گەڕێ.. ئەمشەو خۆم ئەمرم..
تا شیعرێ بێتمە بوون و ژینەوە
لە سەرابێکا... خوێنم ئەسووتێ...
بە سۆزی تاڤگە و چەمی شینەوە

•

مردن پێم ئەڵێ: تۆ تەواو شێتی..

ه جێی ژانتی تیا نابێتەوە
رخە سەر سنگم.. چاوانت لێکێن...
س نییە فرمێسک بخوێنێتەوە (ل: ٤١)

چی شاعیر هەموو ساتەوەختێکی لەناو مرۆندا دەژی،
م لێرەدا داوا لە مرۆڤ دەکات دەستبەرداری بێت، چونکە
لە خەمی نووسینی شیعرێکدایە کە هێندە سەخت دێتە
سین، مرۆڤێکە بۆ خۆی... واتە لەدایکبوونی شیعر
ئەو یەکسانە بە مەرگی خۆی، ئەمەش لە سەرێکەوە
شقی گەورەی ئەو بۆ شیعر نیشان دەدات، لە سەرێکی
کەشەوە یەکسانکردنی شیعر بە بەهای گیان، بەوەدا
تاکە بیانووی ئەو بۆ ژیان، ژیانە لەگەڵ شیعردا، یان
شیعرکردنی ژیانە.. واتە ئەوە شیعرە وامان لێ دەکات
رگەی ژیان بگرین و بڕوا بەوە بکەین کە نەمردووین،
واتە توانیومانە لە ڕێی شیعرەوە مانا بە ژیان و بوونی
زمان ببەخشین.
م هەموو توانایەوە، شاعیر لەسەر زمانی "مردن"
ڵێت: وشە جێی ژانتی تیا نابێتەوە، کەس نییە فرمێسک
خوێنێتەوە... واتە شاعیر چاوەڕوانیی زیادتری لە شیعر
ەیە و توانای خۆی کەمتر دەبینێت لەوەی پێویستە.
ن کەناری شیعرم بەسە، باوەشم بۆ بگرێتەوە
گەر هاتوو، بیستت خۆم کوشت بزانە..
متوانیوە شیعرێ بڵێم... ئازارمی تیا جێ بێتەوە! (ل:
٨)

هەسەووف

ەو کایە مەعریفیانەی شوێنی ڕاستەقینەی خەمە
جوودییەکانە، لە ڕوانینا بۆ مرۆڤ و خولیا و خەونەکانی،
ۆ ئازار و نامۆییەکانی، بە شێوازێکی تایبەتی ئیستاتیکی
فانتازی، بە زمانێکی سیمبۆلیک و ڕازئامێز، بواری
سۆفیگەرییە. یەکێک لەو هۆکارانەی بوونە لەمپەڕ لە بەردەم
گەیشتنی شیعری ئێمە بە ئاستی پێویست، بێئاگاییە لە
تەسەووف یان فارامۆشکردنیەتی. وەک لای هەموان
ڕوونە، لە دوای شاعیرانی کلاسیکەوە، باسوخواسی
تەسەووف و تەوزیفکردنی لە دەقی شیعریدا لای ئێمە
دیاردەیەکی دەگمەنە. هەندێکجاریش ئەو تەوزیفکردنە تەنیا
لە ئاستی هێنانە ناوەوەی زاراوەدا کورت بووەتەوە، بەبێ
ئەوەی شوێنی پێویستی خۆیان بگرن و بەکارهێنانەکانیان
ئەنجامێکی ئەرێنی ئەوتۆی لێ بکەوێتەوە، واتە بێئەوەی
لەم نێوەندەدا سەرکەوتنی ڕاستەقینە بەدەست بهێنن.
شاعیرەکەمان لێرەدا چەند هەوڵێکی هەیە، گەرچی کەم
و کورتەمەودان، بەڵام چڕ و پڕ و ماناداڕن و مایەی
ئاماژەپێکردن و نرخاندنن:
لەبەر ڕۆشنایی سووتانی خۆیا..
وێنەی گزنگی ئاوابووی ژینی دۆزییەوە... (ل: ٢٧)

لێرەدا ڕۆشنایی، نوور و ئیشراقە، دۆزینەوەکەش
بەقای دوای فەنایە، واتە ماناوەی ڕاستەقینەیە کە دوای
لەناوچوونێکی مانادار دەستگیر دەبێت.
ببم بە سۆفی و لە سارایەکدا...
خەو بە ڕوخساری خواوە ببینم!؟
ئاخۆ لە نوورا ئەمشارێتەوە..
گوێ ڕائەدێرێ بۆ سەدای شینم؟ (ل: ٣٦)

من میراتگری سەدان پاییزم...
هەتاوی خەمی من ئاوا نابێ
هەتاوێک ساردوسڕە وەک مردوو...
ڕەنگە... بوونیشم فرمێسکی خوا بێ!
*
خوا گەورەیی خۆی بە من بەخشیوە
بۆ ئازارەکان لە هەستکردنا (ل: ٤٤)

"ڕەنگە... بوونیشم فرمێسکی خوا بێ!"، دانانی
ئەگەرێکە بۆ یەکبوون لەگەڵ خوادا، هەروەها
ڕەنگدانەوەی خەمێک ئەوەندە گەورە بێت
سەدان پاییز بگرێتە خۆی، هەتاوی ئەم خەمە
ئاوابوون نەزانێت، وەک ئەوە وایە لە جۆرێک
لە ڕەهایەتیدا بژین، ڕەهایەتیش بۆ خۆی سیفەتی
خوایە، یان ئاماژەی هاوڕێیەتیبوونی ئەو زاتە
موتڵەقەیە.

وێناکردنی پاییز

یەکێک لە جیاکەرەوە دیارەکانی شاعیر، لە تایبەتمەندییەکانی ڕوانین و دنیابینی شیعریی ئەو، هاوڕێ بە تێڕوانینە فکرییەکانیشی، لە وێناکردنیدا بۆ پاییز خۆی دەردەخات. لەو ڕوانگەیەوە کە بە چەشنێک مامەڵە لەگەڵ پاییز و پێکهاتە و دیاردەکانیدا دەکات، کە نەک تەنیا لە نەوەی ئەودا کەس بەم ئاست و ئاسۆیە نەگەیشتووە، بەڵکو تا هەنووکەش لەم پلەیەدا و بەم شێوازە بڵند گوزارشتی لێ نەکراوە. چجای تێپەڕاندن و بەجێهێشتنی... دیوانەکەشی بە گشتی هەر دەربارەی پاییزە، لە زۆربەی دەقەکانیدا لانیکەم ئاوڕ لە دیاردەیەک، یان بابەتێکی پاییز دەداتەوە، ئامازەیەکی هەر پێ دەکات.

گەرچی دیوانەکەی ناو ناوە (لە غوربەتا)، بە ناوی درێژترین و جوانترین دەقی ناو دیوانەکەیەوە، بەڵام دەکرا ناوێکیشی لێ بنرێت کە بە ڕوونی ئامازە بۆ پاییز بکات، لە نموونەی (پاییزنامە). هەرچەند لە دەقی (لە غوربەتا)شدا لە چەندین کۆپلەدا هەر دێتەوە سەر پاییز، بەوەدا کە ئەو نە تەنیا شاعیرێکە پاییزیی، بەڵکو "ژەنەرالی پاییز"ە. تەنانەت ئەو کۆپلەیەی کە بوو بە وەسیەتێکی شیعرییانە (پاییزیانە)ی ئەو، کەوتووەتە کۆتاییەکانی ئەم شیعرەوە:

توخوا گەر مردم... گەڵا کفنم بێ...
دەمیشم پڕکەن لە گەڵای وەریو
تابووت و گۆڕم چڵی پاییز بێ و
تەرمم مەنێنە ناو خاکی تەزیو (ل: ٤٩)

چەند وێنەیەک

لەپاڵ ئەو دەق و وێنانەدا کە لە میانی ئەم کورتەنووسینەوە لەبارەی ژەنەرالی پاییزەوە، وەک نموونەی تایبەت دیاریم کردوون، بە پێویستی دەزانم چەند دێڕێک و چەند کۆپلەیەکی دیکە بخەمە ڕوو، بە ئومێدی ڕوونکردنەوەی زیاتری وێنە گشتییەکە، کە وتارەکە خۆیەتی:

ئێوارەیە و
داری پاییز ئاهەنگی مردن ئەگێڕێ..
گەڵا سەرچۆپی گرتووە... (ل: ١٩)

•

خۆزگە ئەمتوانی ئەو گەڵایانە
دەربهێنمەوە لە چنگی ساردی کزەی نیوەشەو
بە تاڵی شەنگی پەلکەزێڕینە کفنیان بکەم و
لە مەزارێکا... بیانسپێرم بە فریشتەی خەو (ل: ٢٢)

•

گوڵی چەند هەورێ... وا بوو بە چەپک
بروسکەیەکیش بوو بە گوڵدانی
گوڵدان ئەشکێت و بە هەناسەیەک..
باڵام تەڕ ئەکا... تاوەبارانی... (ل: ٣٥)

•

داد بۆ خوا ئەبەم... نەهێڵی بمرم...
تا خامەم ژانم ئەهۆنێتەوە
وەکو چۆن سااڵن بە تاڵی سپی..
یادی لە قژما ئەنووسێتەوە (ل: ٤١)

•

تەنیا منم کە لە میحرابی پاییزدا
بۆ گیانی زیندووی گەڵاکان..
نوێژی شەهید دائەبەستم... ناوی نانێم نوێژی مردوو (ل: ٩٢)

سەرچاوە: لە غوربەتا، محەمەد عومەر عوسمان، شیعر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: سااڵح بێچار، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، چاپی چوارەم، سلێمانی ٢٠١٩.

سەبارەت بە ژەنەڕاڵی پاییز... زۆر بە کورتی

بەرزان هەستیار

ڕەنگە دروست ساڵی هەزار و نۆسەدوهەشتا بێت... ئەو دەمە من تازە دەرفەتم بۆ ڕەخسابوو کۆمەڵێک نووسەری گەنجی ئەو کاتە بناسم و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هاوڕێیەتی من و جەمال غەمبار، کە جێی خۆیەتی لێرەدا جارێکی تر ددان بەوەدا بنێم کە کاک جەمال هاندەر و پشتوپەنایەکی تۆندوتۆڵی من بوو لە دنیای نووسیندا. هەر لە ڕێی ئەوەوە کە هاتوچۆی چایخانەی جمهوریم دەکرد، کە ڕێک کەوتبووە جێی پارکەکەی بەرانبەر سەرای سلێمانی... ئەو چایخانەیە وەک ئێستای چایخانەی شەعب بووبووە خاڵی کۆکردنەوەی نووسەر و هونەرمەندانی ئەوکات. یەکێک لەو شاعیرانەی کە لەوێ ناسیم کوڕێکی باریکەڵەی هەندێ جار تووڕە و هەندێ جاریش دەمبەپێکەنین و قسەی خۆش بوو، کە خەریک بوو وردەوردە دووکەڵی جگەرە تاڵی سمێڵەکانی زەرد دەکرد، ئەو گەنجە حەمە عومەر عوسمان بوو، کە لەوە دەچوو ئەویش چەند ساڵێکی کەم بێت هاتبێتە نێوەندە ئەدەبییەکەوە و هێشتا بەو بەربڵاوییە لە لای خوێنەرانی نەناسرابوو.

ڕۆژ هات و چوو تا منیش بەکاوەخۆ زیاتر چوومە نێو نێوەندەکەوە و تاکوتەرا شیعرم بڵاو دەکردەوە و وای لێ هات ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، ساڵی هەشتاوچوار بوو لەگەڵ کۆمەڵێک شاعیری هاوڕێمدا کە زۆربەیان وەک تەمەندا لە من هەڵکشاوتر بوون، لە حەوشەی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە سلێمانی، پێکەوە کۆڕێکی شیعرخوێندنەوەمان ساز کرد و حەمەش یەکێک بوو لە بەشداربووەکان و دوو شیعری خوێندەوە و دێتە بیرم کۆڕەکەش هاوڕێی نووسەر کاک "فاروق ڕەفیق" بەڕێوەی دەبرد. بەشداربووەکان زۆر بوون و هەریەکەمان کاتمان بۆ دیاریکرابوو خوێندنەوەی شیعرەکان، کە نۆرە هاتە سەر حەمە دوو شیعری لەبەر خوێندەوە، بەڵام کە گەیشتە دێڕەکانی کۆتایی شیعرێکیان، شیعرەکەی لەبیرچووەوە، بۆیە گوتی من هەموو نووسینەکانی خۆمم لەبەرە بە چیرۆکەکانیشەوە، نازانم بۆ ئێستا بیرم چووەوە، دەی وا لە سەرەتاوە دەیخوێنمەوە. لەو کاتەدا کاک فاروق پێی گوت تکایە کاتەکەمان کەمە، حەمەش وەڵامی دایەوە و گوتی ئیشمان چییە، هێشتا زووە و خۆر بە ئاسمانەوەیە. ئیتر ئامادەبووان دەستیان کرد بە پێکەنین و حەمەش لە سەرەتاوە ئەمجارە بەیێ بیرچوونەوە شیعرەکەی خوێندەوە.

ئەم بیرەوەرییە لەگەڵ خۆی ڕامدەکێشێتە نێو دنیا تایبەتەکەی ژەنەڕاڵەوە، کە لەو ساڵانەدا ئایدۆلۆژیا پانتاییەکی گەورەی لە شیعر و ئەدەبیاتدا داگیر کردبوو، بەڵام حەمە هەر لەو کاتەوە توانی هێڵێکی تایبەت بە خۆی بدۆزێتەوە و بە هاوڕێکانی بڵێت ئێوە بە ڕێی خۆتان و منیش دەمەوێت بە تەنها لەم ڕێیەی خۆمەوە گوزەر بکەم... ڕێیەک کە زۆر جار دەبووە مایەی ڕەخنە و تاوانی ناڕۆمێدیی و ڕەشبینیی دەدرایە پاڵ، بەڵام ئەمە لەمپەرێک لە بەردەم حەمە عومەردا، ئەگەرچی لەچاو شاعیرانی تردا زۆر کەم شیعری دەنووسی و هەر کاتیش پێیان بگوتایە بۆ وا کەم دەنووسیت، هەمیشە وەڵامێکی لابوو، دەیگوت ئینسان لە ساڵێکدا چوار شیعری جوان بنووسێت بەسە، ئەوەتا "هیوم" تەنها چوار پێنج شیعری هەیە و "ئەزرا پاوەند" لە پێشەکیی دیوانەکەی خۆیدا بۆی بڵاوکردووەتەوە، بەڵام خاوەنی ئەو ناوبانگەشە.

بە تێپەڕبوونی کات حەمە عومەر لە دنیای شیعری کوردیدا بووە ڕەوتێک، کە دواجار شوێنپێهەڵگر و لاساییکەرەوەیەکی زۆری بۆ پەیدا بوو، تاقانە دیوانەکەی "لە غوربەتا" وای لە زۆر نووسەر و ڕەخنەگر کرد کە نەتوانن خۆیانی لێ نەبان بکەن و کۆمەڵێک وتاری زۆری بە دوای خۆیدا هێنا، هەیانبوو وەک هەمیشە بە ڕەشبینیی و بێهوودەیی تاوانباریان دەکرد و هەندێکیش وازیان لە ڕووکەش و قسە باوەکان دەهێنا و قوواڵ ڕۆ دەچوونە جیهانە تایبەت و هونەرییەکەی حەمەوە.

ئەوەی لەم کۆرتەنووسینەمدا دەکرێت ئاوڕی لێ بدەمەوە و ناشمەوێت کاری ڕەخنەگران بکەم کۆمەڵێک یادەوەری

هەڵوێست و تایبەتمەندیی ژیانی حەمەیە، ئەو کەسەی
ر غەریب ژیا و زۆر تراژیدییانە خۆی مەرگی خۆی
ڵبژارد و پاییزی بە خۆیەوە بێکەس کرد.
ن تووڕەبوونەکانی ئەم مەخلوقەم زۆر خۆشدەویست،
ونکە زۆربەی جاران ئەو غەدرەی لە شیعر دەکرا
یهێنایە قسە و هەڵچوون و پاشانیش قاقای پێکەنینێکی
ئازار. دێتەوە بیرم ڕۆژێک لە بەردەم چاخانەی شەعب
ەستابووم و حەمەش لەوبەرەوە بە تووڕەییەوە دەرکەوت
ڕۆژنامەیەکیشی بە دەستەوە بوو، کە گەیشتە لام
انیم ڕۆژنامەی "الجمهورية" بوو، کە بە زمانی عەرەبی
ەردەچوو. گوتی دەفەرموو ئەم برادەرە چاوپێکەوتنێکی
م ڕۆژنامەیەدا لەگەڵ کراوە و دەڵێت ئەگەر لە "گۆران"م
بنەپەڕاندبێت، یان نەگەیشتبم بە "گۆران" واز لە شیعر
ەهێنم و ئەمەش یەکێک لە نموونەی شیعرەکانی
ۆیەتی و دەڵێ: "من دەمەوێ حوکمی زاتی سەرکەوێ"،
بتر لەگەڵ ئەوەدا وەک عادەتی خۆی قاقایەکی بەرزی
التەجارییانەی لێدا.
ادەوەریی زۆرم لەگەڵ ژەنەڕاڵی پاییزدا هەیە، ئەو ناحەقی
ەبوو کە بە خۆی بڵێ "ژەنەڕاڵی پاییز"، ئاخر کەم شاعیرمان
ەیە هێندەی حەمە پاییز و گەلا زەردەکانی لاواندبێتەوە،
ەر بۆیە چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد کەسێک هەبێت بتوانێت
ەک ئەو پاییزی خستبێتە ڕۆحییەوە. جارێکیان کە شیعری
سەرتاشێ شێرکۆ بێکەسی بینیبوو، پێی گوتم شێرکۆ
ەو شیعرەیدا "گوڵێ" لێ کردم. مەبەستی لە جوانی و
اوازەیی ئەو شیعرە بوو کە شێرکۆ بۆ پاییزی نووسیبوو.
احەقیشی نەبوو وا بڵێت، چونکە شێرکۆ لەو شیعرە کورتەدا
ە لوتکەی کارامەییدا لە پاییز دەدوێت و ناکرێت کە باسی
ایز دەکرێت خۆمان لە شیعرە ناوازەکەی "گۆران" و ئەم
ەیعرەی شێرکۆ و چەندین شیعری حەمە بکەین.
ڵێک لەنێو دڵی حەمەدا لێی دەدا کە سەرڕێژ بوو لە سۆز
ی میهرەبانیی. بەو بیدەرامەتییەی خۆیەوە ئەگەر دینارێکی
ە گیرفاندا بوایە لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بەشی دەکرد و
اوڕێکانیشی کەم تا زۆر چنگتووقاو نەبوون بەرانبەری
ی دەیانزانی حەمە لە دۆخێکدا دەژی، کە جگە لە نووسین
بان خۆمەستکردن، شتێکی تری لەم ژیانە جەنجاڵەدا بۆ
ەماوەتەوە. ئەگەرچی هەندێ جار ئەو بارودۆخەی حەمە
لای کەسانێک دەبووە مایەی سەرزەنشت و هەمان کاتیش
هەمان بارودۆخی شاعیر و نووسەرانی تری دنیایان بە
جۆرێک باس دەکرد و بە نموونە دەیانهێنانەوە و پێشیان
قبوڵ بوو، ئەوەش یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە زۆر
ئازاری "ژەنەڕاڵ"ی دەدا.
نووسین سەبارەت بە ژەنەڕاڵی و پاییز و دنیا جوانەکەی
زۆر زیاتر لەوە هەڵدەگرێت کە تەنیا لە چەند دێڕ و
گێڕانەوەی چەند بیرەوەرییەکدا قەتیس بکرێن، بۆیە من
لەم دەرفەتە کورتەدا هەر ئەوەندە دەنووسم و خاکی سەر
گلکۆی "ژەنەڕاڵ" و وشە بە وشەی شیعرەکانی ماچ دەکەم.



لەتیف هەڵمەت

وێنەیەک بە پێنووس: ژەنەراڵی پایيز، پایيزی ژەنەراڵ

ناوەندی هەشتاکاندا کۆمەڵەهۆنراوەی "لە غوربەتا"
ەوی دارستانەکانی زڕاند و ئیمزای خۆی لەسەر هەموو
لاکانی پاییزدا هەڵکۆڵی.

مەنی ئەم تەمتوومانی شیعر و غوربەتە... قەڵەمەکەی
ە لە گەڵای پاییز. گەڵای پاییزیشی لەژێر پێدا ڕاخستووە.
خەوانێکی سەرسپی گەڵای پاییزە. ڕەنگە نە کەس و نە
ۆیشی نەزانێ لە کەیەوە ئەم ئەرکەی پێ سپێردراوە.
سیش نازانێ کێ نازناوی ژەنەرالی پاییزی داوەتێ.

پارەی پێ نەبێت لە سەهۆلبەندان تووڕەترە و کە توانای
پینی چایەک و جگەرەیەکی بوو، ئەو ساتە لە دووکەڵی
گەرە و شەکری ئامێتەی چا، هێمنترە.

ەر ڕۆژێ بینیت بەناو چاخانەی شەعبدا دێت و دەچێ
بۆڵەبۆڵیەتی و شپرزە و چاخانەکە چۆڵ ناکا، ئەوە
ڵانە قەرزاری جگەرەفرۆشەکانی بەردەرگای چاخانەکەیە
گیرفانی بەتاڵە و بە خۆیدا ڕاناپەڕمێ بەبەر دەمیاندا
وزەر بکات نەوەک داوای پارەی ئەو پاکەت و جگەرانەی
ێ بکەن کە بە قەرز بردوونی.

ەر کاتێکیش بینیتان چا و جگەرە بۆ ئەم و ئەو دەکڕێ،
ەوە بزانن پارەیەکی بۆ هاتووە و حەز دەکات دڵی چەند
ەسێک لە هاوڕێکانی خۆش بکات.

ەر شاعیرێک باسی پاییز و گەڵای پاییز بکات، دەڵێ لە
نی دزیوە، یان بەڵای کەمەوە گومانی ئەوەی لێ دەکات
ەوی دزی بێت.

سۆفییەکی شێت و شێتێکی سۆفییە و لە هەردوو حاڵەتەکەدا
خەسڵەت و ئەدگار و مۆرک و سروشتی تایبەتی خۆی هەیە
ە نە بۆ شێتخانە دەشێ و نە بۆ کونجی خانەقای سۆفیان.

ەرۆێشێکی بێ شێخە و شێخێکی بێ دەرۆێشە و هەموو
ڕتە و کردار و هەڵسوکەوتێکی شاعیرانەیە و جارجار
کە سەرنجی بااڵ لاوازەکەی سەرە سپییەکەی دەدەی، وا
هەست دەکەی بەرانبەر شیعرێکی بااڵبەرز وەستاوی..
گەڵای شیعری لێ دەڕژێ... شیعر، شیعر، شیعر.

ئاوارەیی پاسترناک و خەم و شادیە ڕۆمانسییەکانی
یەسەنین و سەرکێشی مایاکۆڤسکی و شەوەسپییەکانی
دیستۆڤیسکی لە دڵیدا هەڵگرتووە و لەسەر بەرمالی
غوربەتدا دەگەڕێ و دەگەڕێ... بۆ خودای مەزن دەگەڕێ،
بۆ خودی دەربەدەری خۆی دەگەڕێ، بۆ ئەو شیعرە
دەگەڕێ کە سۆفۆکلیس و سافۆ و هۆمیرۆس و دانتێ و
شکسپیر و مەولەوی و مەحوی و کێ و کێ بە دوایدا وێڵ
بوون و نەیاندۆزییەوە.

کە پێدەکەنێ سڵی لێ بکە و کە تووڕە دەبێ زۆر بە هێوری
لێی وردە بەرەوە... ئەم بە هەموو مانایەکی شاعیری،
شاعیرە، لەبەر ئەوە حاڵەتەکانی پێچەوانە دەبێتەوە. ئەگەر
وا نەبووایە چۆن دەیتوانی دنیایەکی گەورە لە فرمێسک
و گەڵای پاییز و خەم و زەردەخەنە و چی و چی لەسەر
کۆمەڵێک کاغەز دروست بکات و ناوی لێ بنێ: لە غوربەتا.
لە بنەڕەتدا ئەندازیار نەبووە و ئەندازیار نییە، بەڵام ئەوەی
سەرنج لەو ئەپارتمانانەی بدات کە لە دووتوێی شەقامەکانی
جیهانی "لە غوربەتا" دروستی کردوون، دۆش دادەمێنێ
بەرانبەر بەو ئەندازیارییەی کە ئەو ڕۆحە دووکەڵاوییە
ئەنجامی داوە.

بەڵام مخابن ئەم شاعیرە لە هیچ ژوورێکی ئەپارتمانەکانیدا
جێی نابێتەوە و باشترین جێگەی ئەو بە درێژایی ڕۆژانی
هاوین و زستان، کورسی گۆشەیەکی چاخانەیەکە،
بە تایبەت چاخانەی شەعب، لەوێ سەرنج لە
وەرزەکانی داهاتووی غوربەت دەدات و بیر
دەکاتەوە و جگەرە دەکێشێ و ئاژاوە دەنێتەوە و
نوکتە دەگێڕێتەوە و قەرز دەکا و قەرز دەداتەوە و
ئەندازەی شیعرەکانی تاوتووێ دەکات و گەڵاکانی
پاییز بە باکان دەبەخشێ و پیاڵە دەشکێنێ و
خەڵک زوێر دەکا و خەڵک ئاشت دەکاتەوە و بیر
لەوە دەکاتەوە هەموو گەڵاکانی پاییزی داهاتوو
بکات بە نانی گەرم و بەسەر سوالکەرەکانی
ئەودیوی چاخانەکەدا دابەشی بکات.

*گەلاوێژی نوێ، ژمارە: ١٦، ١٩٩٩.

جارجار هەورەکان دەبنە پەنجەرە(*)

کورتەچیرۆکێکی محەمەد عومەر عوسمان

بەختیار حەمەسوور

م کورتەچیرۆکەی لە خوارەوە لەگەل ئەم چەند دێرەدا
و دەبێتەوە، نووسەرەکەی یەک لە شاعیرەکانی ئێمەیە
شیعری نوێی کوردیدا؛ محەمەد عومەر عوسمان (١٩٥٧
٢٢ی ١٠ی ٢٠١٩). کورتەچیرۆکەکە لە ژمارە (٢٤)ی
ڤاری (کاروان)، لە ئەیلوولی ١٩٨٤دا بڵاو کراوەتەوە.
وەندەی من ئاگادار بم ئەم کورتەچیرۆکە تەنیا
رتەچیرۆکی بڵاوکراوەی محەمەد عومەر عوسمانە و
چ چیرۆکێکی تری بڵاوکراوەیم نەدیوە، هەڵبەت پێشنیار
کەم بۆ هەر ناوەند و لایەنێک کە دەیەوێ لە داهاتوودا
وانی «لە غوربەتا» چاپ بکاتەوە، ئەم کورتەچیرۆکەش
بیر نەکات و بیخاتە دووتوێی لاپەڕەکانیەوە.
رتەچیرۆکی «هەور» لەو چەشنە کورتەچیرۆکانەیە
شیعرەوە نزیکن، ئەمەش سەلمێنەری ئەو بۆچوونەیە
ە چەندان نووسەری وەک تۆبیاس وۆلف و ئیزابێل
لێندی و... لەسەری کۆکن و گوتوویانە، کورتەچیرۆکی
ەرکەوتوو پتر لە هەر ژانرێک لە پارچەشیعرێکی
وانەوە نزیکە. کورتەچیرۆکەکە کابووسێک دەگێڕێتەوە،
کۆتاییدا، لە یەک دوو دیالۆگی دواییں دێڕەکانیدا
ئاڵەتە دراماییەکەی دەردەکەوێت و هەر ئەمەش دەبێت
نوختەی ڕووداونی چیرۆکەکە. لەم کورتەچیرۆکەدا
ەتوانین هەندێک دەربڕین و وشە ببینینەوە کە تایبەتن بە
ەرهەنگی شیعریی محەمەد عومەر عوسمان، هەرچەندە
شە مۆلکی کەس نییە، بەڵام خودی مامەڵەکردنی تایبەتیی
ووسەر لەگەل وشە و جۆرێک دەربڕیندا، دەتوانێت ببێتە
اسنامە و ناسێنەرەوەی شێواز و تایبەتمەندییەکەی.
ەر لە ناونیشانەکەوە؛ «هەور»، دەتوانین ژمارەیەکی
ۆر بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە دیوانی «لە غوربەتا»دا
بینینەوە، بەپێی ئەو چاپەی لەبەر دەستی منە(**)، ئەم
شەیە، واتا «هەور»، لەو دیوانەدا (٣٦) جار هاتووە.
اوکات هەندێک لە وشەکانی تری نێو ئەم کورتەچیرۆکە،
ەک: «تەم، گریان، چەخماخە، چەتر، پاڵتۆ، پەنجەرە،
ڵوور، تەمومژ، شەو» لەو وشانەن کە لە دێڕەکانی «لە
غوربەتا»دا بە لێشاو و شەپۆلئاسا دێن و دەچن. ئەمە
جیا لەوەی کە فەزای کورتەچیرۆکەکە هەمان فەزای
شیعرەکانی ناو «لە غوربەتا»یە، کە ئەویش خولقاندێکی
کەشێکی تا ڕادەیەک سامناک و کارەساوییە، کە تێیدا
کارەکتەرێک لە بیداریدایە، لە نیوەشەودا، ئابڵوقەدراو بە
تەنیایی و دەنگگەلێکی ترسناک، شەوێک کە «ئاسمان
نوقمی بڕووسکەیە» و سەرما و ڕەهێڵەش بەردەرگا
و بەرپەنجەرە بەرنادەن. هاوکات دەتوانین ئاماژە بۆ
ڕەگەزێکی بنجیتر و نیشتووتر لە دیوانی «لە غوربەتا»
بکەین، ئەویش ڕەگەزی گێڕانەوەیە، هەر ئەمەش مەیل و
نزیکایەتی شیعرەکان و ئەم کورتەچیرۆکەی پێکەوە توند
گرێ دەدات.

***

هەور
چیرۆک
محەمەد عومەر عوسمان

شمشێری ئاوابوون تازە خۆری سەربڕی بوو... تەمێکی
سوور ڕژابووە دەشت و هەرد و چیاکانەوە... چەند
پەڵەهەورێکیش بەسەر چیاکەوە، لە ئاهەنگی گریان
بەجێ مابوون.
من بەخیلی بە هەور ئەبەم، ئەو وەکو من بۆ
فرمێسک دانامێنێ، هەر کاتێک بیەوێ بگرێ ئەداتە
چەخماخە... دەست ئەکا بە گرمەگرم... لە گریانێکی
بە کۆلا ئەتوێتەوە، هەموو دنیاش ئەشواتەوە،
خەڵک لەتاوا چەتر هەڵئەدەن، پاڵتۆ لەبەر
ئەکەن، کەسیش لۆمەی ناکا، بەڵام من نە چەتر
هەڵئەدەم، نە پاڵتۆ لەبەر ئەکەم.. من و هەور
لە یەک ئەچین، تەنها ئەوە نەبێ، من لە ناوەوە
ئەگریم ئەو بە ئاشکرا، ئای... ئم... تاوێکی تریش
شەو دادێ، شەو... بێداری... چریسکەچریسکی
گڵۆپەکان، ژوورێکی تەنیا و پەنجەرەیەکی بێ
پەردە...
-پەڵەهەورێ دائەگرم و ئەیکەم بە پەردە بۆ
پەنجەرەکەم.
-تۆ لە ڕووناکیی بێزاریت؟
-نەخێر گەورەم.
-ئەی مەبەستت چییە؟

-ئەگەر هەفتەیەک خۆر ئاوا نەبێ، دنیا ئەسووتێ، دەریاکان ئەبنە هەڵم، سەرچاوەکان وشک ئەبنەوە.

-ئەتەوێ بڵێیت: کە ڕۆژ هەبوو ئەبێت شەوێش هەبێت؟

-ڕۆژ ڕاکردنە و شەوێش پشوو.

-کامیان سەرەتان؟

-نازانم، بەڵام من شەو لە ڕۆژ بێ ئارامترم.

-تێناگەم.

وەڵامم نەدایەوە... بە پەیژەی ئەو تەمومژەی ئاسۆدا هەڵزنام و پەڵەهەورێکم لە تڕۆپکی چیاکە کردەوە و موچرکەیەک بە گیانما هات... هەروەکو لەزگەیەک لە برین بکەمەوە، ئاوا هەرچۆنێ بێت... ئەمشەو زوو ئەنووم. چریسکەچریسکی گڵۆپی دارتێلەکەی کۆڵان بە شەوارەم ناخات، بە پرتاو خۆم کرد بە ماڵەوەدا و بێ ئەوەی کەس ئاگاداری ئەم کەینوبەینە بێت... کردم بە پەنجەرەکەمەوە و بە نیازی نوستن، پێڵووی چاوم نایە سەرێەک... تاریک و ڕوون لە گرمەگرمێک ڕاچڵەکیم، هەورەکە بوو.

-دیسان ئازاد وڕێنە ئەکات.

گوێم لە باوکم بوو ئەوەی بە دایکم وت، تومەس گوێی لە گرمەگرمی هەورەکە بووە. هەورەکە گریا... بەتاو فرمێسکی ڕشت، بەسەر نوێن و بیجامەکەمدا توایەوە... جا نازانم هەورەکە بۆ گریا، لەبەر ئەوەی گزنگی ئەو بەیانییەی لێ گرتبووم، یان بەسەر کۆڵیی منا گریا... چونکە لە سەرمانا خۆم گرمۆڵە کردبوو، دەرگای ژوورەکەم کردەوە، هەموو گیانم تەڕ بووبوو... دایکم سەیری کردم و زەردەخەنەیەک گرتی... خۆی کرد بە ژووردا و بەتانی دۆشەکەکەی هەڵگرت... بە نیازی وشکبوونەوە دای بەسەر دیواری نێوان خۆمان و دراوسێکەماندا و ڕووی کردە خۆشکە گەورەکەم و بە چرپە وتی: حەپسە... دیسان ئازاد میزی کردووە بە خۆیدا.

١٩٨٢/١٠/١٩

کەرکووک

پەراوێز و تێبینی:

(*): ناونیشانەکە لە دێرێک شیعری محەمەد عومەر عوسمان خۆیەوە وەرگیراوە.

(**): لە غوربەتا، شیعر، محەمەد عومەر عوسمان، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٢.

(***): لە نووسینەوەی کورتەچیرۆکەکەدا پاپەندبووم بە شێوەنووسینی نووسەرەکەیەوە، کە هەمان شێوەنووسینی دیوانەکەیەتی، بۆ نموونە لەبری «دە»ی کردار، تێکڕا «ئە»ی نووسیوە، منیش وەک خۆی دامناونەتەوە، تەنیا ئەو وشانەی کە پێویست بوون پێکەوە بنووسرێن، هەروەها ئەو چەند نوختەیەی بە دوای یەکدا دانراون و وا گونجاوتر بووە لەبریان تەنیا نوختەیەک یان فاریزەیەک هەبێت، گۆڕیومن.



ئانا بیللی

ئیدگار ئالان پۆ

وەرگێڕانی: محەمەد عومەر عوسمان

سالانێکی زوو... ئێجگار لەمەوبەر...
لە شانشینێک نزیکی دەریا...
کچێک ئەژیا... ئانا بیللی ناو
بە ناوەکەیا... ئەیناسنەوە و
ڕەنگە شێوەیتان بێتەوە بەرچاو
ئەوی پاکیزەش... ئەوەی خولیای بوو.. لە ژینا
ئەیویست
منی خۆشبوێ و ئەو بۆ من بێتە تەنیا خۆشەویست

* * *

من منال بووم و ئەویش منال بوو...
لەو شانشینەی نزیکی دەریا
خۆشەویستییەک یەکمان خۆشەویست
لە "خۆشەویستی"یش خۆی تێپەڕی بوو
گشت حەسوودییان بە ئێمە ئەبرد...
تەنانەت ئەوەش کە خۆی پەری بوو
هەر لەبەر ئەوەش هەر لە زووەوە..
لەو شانشینەی نزیکی دەریا
بایەک هەڵی کرد لە هەوریکەوە...
ئانا بیللییە دڵفڕینەکەم سەرتاپای بەستی
جا خزمەکانی هاتن و منیان لێ دوورخستەوە
تا بە خامۆشی لەو شانشینەی نزیکی دەریا...
بیخەنە دووتوێی مەزارێکەوە

* * *

بەڵێ هەروەکو "گشت کەس ئەزان لەو
شانشینەی نزیکی دەریا"..
چون فریشتەکان لە ئاسمانیشا وێنەی
من و ئەو بەختەوەر نەبوون..
لە حەسوودییا... بەسەر ئێمەدا...
داخی دڵیان ڕشت
هەربۆیە شەوێک بایەک هەڵی کرد لە
هەوریچکەوە...
بەدەم لەرزەوە ئانای جوانی کوشت

* * *

"خۆشەویستی"مان زۆر بەهێزتر بوو...
لە کەسانێکی زۆر بەتەمەنتر
"خۆشەویستی"مان زۆر گەورەتر بوو
لە کەسانێکی لە ئێمە ژیرتر
نە هیچ پەریێەکی ئاسمان و
نە هەر درندێ قوولایی دەریای کردۆتەوە مەنزل
بۆ ساتەوەختێ ناتوانن گیانم جیا بکەنەوە...
لە گیانی ئانای ناسکتر لە گول

* * *

دیارە هەر لەبەر ئەوەش مانگ هەڵدێ...
تا خەو ببینم بە ئانای هەردەم شۆخوشەنگەوە...
ئەستێرەکانیش بۆیە دەکەونە جریوەجریو..
تا ورشەوپرشەی چاوانی ئانام بۆ بکەنە دیاری
بۆیە شەوانە..
من لە کەناری دەریای هەمیشە دەم پڕ هاوار و
هەمیشە لەپاڵ گۆڕەکەی ئەوا
گۆڕی ئازیزم... بووکم.. ژیانم..
بێباک ڕائەکشێم لەبەر تەوژمی لافاوی شەوا

میژووی وەرگێڕانەکەی: سلێمانی . ١٩٩١

بڕوانە کتێبی:
GREAT TALES AND POEMS
OF
EPGAR ALLAN POE
ANNABEL LEE / P. P. 393 – 394

•گۆڤاری ئایندە، ژمارە (٨ . ٩)، ئازار . نیسانی ٢٠٠٠.

چەند وشەیەك لە سەفەرەكەی چێواردا

محەمەد عومەر عوسمان

عوسمان چیوار تۆرا و سەفەری کرد بۆ ئەو جیهانەی لێورێژی ئاسوودەی و دڵنیاییە... نە وشەی هەژار و دەوڵەمەند بوونی هەیە و نە ڕەش و سپی و نە ڕەنگ تف لە ڕەنگ دەکا و هەزارەها «ئەم»ی تر، تەنانەت لەو جیهانە نوێیەی ئەودا وشەی «مردن» بەو مانایەی ئێمە نە بوونی هەیە و نە مانا... ئەو دەمانبینن و ئێمە نایبینین، ئەو قسەکانمان دەبیستن و ئێمە چاومان لە زەدەخەنەکەی ئەو نییە... هەروەک جاران کەمدووە، هێمنترە، زۆر کەم دەمبینی، بە دەست بەرزکردنەوەیەکی هێمنەوە دەیوت: شاعیر گیان چۆنی... سەیابی[1] باکوور چۆنی... ئەو سڵاوەی ئەو زۆر شیرینتر بوو لە گەزۆ، زۆر سپیتر بوو لە بەفر. یادداشتی من و ئەو ئەوەندە نین، کەم و دەگمەنن، کە من وەک کەمی نان و شەکر لە ماڵەکانماندا، دەگمەنن وەک سۆز و خۆشەویستی هونەر لای ئەوانەی بۆنی ویسکی و خوێن و چڵکی پارەیان لێ دێ... دەگمەنن بەڵام پیرۆز و پڕمانان. ئێوارەیەک لە ئێوارەکانی چایخانەی شەعب، چیواری هەمیشە زیندوو چاپکراوێکی نیشاندام کە برادەران لە سوید ئاهەنگێکی خێرخوازییان بۆ کەسانی بە هەڵویست ساز دابوو، ناوی «ئەو» و منیشی لەسەر بوو، وتی: شاعیر گیان ئەوە تۆیشی تیای... وابووین بە سوالکەری نێودەوڵەتی... ئەفسووس ئێمەی مەحکوومی ئەم دەورە دڵمان بەو یارمەتییە خۆش بوو، هەرچەندە زۆر درەنگ گەیشت و لەو ماوەیەدا چیوار ئاگاداری کردمەوە، وتی: ئەوەندە قەرز مەکە مەبلەغەکە زۆر نییە. ئەو ڕۆژەش کە پارەکە گەیشت، بۆ ئێمە لە حەبێکی ئەسپرین زیاتر هیچی تر نەبوو... هەرچەند زۆرم لێ کرد نیوەی ئەو مەبلەغەی من وەرگرێ، وتی: ئاخر خۆیشم بۆم هاتووە. وتم: ئاخر تۆ لە من قەرزارتری. وتی: نەء، من باشم... بەڵام چیوار دەمێکبوو تۆزابوو، تۆزا بێ ئەوەی تووڕە بێ، سکاڵای کرد بێ ئەوەی جنێو بدا... لەنێو دنیایەک خەونی ڕەنگاوڕەنگدا، خەونی بە دۆزەخێکی فێنکتر‌ەوە دەبینی و دڵیشی هەر لەلای پەلکەزێڕینەکانی بەردەم هەڕەشەی تیرۆر بوو. ئێوارەیەکی تر لە ئێوارەکانی چایخانەی شەعب، کە تەقە و زرمەی پووڵەکانی دۆمینە ڕووی لە کزی بوو، گوێمان لە قسە خۆش و دەگمەنەکانی گرتبوو، برادەرێک بە چیواری وت: دەعوەتمان بکە. ئەو پێکەنی... دیاربوو بێ پارەیە. برادەرەکە پێی وت: خۆ ئێوە لە شانۆیی «ئەحەی کرنوو» پارەی چاکتان دەستکەوت. چیوار بۆی ڕوون کردەوە و وتی: هیچی وامان بۆ نەمایەوە، ناچاریش بووین لە ماوەی نمایشکردنەکەدا کرێی قەعاکەی زانکۆی سلێمانی بدەین و وتیشی خۆ دەمانتوانی بە کاک «...» بڵێین تەلەفۆنێک بۆ سەرۆکی زانکۆ بکا و پوولێکمان لێ وەرنەگرن... بەڵێ چیوار وەک هونەرمەندێکی ڕەسەن دوور بوو لەوەی هەندێ بابەت تێکەڵاوی هونەرەکەی بکا، دوور بوو لەوەی سازش بکا و هونەر بە پارە بگۆڕێتەوە... ئەو هەژارێکی دەوڵەمەند بوو... سادە بوو ڕ دینارێکی پێ بوایە ڕ هەزار... برسی بوایە یان تێر هەمان عوسمان چیوار بوو. بێ هەوا بوو، ماندوو بوو، دڵی ناسک بوو، دڵیان شکان، تۆزا... سەفەری کرد... چوو پشوو بدا. ئەو دەمانبینن و ئێمە نایبینین، ئەو قسەمان دەبیستن و ئێمە چاومان لە زەدەخەنەکەی ئەو نییە.

سلێمانی ـ ١٩٩٦/٦/٢٠

*ئەم چەند وشەیە لە چلەمین ڕۆژی سەفەرەکەی چیواردا بڕیاربوو بیخوێنمەوە، نەخوێندرایەوە و لەبەر نەبوونی «کات» داوای لێبووردنیان کرد. (م. ع. ع)

*گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٢)، ەی حوزەیرانی ١٩٩٧.

1 مەبەست بەدر شاکر سەیابی شاعیرە.

نامەیەک لە "کاروان عوسمان"ی هونەرمەندەوە
بۆ: "محەمەد عومەر عوسمان"ی شاعیر

سێیەمی لە حەپسی کەرکوکی عوسمان دەگەڕێتەوە بۆ چەند ڕۆژێک بەر لەوەی لەسێدارە بدرێت، ئەم پەخشانەیەی لە زیندانەوە بۆ محەمەد عومەر عوسمان ناردووە.

لەم بارەیەوە محەمەد عومەر عوسمان لە لێدوانێکدا باسی لەوە کردووە کە: "کاروان لە زیندانداو کۆمەڵێک پەخشانی نووسیوە و لە دەفتەرێکدا کۆی کردوونەتەوە و ناوی "گیتارێکی پرچسپی" لێناون."

***

پاڵتۆ

لە دووریتا ملکەچترم
لەو منالەی بێ باوک دەکرێ و
بێ نان دەنوێ
زامدارترم لەو شاعیرەی
بۆ شیعرێکی هەزارن جار دەتلێتەوە و
ژان دەیگرێ...
تاسەی دووریت لە گەروومایە تالاوێکی نەبڕاوەیە
مەگەر هەر من
توانای نۆشکردنیم هەبێ... تاکەی دووری چوار
وەرزی سال سەرمایەکی هێندە سەختە،
ڕۆژەکانی کردۆتە شەختە سەهۆڵێکی بێ
گیان و..
برادەر گیان دەڵێن: "ئەوی پاڵتۆی نەبێ
دەمرێ"
سەیرم لێ دێ تاوەکو ئیستا چۆن
ماوم؟ چۆن ماوی!؟
یان ئەو کاتانەی "محەمەد" عاشقم
ئەدی لە ئێوارە ساردەکانی غوربەتدا
هەرچەند باران سەری ماشوبرنجی
و پێستە وشکەهلاتووەکەی تەڕ دەکرد
و ئەو بەبێ پاڵتۆ دەبڕوانیە تەرمی گەلا
وەریوەکان، چۆن نەدەمرد!؟
ئەو نەمرد و وەرە ئێمەش با دەغیلەی منالێمان بە
پیلەقە بشکێنین و من گیتارێک بەم بە کرد و تۆش بە

دەستە تەزیوەکانت شیعرێکی خاکی بۆ بدرووی.
وەرە ئێمەش بێ پاڵتۆ بڕوانینە مەسەلەکان.

پێشکەشە بە دیوانی "لە غوربەتا"
یان باشتر وایە بڵێم: پێشکەش بە مامۆستای شاعیر
محەمەد عومەر عوسمان...

لەگەڵ ڕێز و دڵسۆزی خۆم و پەخشانەکامدا

کاروان عوسمان تۆفیق

*لە ئەرشیفی بنەماڵەی هونەرمەند "کاروان عوسمان"ەوە.

چەند وێنەیەک



چایخانەی شەعب، ئازاری ١٩٨٥

لە ڕاستەوە: عومەر مەرگەیی، عەبدولقادری دەباغی (مامە قالە)، سالح بێچار، محەمەد عومەر عوسمان، ئازاد بابان، ئەو کەسەی لە پشتەوە دەرکەوتووە جەمال کۆیی عەریزەنووسە.

(ئەرشیف: سالح بێچار)

کافتریای پەیمانگەی هونەرە جوانەکان – سلێمانی، سالی ١٩٨٦

لە ڕاستەوە: ئاکۆ عومەر، ئاکۆ کەریم، سۆران عوسمان، سەلام مستەفا، فەرەیدوون حەمەڕەشید، سالح بێچار، عوسمان فارس، سەرچل شەوقی، محەمەد عومەر عوسمان

(ئەرشیف: سالح بێچار)

بەردەم چایخانەی شەعب، سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو
لە چەپەوە: ڕزگار کەریم، محەمەد عومەر عوسمان، کامەران شەوقی، شەهاب
عوسمان، هاودەم سالح جاف، ئازاد بەرزنجی، ئارام حەمە بچکۆل
(ئەرشیف: ئازاد بەرزنجی)



محەمەد عومەر عوسمان، عەتا محەمەد
فۆتۆ: سەلاح حەسەن پالەوان



دلاوەر قەرەداخی، محەمەد عومەر عوسمان



عەباس کەمەندی، محەمەد عومەر عوسمان
فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان

سلێمانی، چایخانەی کاک عومەر، تەنیشت ستۆدیۆ حەبیب

١٩٩٩/٥/٣٠

لای ڕاستەوە: مەریوان عەلی، محەمەد عومەر عوسمان، شازین هێرش، فاروق هۆمەر، سیامەند هادی، دانا فایەق

لای ڕاستەوە: محەمەد عومەر عوسمان، کاروان سدیق، فاتیح عیزەدین



هونەر تۆفیق، محەمەد عومەر عوسمان
سلێمانی، بەردەم چایخانەی شەعب، ١٩٩٠